لاوان 30
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری‌دەکا

# پێرست

## ـ سیاسی

پێناسەیەکی کورت لە ..................... ئا: ڕەحیم قادری ل ٣
سەربازانی کۆمەڵێکی .............. و: موعتەسەم نوورانی ل ٦

## ـ ڕووناکبیری

ئێمە نەوەیەکی ............................. ئومید خزرنژاد ل ١١
هەڵوەستەیەك لە سەر .................... سامان کۆنەپۆشی ل ١٤

## ـ ئەدەبی

کۆرپە شێعرێکی ئاشقێنی .................. و: کامران مرادی ل ١٧
خەوی ژاکاوی فەرمانبەرێك ................ ن: هاوژین سلیوە ل ١٨
مردووناشتن . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . و: سەلاح نیساری ل ٢٠

## ـ کۆمەڵایەتی

چەند هەنگاوێك تا .............................و: نیان بداغی ل ٢٣
تووڕەیـــی ................... و: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور(چیا) ل ٢٥
خۆزگە منیش کوڕ بایەم ............... ل ٢٩
ڕاستی‌یەکی چەندە تاڵ! ................ و: سەید جەلال سالحی ل ٣٣

## ـ مێژوو

فەلسەفە کەی ........................... د. ئاکۆ بورهان محەمەد ل ٣٩
دەیلەمیا ن و تازیان .............. وەرگێڕان: کوێستان نەستانی ل ٤١
سەر کانیی(الراس الجین)و ................. ئا: بەشدار ئەکرەم ل ٤٥

## ـ نوێ قەڵەمەکان

بەسەرهاتی لەیلا ......................... و: ئەسرین حوسێنی ل ٤٧
هەر بڕۆ! .................................. و: ژیلوان حەسەنپوور ل ٤٩
دوا دیدار ................................. ن: هۆنیار کۆیی ل ٥٠
خۆشەویستی لە ................. دیمانە: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور (چیا) ل٥١
کیلیۆپاترا کێ بوو ......................... و: شەونم نوورانی ل ٥٤

## ـ زانستی

قەڵەو بوون ............................. ئا: گەلاوێژ باپیری ل ٥٥
ژمارەکانی تەندورستی.................... ئا: گەلاوێژ باپیری ل ٥٥
خووگرتن بە ئینتێرنێت .................. و: هوشیار فەتحوڵاهی ل ٥٧
برینی گەدەو ........................ ئا: سەید جەلال ساڵحی ل ٥٩

## ـ وەرزشی

لە پشووی هاوین دا بێکار ................. و: سۆران حوسێن ل ٦٥
وەرزش کاریگەرە لەسەر ................. و: سۆران حوسێن ل٦٧

## ـ کارو چالاکی

پەیامەکان .................................. ل ٦٩
یاد کردنەوەی هەڵەبجە لە.............. ل ٧٢
بەڕێوە چوونی یەکەم کۆنفرانسی ......................... ل ٧٣
پێکهێنانی شەوە شێعرێك لە ژێر ناوی ......................... ل ٧٤
مەڕاسمی ڤالنتاین ................................. ل ٧٥
سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان ............... ل ٧٦

**سەرنووسەر:**
ڕەسووڵ سووڵتانی

**دەستەی نووسەران:**
حەسەن شێخانی
سامان کۆنەپووشی
عەلی بداغی
کوێستان نستانی
فەرشید محەممەدی

**مۆنتاژو دیزاینی بەرگ:**
عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور (چیا)
Sardasht_kurdistani@yahoo.com
07501205278 - 07701936487

**تایپ:**
برایم ڕۆستەم پوور

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن
www.lawan.com

بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیلەی گۆڤاری لاوان بەرێ بکەن: Govarilawan@yahoo.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەروتار

## ئێوە کێن وا لەو بەهارەدا
## هەناسەتان تەزووی زستانی تێدایە؟

مەرگی مرۆڤ لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا دیاردەیەکی ئەمڕۆیی نیە. ئەوەندەی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە ژیاوە، لە هەموو ساتەکانی ژیانی دا بکەر یا قوربانی یا بینەری زوڵمو زۆرداری بووە. بە درێژایی مێژوو، ئەوەندەی زۆرداری هەبووەو لایەنێك مافی لایەنەکەیتری پێشێل کردووە، هەمیشە کەسانێك هەبوون کە لە بەرامبەری دا راستەوە بوو بێنو دژی ناحەقیو زۆردای ڕاپەڕیبن. هەر بۆیەش هیچ قۆناغێکی مێژوو بە بیٚ شۆڕشو بەرخودان رانەبردووەو هیچ خەباتو بەرخودانێکیش بە بیٚ خوێنو قوربانی بەرەوپێش نەچووەو سەرنەکەوتووە. ئێمەی کوردیش نەك لەم رێسایە بەدەر نین بەڵکوو لە هەموو گەلانی دنیامان پتر بۆ دەستەبەر بوونی ئازادی، خوێنو قوربانی داوە، لە درێژەی ئەم کاروانی خوێنە دا، ئەمجارەیان کاوەی عەزیز پوور لە ئاکامی ئەشکەنجەی جەللادانی رێژیم دا گیانی لە دەست دا. شەهید کاوە عەزیز پوور کە خەڵکی ئاوایی دریازی ناوچەی شارویرانی مەهابادە، نزیك بە دوو ساڵ لەمەوبەر بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتە بەندیخانەی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانو بە شێوەیەکی سامناكو دڕندانە ئەشکەنجە کراو لە ئاکامی ئەشکەنجەی دڕندانەی زیندانوانانداندا زەبر وەمێشکی دەکەویٚو سەرەنجام شەوی ٢٧ ی بانەمەڕی ١٣٨٧ ی هەتاوی گیانی لە دەست دەدا. ئەشکەنجەو کوشتنو راوە دوونانی مافخوازانو جودابیران لە قاموسی دەسەڵاتە توتالیتارەکاندا رەواترین کردەوەیەکە، کە ئەوان بەردەوامیو مانەوەی خۆیان تەنیا لە سێبەری وەها پەرچەکدارێکی دژە مرۆیی دا بە مسۆگەر دەزانن. لە چوارچێوەی بیرو یاساو رێساکانی ئەم جۆرە رێژیمانە دا: گیانی مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی بەرهەڵستکارو چاوکراوە بیٚ نرخترین شتەو مەرگی ئەم جۆرە کەسانەش تاقانە سەرچاوەکەیە بۆ دامرکانەوەی ئاگرو رقو قینی ئەو جۆرە رێژیمانە. رێژیمە دیکتاتۆرەکان ئەوندەی بە دیتنی جوانیەکان زەجر دەبینن و ئازار دەچێژن، ئەوەندەی زەردەی پێکەنینێكو تروسکەی چاوێکی هیوادار ئازاریان دەدات، هەزار هێندە مەرگی ئەو رەنگو دەنگانەی لە خۆیان جیاوازن ئۆخژن بە دەروونی نەخۆشیان دەبەخشیٚ.


شەهید کرانی لاوانی کوردو ئەشکەنجەو ئازاردانی ئازادیخوازان بەشێکی دانەبڕاوە لە ناسنامەیو جەوهەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەوان تاسەو تینوێتیی هەستی مەرگدۆستیو جەنایەت پەرەستییان نەك بەو دەریای خوێنە ناشکیٚ بەڵکوو جار لەگەڵ جار تاسەبارتر دەبن. ئەوەتا لە ١٢ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دا لە شاری مەهاباد بە ئیعدامی ٥٩ لاوی تێکۆشەرو ئازادیخواز لاپەڕەکانی سەرەتای کارنامەی رێژیم بە پێشەکییەکی پڕ لە شوورەیی دەستی پیٚ کرد. ئەوان بۆیە ٥٩ لاوی چاوکراوەی نیشتمانی ئێمەیان لە خوێن گەوزاند بۆ ئەوەی نەوەی دوای ئەوان چاوترسێن بکەنو ئیتر کەس نەوێریٚ رەخنەیان لیٚ بگریٚو دژیان راوەستیٚو رووبەڕوویان بێتەوە. بەڵام ئەوان وا لەزەلکاوی کۆنەپەرەستی دا نوقم ببوونو ئێستاش جار بە جار نوقمتر دەبن کە نەیانزانیو ناشزانن ئەم کاروانە بەو جۆرە کارانە، نەك ناپرینگێتەوە بەڵکوو "کاوە"کانی ئەم رێگەیە هەنگاوەکانیان بەرەو لووتکەی سەرکەوتن بەگوڕتر دەکەن.

سەرنووسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سیاسی




## پێناسەیەکی کورت لە International socialist و ئامانجەکانی.

ئا: ڕەحیم قادری

ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست یەکێك لە گەورەترین دەزگا سیاسیەکانی جیهانە، کە لە دوای نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی، بە ئەندازەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست (١٦١) حیزبو ڕێکخراوی دیموکراتیکی لە خۆ نەگرتووە. لەم ڕێکخراوەیە دا سێ جۆر ئەندام هەیە: ئەندامی چاوەدێر، ئەندامی بەشدار ( هاوکار)و ئەندامی کارا، بە گشتیی سەرجەم نزیکەی ١٦١ پارتو ڕێکخراو سەر بە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستن. لەوانە ١٥ ئەندامیان چاوەدێرن، ٢٦ ئەندامیان هاوکارنو ئەوانی تریش ئەندامی کاران. ئەندامەتی حیزبە کوردیەکان دەستکەوتی گرینگی پەرینەوە لەو پردەیە بۆ دەرەوەی سنووره داخراوەکەی کوردستانو بە جیهانی کردنی کێشەی رەوای میللەتەکەمانە لە سەر پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، دادوەریو یەکسانی کۆمەڵایەتیو زەمینە بۆ ئاسۆیەکی گەشتر خۆش دەکا.

بنکەی سەرەکی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست (IS) لە لەندەن پایتەختی بەریتانیایە هەر لەوێ سکرتێری ئەم ڕێکخراوە کاروبارەکان ڕێك دەخاتو سەرپەرەستی کۆروکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنو کۆنفرانسەکانو ڕۆژنامەوانیو چاپەمەنیەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دەکا. بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەر، کۆنگرەیە کە هەر سێ ساڵ جارێك دەگیرێ، بەڵام ئەنجومەنی ئەم ڕێکخراوە لە نوێنەرانی هەموو پارتو ڕێکخراوەکانی ئەندام پێکدێت کە ساڵێ دووجار کۆدەبنەوە. ئەم بزووتنەوە فەلسەفیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئیدئۆلۆژییە، زیاتر لە سەدەیەکە لە کۆڕی سیاسەتی نێودەوڵەتی دا، لە تێکۆشاندایە. لەو سەدەیەدا، جیهان ڕووبەڕووی زۆر ڕووداوی چارەنووسسازی جیهانیو ڕووداوی کاریگەری ناوچەیی بۆتەوە. لە بەرامبەر هەر ڕووداوێکدا ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست حیسابی بۆ کراوەو هەڵوێستی خۆی هەبووە.

حیزبەکانی ئەنتەرناسیۆنال لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، لەو حیزبانە بوون کە هەمیشە لەلایەکەوە لە بەرامبەر حیزبە کۆمۆنیستو ئەنتەرناسیۆنالیستەکان دا، ناکۆك بوونو لەلایەکی دیکەشەوە لە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕاستڕەوی سەرمایەداریشدا، لە ململانێدا بوون. واتە نە نەتووندڕو نە ڕاستڕەو بوون، ڕێبازی دیموکراسیو سۆسیالیستی "سۆسیال دیموکراتیان" هەبووە، دیموکراسییەکەیان جیاواز بووە لە دیموکراسییەتی حیزبە لیبراڵو کۆنە پارێزەرەکانی ڕۆژئاوایی. سۆسیالیزمەکەشیان جیاوازی هەبوو لە ڕێبازی سۆسیالیستی کۆمۆنیستەکانی یەکیەتی سۆڤیەتو چینی کۆمۆنیست. بۆیە لەو نێوە دا هەمیشە سۆسیال دیموکراتەکان ویستوویانە پارسەنگی نێوان ئازادیو دادپەروەری ڕاگرن. سۆسیال دیموکراسی بزووتنەوەیەکی سیاسی نێو نەتەوەییە کە بایەخ بە لایەنە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانو دیموکراتیزە کردنی هەرچی زیاتری دەسەڵات دەدات، ئەوەش لە پێناو ڕێکخستنێکی ئابووری لە سەر بنچینەی ئەو یاسایانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرمایەگوزاری کە ئاسانکاری بۆ کاریگەری دانان لە سەر زۆرینەی گەلان بکاتو ژیانو گوزەرانیان زامنو ئاسوودەتر بکات. جگە لەوەش سەرچاوەیەکی نزیك بوونەوەو یەکتر ناسینو پێکەوە کار کردنی نەتەوەو کۆمەڵگا جیاوازەکانە کەبە ئیرادەو ویستی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە هەنگاو دەنێن، کە لەو دا سیستمێکی تۆتالیتاری هێڵەکانیان بۆ دیاری ناکات. تایبەتمەندی کلتووریو بەها پیرۆزەکانی نەتەوەکانو رەنگی مرۆڤەکانو زۆر شتی تریش رێگرنییە لە قەبوولکردنو بەشداریکردن لەم چوارچێوەیە دا.

سۆسیال دێموکراتەکان هەر لە سەرەتاوە خۆیان وا نەدەبینی کە تەنها بۆ نەتەوەیەك یان وڵاتێك کار بکەن بەڵکوو خۆیان وا پێناسە کرد کە ببنە بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەیی. هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە خۆیان لە بزووتنەوە کۆمۆنیستەکان جیا کردەوە، بەوەی کە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بە رێگەی شۆڕشی چینی کرێکارەوە چارەسەر ناکرێ. بەڵکوو لە رێگەی ریفۆرمێکی دێموکراتیەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

International social ئەو کۆمەڵە نێونەتەوەییە کە لە سۆسیالیستەکان، سۆسیال دێموکراتەکانو پارتە کرێکارییەکان پێکهاتووە. لە ١٤ی تەمووزی ١٨٨٩ کە سەد ساڵ بەسەر شۆڕشی گەورەی فەرانسەدا تێدەپەڕیو ٦ ساڵیش دوای مردنی کارڵ مارکس، کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان لە پاریس گیرا، کە تێیدا نزیکەی ٤٠٠ نوێنەر لە بیست وڵاتەوەو هەروەها ٣٠٠ پارتو رێکخراوی کرێکاری جۆراوجۆر بەشدار بوون ئەوە بوو کە لە بیستی تەمووزی ١٨٨٩دا ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەکوو دووهەم پرۆسەی نێونەتەوەیی دامەزرا. لە دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانیدا International socialist بەرنامەی سەرەکی کاری خۆی لە سەر ئەساسی دژایەتی کردنی ئەو تەوژمە ناسیۆنالیستە دانا کە لە رۆژئاوا هاتۆتە ئاراوە، هەروەها دژی سیاسەتی خۆپڕ چەك کردنی وڵاتانی ئەورووپایی هەڵوێستیان گرت هەر لێرەوە ئە بیروباوەڕە دژی هەموو ئەو کردەوەو هەڵوێستانەیە کە دژی بەهاکانی مرۆڤ پیادە دەکرێن. بنەماکانی بە شێوەیەك دارێژراوە کە تێیدا سەپاندنی دەسەڵاتی هیچ چینو لایەنو دەستەو تاقمێك بە سەر کۆمەڵگادا قەبووڵ ناکرێ بەڵکوو ئەساسو پێوەر، پرەنسیپی دێموکراتیك لە نێوان دەسەڵاتو کۆمەڵگایەو بەرگری کردنە لە مافەکانی تاك. رێکخراوێکە بۆ رێکخستنی سیستمێکی نوێی جیهانی ـ کە ئەوڕۆکە کاریگەرییەکانی زیاتر بەوە دەرکەوتووە ـ تێدەکۆشێو هەوڵ دەدا تاکوو کۆمەڵگا لە نامۆ بوونو دوورەپەرێزی، گۆشە گیریو تەنیایی رزگار بکات.



سەدەیەك لە ئەزموونی سیاسیو ئیدئۆلۆژیو تاقی کردنەوەی دەسەڵات، مێژوویەکی دەوڵەمەندە بۆ ئەوەی ئێستا بزانین کە لەو سەدەیەدا چەند جۆر سیستمو چەند چەشن فەلسەفەو چەندین رێبازی سیاسیو فێرگەی فکری لە بۆتەی پراکتیك دا، کاریان پێ کراوە. بە شێوەیەکی گشتیی سۆسیاڵ دێموکراسی توانیویەتیی لەو سەدەیە دا پشت ئەستوور بە خەباتی چەوساوەکان وەکوو: خەباتی کرێکاران، ژنان، کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانو... سەرکەوتنی گەورە وەدەست بێنێ.و زیاتر لە ٥٠ حیزبی ئەم بزووتنەوە سیاسییە، دەیان ساڵ لە رۆژئاوا، بە تایبەتیی لە فەرانسە، ئاڵمانو ئیسپانیا، ئیتالیا و سوید، دانمارك، نۆروێژو بلژیك، فینلاندو هۆلەند، ئیسرایل، سویسو ئۆتریش هەروەها چەند ساڵێك لە تورکیاش دەسەڵات بگرنە دەست. تاقی کردنەوەی ئەو هەموو حیزبانە ئەوە دەردەخەن کە یەکەم: باشترین ئەزموونەکانی سیستمی دەسەڵاتداری بە شێوەی دێموکراتیكو دادپەروەرانە لەسەر دەستی سۆسیال دێموکراتەکان هاتۆتە ئاراوە. نموونەش دەوڵەتانی سکاندیناوی (فینلاندو سویدو نۆروێژو دانمارك) و...

دووهەم: هێشتا زۆر وڵات لە جیهان دا رێبازی سۆسیال دێموکراتیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەبووڵ نییە. نموونەش وڵاتانی دواکەوتوو و ئایینیو هەروەها وڵاتانی دیکتاتۆری لە سەرانسەری جیهان دایە.

سێیەم: هێشتا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا رێبازی سۆسیاڵ دێموکرات، رێبازێکی سیاسی باو نییەو لە ناو رای گشتیی دا تێگەیشتنی ورد لەسەر فەلسەفەو ئەزموونی سۆسیال دێموکراتەکان کەمە.

لە بەر ئەوەی کە جیا لە ئەزموونی دەسەڵاتداری سۆسیال دێموکراتەکان، هێندێك ئەزموونی سەرکەوتووی دیکە لەسەر بنەمای رێبازی دیکە هاتوونە کایەوە، ئیتر هەڵەیە ئەو هێزانەی سۆسیال دێموکراتن، گۆشە گیرنو جگە لە سۆسیال دێموکراتەکان پێوەندییان بە لایەنو ئەزموونو رێبازەکانی دیکەوە نەبێ. ئەو راستییەش تەنانەت خودی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی دەسەڵاتداری ئەورووپای رۆژئاوا پەیرەوی لێ دەکەن کە ئەمە پێویستە لە لایەن ئەو پارتە سۆسیال دێموکراتانە کە لە ئاسیاو رۆژهەڵات پێك هاتوون بە هەند وەربگیرێت. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان، بێگومان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەنتەرناسیۆناڵ هەبوو کە دیارە هەتا کۆتایی جەنگی سارد، بەرامبەر کێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵات سارد بوون، بەڵام کاتێك سەرەتای گۆڕانکاری سیاسی لە ئەورووپای رۆژهەڵات دەرکەوت یەکیەتیی سۆڤیەتو کەمپی سۆسیالیستی لە بەرامبەر شەپۆلی دێموکراسی دا تەپین، ئیدی زانرا لەوە بەدواوە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەکەوێتە ناو بازنەی گۆڕانکارییەکان. ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست تەکانێکی سیاسی باشتری بە خۆی داو بازنەی ئەندامێتی لەو رێکخراوەدا تەنیا نەبەستەوە بە ئیسرائیلو تورکیاشو چەند حیزبی دیکەی سۆسیال دێموکرات لە رۆژهەڵات دا. یەکێك لەو نەتەوانەی ئاوڕیان لێدرایەوە نەتەوەی کورد بوو، بۆیە بەرەبەرە ئاوڕیان لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانیش دایەوەو ئاوڕدانەوەکەش بۆ بەشەکانی باکوورو باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. سۆسیال دێموکراتەکان هەر لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە کاتێك دا یەکیەتی سۆڤییەتوجێنشینانی لێنین سووکە هەڵوێستێکیشیان بەرامبەر کوردستان نەبوو، پشتیوانی کێشەی سیاسی کوردستانیان کردووە بەڵام پشتیوانیەکی مەعنەوی، نەك سیاسیو ستراتیژی.

نەتەوەی کوردیش وەك گەلێکی ئاشتیخواز بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو بەها مرۆییەکانی، مایەی خۆشحاڵی یە ئەمڕۆکە بەو پێوانە مامەڵە لەگەڵ ئایدیایەك دەکات کە رێز لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری یەکانی دەگرێت. ماوەی چەندین ساڵە زۆر پارتو رێکخراوە سیاسیەکانی هەمو پارچەکانی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە چیتر ناکرێت شۆڕش تەنیا بریتی بێت لە توندوتیژیو لە سنوورێکی داخراو دا هەڵبسوورێت. بەڵکوو پێویستە هەنگاو بەرەو دەرەوەی سنوورەکان بنرێتو جگە لە شاخەکان پشتوپەنای نوێ پەیدا بکات. ئەوەش بە مانای هەڵسووڕانێکی دیپلۆماسییە لە چوارچێوەی نێو دەوڵەتیو جیهانی داو تەڤگەرێکە لەو بزووتنەوەو رێکخراوانەدا کە هاوتەریبە لەگەڵ خواستو ئامانجەکانیان دا. لە سەردەمی حوکمرانی سۆسیال دێموکراتەکانی فەرەنسا لە ۱۹۸۹/۱۰/۲۰ یەکەمین کۆنگرەی مافی مرۆڤی کوردی بۆ سەدان سیاسەتمەدارو پارێزەری مافی مرۆڤی جیهانی بەستو هەیئەتی بەرەی کوردستانی بۆ کۆنگرەکە بانگهێشتن کراو هەر لەسەر داوای هەیئەتی کوردستانی بۆ کۆنگرەکە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هەیئەتی رێژیمی عێراق لە کۆنگرەدا وەدەرنرا. دوابەدوای ئەو کۆنگرەیە لە پاریس لە رێکەوتی (۱۹۸۹/۱۲/۲٤) لە سەدەمین ساڵرۆژی ئەنتەرناسیۆناڵ دا چوار بڕیاری گرینگ سەبارەت بە چارەنووسی سیاسی کوردستان، مافی مرۆڤ، کلتووری کوردو دێموکراسیەوە بۆ کوردستان پەسەند کران لەو ساتەوە هەتا هاتووە کێشەی کورد بە شێوەیەکی فراواتر خراوەتە ناو بەرنامەی کارو چالاکیەکانی ئەنتەرناسیۆناڵ. پێشکەوتنی ئەو سیاسەتە گەیشتۆتە رادەیەك کە لە هەموو بەشێکی کوردستان، سەنگی سیاسی حیزبە سیاسیەکانی لە بەرچاو گرتووە.

لێرە دا پێویسە حیزبەکانی کوردستانی کە لەو رێکخراوە دا ئەندامن لەسەر دوو تەوەری گرینگ کار بکەن یەکەمیان لانەدانە لە بەها نەتەوەییو دێموکراتیکییەکان ئەوش بۆ زیاتر نزیك کردنەوە لە پرەنسیپەکانی IS و لە هەمان کاتیش دا پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ دوونیای رۆژئاوا بەگشتییو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی.

**سەرچاوەکان: ۱ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (۳۹۸۵) یەکشەممە رێکەوتی ۲۰۰٦/٦/٤ لاپەڕە ٤,**

**۲ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (۳۹۸٦) دووشەممە رێکەوتی ۲۰۰٦,/٦/٥**

**۳ـ رۆژنامەی چاوەدێر ژمارە (۷۹) دووشەممە رێکەوتی ۲۰۰٦/٥/۲۹ لاپەڕەی ۲,**

**٤ـ دیپلۆماسییەتی کورد بە درێژایی مێژوو لە نووسینی سابیر عومەر مامە سێنی چاپی یەکەم سلێمانی ۲۰۰۲.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەربازانی کۆمەڵێکی کوردەواری

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: موعتەسەم نوورانی



دۆڵی زاب، باکوری عێراق ـ ئەو ڕۆژەی کە سوپای تورك لە عێراق پاشەکشەی کرد، ٤٠ گریلای کورد هاتن بۆ ڕێورەسمی بە خاك سپاردنی ٥ جەنازەی گریلا کە لەو هێرشە دا گیانیان لە دەست دا. جەنازەکانیان زۆر بە جوانیو پاكو خاوێنی لە مشمایەکی رەش پێچا بوونو هەر یەکە لە تابووتێکیان بەستبوون کە بۆخۆیان لە لقو پوپی دارستانی لێرەوار دروستیان کردبوونو ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان PkK یان بەسەر دا دابوونو زۆر بە رێكو پێکی رازاندبویانەوە. گریلاکان زۆر ماتو بێدەنگ چاوەڕوان بوونو تابووتەکانیان یەك بە دوای یەكو بە ریز لە تەنیشت یەکتر لە سەر تاشەبەردە گەورەکان دانا بوون. بۆخۆشیان زۆر بە نەزمو رێك لە دوو ریز دا بە شێوەیەك کە تیربارەکانیان روو لە شاخەکانی دەورووبەری

خۆیان راگرتبوو، چاوەڕوانی سەرکردەکەیان بوون کە قسان بکا. باهۆز ئەردالْ گریلای تەمەن ٣٩ ساڵە وتی:" سوپای تورك نەیتوانی بستێك لەو ناوچەیە داگیر بکا کە ئێمەی لێین، نەیتوانی یەکێك لە بنکەکانی ئێمە داگیر بکا، نەیتوانی چەکەکانمان بگریّو تەنانەت نەیتوانی کەچە نایلۆنێکی ناقابیلیشی دەسکەوت بیّو لەگەڵ خۆی بەرێتەوە".

فەرماندەی گریلاکان رووی کردە سەفی گریلاکانو وتی: "سوپای تورك نەگبەتیو نەهامەتی رووی تێکردبوو، لە کاتی هێرش دا هەر لێمان دا، لە کاتی کەمپ دروست کردن دا هەر لێمان دا،و تەنانەت لە کاتی پاشەکشەش دا هەر لێمان دا".

رۆژی هەینی رابردوو حکوومەتی تورکیە ئاکامی ٨ رۆژ شەڕی خۆی لەگەڵ گریلاکانی کورد لە درێژایی سنووری باکووری عێراق لە خشتەکارەکانی دا بەو شێوەیە راگەیاند کە سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە، دوژمنی خۆی شەلەل کردووە زەبری قوورسی لێداون. و بە سەدان ئەشکەوتو حەشارگەی شەڕوانانی PkK ی وێران کردووە بەڵام شەڕ لەو شوێنەی دەستی پیّ کرد هەر لەوێش کۆتایی پیّ هاتو نەیتوانی ورەی بەرزو ئیمانی پۆڵاینی گریلا تێك بشکێنیّ. گریلاکان زۆر ئازایانەو سەربەرزانە بە سەدان کیلۆمتر لە ناوچە شاخاویەکان کۆنترۆڵ دەکەن. لە کۆتایی شەڕەکە لە کاتی بە خاك سپاردنی شەهیدەکان، گریلاکان سەری رێزو نەوازشیان بۆ هاوەڕێیانی شەهیدان دانەواند کە لەو شەڕەدا شەهید ببوونو بەڵێنیان دووپات کردەوە کە هەر رێبواری رێگای پڕ لە شانازیان بن.



ئەردالْ رووی لە گریلاکان کردوو وتی:" لە کۆتایی رۆژی دەهەم لە ناوچەی زاب شەڕوانانی PkK پاڵەوانەتیو ئازایەتی خۆیان نیشان دا، لەو بەربەرەکانیەیە دا روحێکی تازەیان دایەوە بەر PkK و سەرکەوتنی باشیان وەدەست هێنا".

هەواڵنێرێکی واشینگتۆن پۆست لەگەڵ وێنە هەڵگرەکەی ماوەی ٥ رۆژ لە نێو بنکەو شوێنی PkK هەم لە کاتی شەڕو هەم دوای شەڕەکە راپۆرتیان نووسیوە لەو شتانەی کە بۆخۆیان بە چاوی خۆیان بینیویانەو چاویان پێکەوتووە.

ئەوە شتێکی روونو ئاشکرایە لەو ساڵانە دا شەڕوانەکان لە نێو ئەو کێوە پڕ لە بەفرو سەختانەدا دەژینو بەویّ عادەتیان کردووە هەر چەند ئەو بنکەو بارەگایانە لە باکووری عێراقن بەڵام ئەوان تەنانەت سەعاتەکانیشیان بە کاتی تورکیایەو سەعاتێك لەگەڵ عێراق جیاوازی هەیە. ئەوان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە نێو وڵاتانی ئیسلامی دا دەژین بەڵام مەزهەبی نینو بە تەواویی لە تورکیە، ئێران، عێراق، سووریا دابڕانو وازیان لەوان هێناوە. لە شێوە خەبات دا لە شۆڕشگێڕانی ئەمریکا پەیرەوی دەکەن کە لەگەڵ بریتانیایەکان بەربەرەکانیان دەکردو یا پەیرەوی لە گریلاکانی کوبا دەکەن کە رێرەوی فیدل کاسترۆ بوون لە کێوەکانی سیرا ماسترایە.

عوسمان دلْبرین گریلایەکی تەمەن ٣٢ ساڵەیەو ماوەی ٨ ساڵە لە کێوەکان خەبات دەکا وتی:" ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئازادیو دێموکراسی، ئێمە شەڕ دەکەین بۆ ئاشتیو بۆ مافی نەتەوایەتیی کوردەکان".

ئەوان هێندیان زوڵمو زۆری لە تورکیا دیوە بۆیە تاکتیکەکانیان بیّ رەحمانەیە. گریلاکان لە سنووری تورکیا دەپەڕێنەوە زەبر لە سەربازانی تورکیا دەدەنو دەگەڕێنەوە ئەو ناوچەیەی کە لە باکووری عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دایە. ئەوە بۆ گریلاکان ناخۆشە چونکە دەبیّ لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیا بەربەرەکانی بکەنو هێرشەکانی دەوڵەتی تورك پرۆتستۆ بکەنو شوێنەکەی خۆیان بپارێزن. بە پێی راپۆرتی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، PkK رادەی ٤٠٠٠ تا ٥٠٠٠ گریلای هەیە کە نوێنەرایەتی کوردەکان دەکا. بە تەواوی هەڕەشە لە دەوڵەتی تورکیە دەکا بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی ٢٥ میلیۆن کورد لەو وڵاتە.

رێبەرانی PkK دەڵێن ئەوان چیتر شەڕ ناکەن بۆ وەدەست هێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ یا تەنانەت شتێکی وەك عێراقیش داوا ناکەن. زیاتر ئەوان دەڵێن لە تورکیا زمانی کوردی ئازاد بیّو رێگامان بدەن بە زمانی زگماکی خۆمان لە قوتابخانەکان دەرس بخوێنین. شوناسی نەتەوەی خۆمان بدرێتەوە، مافی بەرابەر بۆ ژنانمان هەبیّ، سەرکوتمان نەکەنو بە هۆی هێزە ئەمنیەتیەکان راومان نەنێن، لە تورکیە ئازادی سیاسیمان پیّ بدریّ، حورمەتمان بپارێزن. هەتا شەڕ بیّ زیاتر لە ویستەکانمان دوور دەکەوینەوە، مەسەلەی کورد دەبیّ لە رێگای ئاشتیو دیالۆگ حەلْ بکریّ.

بێریڤانی تەمەن ٢٧ ساڵە کە گریلایەکی ئافرەتە وتی:" لە شارەکان لە کۆمەڵگای تورکیا ئەمن واهەست دەکەم کە گەرووم رێك دەگووشن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە ئازادیمان نیە بەڵام لە کێوەکان ئەمن هەست بە ئازادیەکی زۆر دەکەم".

گریلاکان هیچ یارمەتییەکی مانگانە وەرناگرن. ئەوان لیباسێکی زەیتوونی کەم ڕەنگی یەك جۆرو یەك ڕەنگی ڕێكو پێك دەدوورن‌و لە بەری دەکەن، ماڵ‌و شوێنی ژیانیان نییە بەڵکوو بە شێوەی گەڕۆك لە شاخ‌و کێوەکانی کوردستان دا دەژین. ماڵیان بە کۆڵیانەوەیە، لە نێو ئەشکەوتەکان‌و لە بن بەردەکان لە سەر کیسەی خەوەکانیان دەخەون سەرینیان بەردی ڕەقەو پێی خەویان ئاسمانی شینە. ئاوی کانیاوەکان سارد دەکاو فرمێسکی ڕنووی کوێستانەکان دەخۆنەوەو خواردنیان لە شارەکان بە قاچاغی وەدەست دەکەوێ. ژیانێکی زۆر سادەو ساکاریان هەیە. هەموویان وەك یەك دەژین‌و ئاوات‌و ئارەزوویان ڕزگاری کوردستانە.

گریلایەك وتی:" لە سەر یەك ژیانی ئێمە لەگەڵ ژیانی خەڵکی دیکە جیاوازی هەیە".

لەگەڵ ئەوەی PkK میوانەکان بەخێرهاتن دەکا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق هەوڵی داوە بۆ بەرگری کردن لە هاتنی غەوارەکان بەتایبەت ڕۆژنامە نووسان بۆ ناوچەی ژێردەستی گریلاکان. دوای قەبووڵ کردنی دەعوەتێك بۆ گەشت‌و سەیر لە ناوچەکە دا، بڕینی هەشت ساعەت ڕێگایەکی ناخۆش بۆ ڕۆژنامەنووسان کارێکی دژوارە لە پێش دا سەرکەوتن لە جادەیەکی باریك‌و بەردەلان دا بۆ سەر شاخ‌و پاشان هاتنە خوار لە هەورازێکی هەڵدێرو دوورو درێژ کە لەوێ ڕادەگاتە ناوچەیەکی مین ڕێژکراوو لە وێڕا شارەزایەکی ناوچەکە ڕەوانەت دەکا بۆ ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی گریلا. لە سەر ڕێگای هاتن، پێویستە بە پردێکی پۆڵا بپەڕیەوە کە بە هۆی هێزی هەوایی تورکیا بوردوومان کراوەو، بەرەو خوار چەماوەتەوەو وێران کراوە. کێوەکان لە هەموو لایەك را تۆپ باران‌و گلولە باران‌و بوردوومان دەکرێن لە بوومەلێڵەی ئێواریٰ دا یەکەم گریلا وەك ڕەنگی دەوروبەری خۆ دادەپۆشی‌و تفەنگە کەلاشینکۆفەکەی هەڵدەگریٰ‌و لە بن دارێك خۆی مەلاس دەکا پاشان لەوێرا خۆی وەدەر دەخا ئەوانی تریش زۆر بە وریایی‌و بەنەزم لە دەوروبەری چاوەڕوانی دەکەن یەکێك لەوان



دەست درێژ دەکاو بە زمانی ئینگلیزی بەخێرهاتنتان دەکاو دەڵیٰ: بەخێربێن بۆ کێوەکانمان.

ـ ئەو باشترین دۆستی ئێمە بوو.

بە پێی ڕاپۆرتێك ڕۆژی ٢١ی مانگی فیبریوەر هێرشی سوپای تورك کە بە ئۆپراسیۆنی ڕۆژ ناسراوو بەرەفەی بووردوومانی ئانتێسێك دەستی پێ کردو ٢٠٠٠ سەربازی هێزی زەوی تورکیا لە چەندین شوێن بە درێژی سنووری عێراق‌و تورکیە سنووریان بەزاند بەمەبەستی زەبر وشاندن لە گریلاکان. ئامانجی سەرەکی هێرشەکە بەمەبەستی ڕەخنە کرتن‌و چوونە نێو دۆڵی زاب بوو.

دۆڵی زاب ناوچەیەکی گرینگ‌و ئاستەمەو بەشێکە لە ڕۆژئاوای ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی گریلا. بە شێوەیەك لە دایرەی بەڕێوەبەرایەتی گریلا، کەمپەکانی ئامووزش‌و فێرگە، عەمبارە ژێر زەوییەکانی خواردن‌و تەقەمەنی، بنکەی موهیمات‌و چەك‌وچۆڵ چەندین پەدافەندی دژی هەوایی دۆشکای ڕووسی لەو ناوچەیە دان کە لە کێوە هەڵدێرو سەختەکان دا دامەزراون.

ئەرداڵ فەرماندەیەکی گریلایە زۆر لێبراوانەو جەسوورانە بڕیار دەدا، لە شاری دەمیشقی سووریا وازی لە خوێندنی ناوەندی هێناوەو دوو دەیەیە بۆتە گریلای PkK و لەو کاتەوە زۆر ئازایانە بە دژی حکوومەتی تورك خەبات دەکا.

وتی: "ئەوان ڕەمەکی هێرش ناکەنە سەر ئەو ناوچەیە، ئەو سوپایەی کە ئەوان هێناویانە بۆ سەر ئەو ناوچەیە بۆ داگیرکردنی ناوچەیەکی وەك زاب بەسە بەڵام لە بەرامبەر ئیمان‌و وورەی گریلا دەستەوەستانن، ئەتۆ سوپایەکی زۆر گەورە بە کار بەری فەرقی زۆرە لەگەل ئەو ڕێکخستنەی ئێمە". لە کۆتایی دا ئەرداڵ وتی: "گریلاکانی ئێمە سوپای تورکیان لە کێوەکان ڕاماڵیە خواریٰ، و ١٢٠ سەربازی تورکیان کوشت زۆریشیان لیٰ بریندار کردن، تورکیە ڕایگەیاند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ٢٤ کەسیان کوژراوەو ئەوەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو ژمارەیە کە لە لای گریلایە. ئەردالۆ چەند کەسی دیکەشیان رایان گەیاندو سوور بوون لە سەر ئەوە کە لەو شەرە دا ئەوان تەنیا ١٠ کەسیان شەهید بوون لە کاتێك دا تورکیا زیاتر لە ٢٣٠ کەسی کوژراو برینداری خۆی بردۆتەوە. لە رۆژی بە خاك ئەسپاردنی شەهیدەکان، یەکێك لە جەنازەکان کە لە سەر دارە مەیتەکان داندرابوون جەنازەی شەهید "ئایان نووری" بوو. لە کاتی ئامادە کردنی رێورەسمەکە دا ناوی هەر یەك لە شەهیدەکان لە سەر پارچە کاغەزێکی سپی نووسرابوو و لە سەر سینگیان درابوو. رشاد سەرحەد کە گریلایەکی تەمەن ٣٠ ساڵەیەو پێشتر لە ئیستانبووڵ رۆژنامەنگار بوو ئەو دیمەنەی پێك هێنا بوو بەڵام بە هۆی لە دەست دانی هەڤاڵەکانی خۆی زۆر دوور لە رێورەسمەکە راوەستابوو. سەرحەد وتی: "ئوروە لە یەکەم رۆژی شەرەکە دا شەهید بوو، ئەو باشترین دۆستی من بوو".

**کێوەکان فێرمان دەکەن**

لە تەواوی شەرکە دا بە سەدان گریلا هەر ئەو تاکتیکانەی شەریان بەکار برد کە چەند ساڵ پشتیان پێ بەستووەو بەکاریان بردوون. بە خێرایی حەرەکەت دەکەن. لێدانو پاشەکشە، سەر خستنەسەر تەقەکردنو شێواندنی نەزمی دوژمن، بۆ سەدانەوە لەسەر رێگای دوژمن. گریلاکان تفەنگی کەلاشو ئارپیجیو نارنجەکی دەستیان پێیە.

ئەردالۆ وتی: "لە هێندێك هێرش دا ئێمە تەنیا پێویستمان بە ٥ گریلا بووە لە هێندێك هێرشی دیکەش دا ئێمە ٥٠ تا ٦٠ گریلامان ناردوە. بۆ نموونە ئەتۆ لە شەوێ دا ٥ گریلایان بنێرە سەر سوپایەکی گەورە هێرشیان دەکەنە سەرو لێیان دەدەنو ناچەکە بەجێدێڵن لە ئاکامی ئەو عەمەلیاتە دا سەربازەکان هەتا بەیانی ناوێرن بنوونو نەزمیان تێك دەچێ. لە حاڵەتێکی جیاواز دا ئەتۆ ٥٠ تا ٦٠ گریلا دەنێری بۆ گرتنو پاراستنی کێوێك یا ناوچەیەك".

دوای ملاقاتەکەی مانگی نوامبری ٢٠٠٧ سەرۆك بووش سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردوغان سەرۆك وەزیرانی تورکیەو باس لە سەر مەسەلەی PkK ، گریلاکان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. چونکە دەیانزانی ئەو ماستە بێ موو نیە. ئەوان چەكو چۆڵ خواردنو داوو دەرمانو کەلوپەلی پێویستیان لە نێو ئەشکەوتەکانو بن تاشە بەردە سەختەکاندا بۆ رۆژی مەبادا، پەزمەندە کرد. لە یەکێك لە ئەشکەوتەکان تەندووریان دروست کرد بوو و بە هۆی لوولەیەك دووکەڵەکەیان دەردەکرد بە مەبەستی گەرمای ئەشکەوتەکە.

ئەلیف کچە فەرماندەیەکی ٣٢ ساڵە خەڵکی تورکیایەو ١٠ ساڵ لەوە پێش وازی لە قوتابخانە هێناوە هاتە ریزی گریلاکانی PkK بۆ خەبات بە دژی تورکیە وتی: "کێوەکان فێرمان دەکەن چۆن حەرەکەت بکەینو برۆین، فێرمان دەکەن چۆن لەگەڵ یەکتردا هەڵسووکەوت بکەینو حورمەتی یەکتر بپارێزین، فێرمان دەکەن کە چۆن لە نێو بەفرو سەرما دا بژین. فێرمان دەکەن ئەگەر بۆ ماوەیەکی زوو نانمان وەگیر نەکەوت تەحەمووڵی برسێتی بکەینو بە هەموو شتێك




قەناعەت بکەینو پرتەو بۆڵە لە سەر کەس نەکەین سەربازانی تورك بە ئەندام زۆر زلن بەڵام ناتوانن دوو سەعات لە نێو بەفرو سەرما دا تەحەمووڵ بکەنو بمێننەوە. سەربازانی تورك لە کێوەکان بە هۆی تێکستو پەیام بە هۆی بێسیمە یاشایەکانیان بە رەمز پێکەوە قسە دەکەن. لە ترسان زوو زوو سەپوپی بێ سیمەکانیانو رەمزەکانیان دەگۆڕن، شەوانە پەنجەرەی ژوورەکانیان بە پەتۆی رەش دادەپۆشن بۆ ئەوەی رووناکی درز نەکاو شوێنەکانیان نەناسرێ. ئێمە رووناکی ئەوان ئەبینین، ناوێرن سیگار بکێشن بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن ئەوان زۆر لە ئێمە دەترسن. بەڵام ئێمە ناترسێینو زۆر بە وردی حەرەکەت دەکەین هەتا تەلەفات نەدەین".

سەرحەد پیاوێکی هێدیو ئارامو ماتو قسە لە روویە، ٥ ساڵ لەوە پێش هاتۆتە نێو ریزی گریلاکانەو لەو کاتەوە بە دژی تورکیا خەبات دەکا پێشتر لە تورکیا هەواڵنێر بوو لە تلویزیون کاری دەکرد. لە شاری وان لە کوردستانی باکوور لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایك بووە، بەڵام زمانی بابو باپیرانی خۆی کە زمانی کوردیە نازانێ. چونکە فێر بوونی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی تورکیا قەدەغەیە. ئەو هەر کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گەورە بوو بیری کردۆتەوە مێژووی کوردی خوێندووە. زۆر بەوە قەڵسە کە مێژووی نەتەوەکەیان زەوت کردووەو داگیرکەران وڵاتەکەیان داگیر کردووەو فەرهەنگو کلتوور مافی نەتەوایەتی لە لایەن داگیر کەرانەوە سەرکوت کراوە.

سەرحەد وتی: "لە هەر شوێنێکی تورکیا کە کوردی لێدەژی ئەتۆ ناتوانی وەك کوردێك هەڵسووکەوت بکەی، کاری بکەی، قسە بکەی، ناتوانی هویەتی خۆت هەبێ، ناتوانی فەرهەنگو کلتووری خۆت هەبێ، من تێگەیشتم کە تورکەکان مافەکانی نەتەوایەتی ئێمە، خوێندن بە زمانی زگماکی ئێمەو هویەتی نەتەوایەتی ئێمەیان پێشێل کردوە".

لە کاتی شەڕ دا گریلاکان دەورو ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان دەگێڕن. چەند دوکتور کاری دەرمانیو پێڕاگەیشتنی برینداران دەکەن، چەند گریلا خواردن دەگەینە ڕیزی پێشەوەی شەڕ، چەند گریلا کاری فیلم هەڵگرتن دەکەن، چەند گریلاش کاری لوجیستیکی دەگەینە گریلاکانی دیکەو هاوکاری شەڕوانەکان دەکەن. نەزمو یاسایەکی جوان لە نێو گریلاکان دا هەیە.

هەموویان لە یەك یاسا پەیرەوی دەکەن. هەموویان یەك جۆر سیگارو یەك جۆر تووتن دەکێشن، فەرقو جیاوازی لە نێو ئەوان دا وەبەر چاو ناکەوێ. حورمەتی یەکتر دەپارێزن. خوارەوە ئەمری سەری بەرێوە دەبا سەرێ وەك دۆستو بە چاوی خۆشەویستی دەڕواننە خوارەوەی خۆیان. هەر کەس بە ئەرکوکاری خۆی ئاشنایە. کەس بە چاوی سووك ناڕوانێتە ئەویتر، گریلاکان سوپایەکی گەلی یا چەکدارێکی بێ بیروباوەڕ نین، بەڵکوو ئەوان هێزێکی پارتیزانی فێرکراوو مەشق پێکراون. کە لە دەورەیەکی سێ مانگە دا لە کەمپەکانی ئامووزشو فێرگە دا فێری تاکتیکەکانی شەڕو خوڕەوشتی پارتیزانی دەکرێنو دەبنە چەکدارێکی بە بیروباوەڕو مەکتەبی، ئایدۆلۆژیای سەرۆکی زیندانی کراویان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەبەر چاو دەگرن. دەبنە ڕێبواری ڕێگای سەرکردەکان. گریلاکانی PkK لە ساڵی ١٩٨٤ەوە بۆ ڕزگاری کوردستان بە دژی حکوومەتی داگیرکەری تورك شەڕ دەکەن. ئەوان ئیدیعا دەکەن نزیك بە ٣٥٠٠٠ گریلایان هەیە کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیان.

لە باکووری عێراق کە PkK ی لێیە، سەرو دەمووچاوی ئۆجەلان لە سەر ئاڵاکان لە داوێنی کێوەکان دەشەکێتەوە. میدالیای ئۆجەلان بە سینگی گریلاکانەوەیە. خۆشەویستیو وەفاداری خۆیان سەبارەت بە سەرۆك ئۆجەلان نیشان دەدەن کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە نایرۆبی گیراو ئێستا لە زیندانێکی تورکیە دایە. دوای تیرۆرە سەرنەکەوتوەکەی ئۆجەلان لە ١٩٩٠ەکان هێندێك لە گریلاکان خۆیان کوشتو هێندێك خۆیان تەقاندەوە بە تۆڵەی ڕێبەرەکەیان تەنیا حکوومەتی تورکیەو عێراقو ئامریکا، PkK وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناو دەبەن.

هاوار ئاورین گریلای تەمەن ٢٦ ساڵە کە لە یەکێك لە دێیەکانی دەوروبەری حەڵەب لە سووریا گەورە بوو وتی: "ئێمە لەو دونیایە دا دایکێکمان ناوێ کە لە ڕووی مەجبووریەوە مەیتی کورە شەهیدەکەی لە باوەش گرێ، ئێمە نامانەوێ شەڕ بکەین، ئێمە لایەنگری سولحو ئاشتین بەڵام ئەگەر دوژمن هێرشمان بۆ بکا بەرگری لە خۆمان دەکەین".

PkK بەشێکی زۆر لە شەڕوانەکان وەردەگرێ کاتێك منداڵ کارن، قوتابی قوتابخانە یان زانکۆن. لەو باوەڕە ڕەخنەی لێ گیراوە کە لاوەکان لە کار وەردەدا بە زۆری دەیاننێرێتە ناو هێزی گریلا بەڵام حەوتووی ڕابردوو بەشێکی زۆر لە گریلاکان لەو باوەڕە قسەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، وتیان کە ئێمە لە سەر ویستی خۆمانو بەدڵی خۆمان هاتووین بۆ شەڕ لە حکوومەتی تورکیاو لە بەر ئارەزووی خۆمان هاتووینە ڕیزی گریلاکانو ئیمانمان بەو ڕێگایە هەیە چونکە گوندەکانمان هێرشیان کراوەتە سەرو خزمو کەسو کارمان بە دەستی سوپای تورك کوژراون لە ناو چوونو مافی نەتەوەییمان پێشێل کراوە.

٢٠٠٨ــ بە هۆی یوشع پارتلۆ، هەواڵنێری دەرەوەی ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە دۆڵی زاب لە کوردستانی باشوور لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر PkK بڵاو کراوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ڕووناکبیری



## ئێمە نەوەیەکی فەرامۆشکراوین

ئومید خزرنژاد

" سەردەمی ئێمە، بە شێوەیەکی تایبەت، سەردەمی رەخنە گرتنە. هەموو شتێك دەبێت قابیلی رەخنە لێگرتن بێت"
کانت



نەوەیەك لە بەردەم دیاردە هەرە گەورەکانی جیهاندا لە بەردەم کرانەوەی گەورەو خەیاڵی گەورەو دونیای بێ سنوورو کەناڵی فەزایی، لە بەردەم ژیانگەلێکی جیاوازو هەمەڕەنگ، لە نێوان تێکەڵاوبوونێکی بێ ژماری کلتوورەکانو کولتووورە داخراوەکەی خۆی-دا، لە نێوان نووراسێکی گەورەی ئایینیو کولتووری ئاییندا کە رەگو ریشەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو خەیاڵدانە ئەنتۆلۆژییەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەلفو بێکانی نەونەمو خوداناسی دەگەڕێتەوە بۆ کەلەپورێکی بەرفراوانی ئایینی تێکەڵاو بە ئارەزووگەلێکی مەیدانی بەرفراوانی بیروباوەڕی کۆنو نوێ. ئەم بوونەوەرە ئاڵۆزەی کە تا ئەوڕۆکە قسەی زۆری لە سەر نەکراوەو لە بەردەم بێ بایەخییەکی گەورە دایە، کە تا ئەم سەروەختە پرۆژەیەك نەبووە بۆ خوێندنەوەی ئەوو جوغرافیاکانی ژیانی ئەو نەتەوەیەی کە لە ناوەندی ئەم ژیانە جەنجاڵەدا دەگوزەرێ و لە پەراوێزیش دایە لە کرووکی ئەو دیاردانەدا ئەژی، سەرباری فەرامۆشبوونی لە سەرەتاکانی ئەو وێنانە دایە لە کۆمەڵگە داخراوەکانی دنیادا سەرلەبەری تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەردەم ترادیسیۆنێکی باوی کلتووری و کۆمەڵایەتیو ژیاریو ئایینی دان، هەڵبەت ئەو نوێکانیش بێبەش نین لەم کاریگەرییانە.

بە راستی کاتێك باس لە نەوەی نوێ دەکەین ناکرێ باسی کولتوورو کۆمەڵگەو ترادسیۆنو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاو دنیای دەرەوەی کۆمەڵگا نەکەین، لەبەر ئەوە لەم دەروازەیەوە دەچینە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای داخراو، یەکەمین تایبەتمەندیی کۆمەڵگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردی وەك کۆمەڵگایەکی داخراو لەم ئاستەی ئێستادا کۆمەڵگایەکە لە ئاستێکی ژیاری دابراودا تەواوی کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانی بە داخراوی ماوەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگایەکی داخراوە، سیستەمێکی نەریتی باوکسالاری ژیانی کۆمەڵایەتیو تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان دەبات بە ڕێوە، کەواتە بۆ ناساندنی کۆمەڵگای داخراو دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، بۆ نموونە خێزان یەکێکە لەو پێکهاتەو پانتاییە کۆمەڵایەتییە توندوتۆڵانەی کە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو کولتوری تاکەکەسی لێوە دەست پێ دەکات، هەڵبەت سەرەتای چرۆکردنی پەروەردەو کۆنترۆڵ کردنو ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە. خێزان وەك سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا داخراوەکان دەیهەوێ ببێتە گەورەترین پێکهاتەو گەورەترین سەرەتا بۆ کۆنترۆڵ کردنی تاکەکەسی لە نێو چوارچێوەیەکی سنووورداری کولتووریو ئەخلاقیو هوشیاریدا، ڕواندنی جۆری بیرکردنەوەو هۆشیاری بە دنیاو کۆمەڵگاو ئەخلاقو نەریتو ڕوانینی باو لە ناخی تاکەکەسیدا، میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ کۆکردنەوەو پەیوەستکردنی تاك بە نەریتی باوی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیی کۆمەڵگاوە.

کاتێك باس لە کۆمەڵگای داخراو دەکەین ناکرێ ئەو ڕاستییەش لە یاد کەین کە لەو کۆمەڵگایەدا کانگاکانی زەبروزەنگ لە ئازادییەکی سەرتاسەریدا بە پێچەوانەی خواستو ئیرادەی تاکەکەسەو ژیانو کولتوورو فەرهەنگو پێوەندییەکان داگیر دەکات.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگایەك هەیە لە دەرەوەی ستەمکارییەکانی دەسەڵات، دنیایەکی دیکە هەیە، خەیاڵێکی دیکە هەیە، نەوەیەکی دیکە هەیە کە باوەڕی بە ئایدۆلۆژیا نەماوە، لەگەڵ حیکایەتە گەورەکاندا ناژی، باوەڕی بە داخران نیە، پتر خەمی گۆڕانو کردنەوە دای گرتووە، بەڵام سەرجەم ئەو خەمانە دەروازەگەلێکی شیاون بە سەرەتایەك بۆ دەرچوون لە داخرانو کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو تەوقە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایدۆلۆژیو کولتووریو ئایینییانەی کێشراوە بە دەوری نەوەکانو کرانەوەکان دا. لە ڕاستی دا تاکە یەك جێگایەکی گەورە ناتوانێت کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان، شارستانییەکێك لە شارستانییەکان، بۆ هەمیشە گرفتاری فەنتازیایەکی گەورە بکات، لە بەر ئەوە کۆمەڵێك حیکایەتی گەورەو بچووك لە پشت ئەو ترادیسیۆنەی ژیانەوە ئەو خەیاڵو فەنتازیانە لەگەڵ دەکەن.

لە کاتێکدا سەروەرییەکانی نەتەوە تێکەڵ بە سەروەرییەکانی ئایدۆلۆژیاو کایە سیاسییەکان دەبێت، هاوکات حیکایەتی نەوەکانی پێشوو تێکەڵ بە حیکایەتەکانی کولتوورو فەرهەنگو کۆمەڵگاو کایە سیاسییەکان دەبێت، لە کاتێکدا کۆمەڵگای داخراو لە ڕێی ستراکتووری حیزب دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانەوە بەردەوام لە بەرهەم هێنانی حیکایەت دان، بوونەوەرە بچووکەکانی ئایدۆلۆژیا لۆکاڵییەکانیش لە هەوڵی پەخش کردنی ئەو حیکایەتانە دان، لە ڕاستیدا کەناڵەکانی پەخش کردنی ئەو حیکایەتانە لە تاکە یەك کەناڵدا بەند ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێی کەناڵگەلێکی هەنووکەییەوە ئەو کارانە دەکرێت، بۆ نموونە دەسەڵاتە بچووكو لۆکاڵییەکان لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا سەرزەمینی هاوشێوە دەخولقێنن بۆ دووبارە کردنەوەو کۆپیکردنی خۆیان، بێگومان کۆمەڵگا دەبێتە ئەو سەرزەمینەو هەمیشە بۆ ئایدۆلۆژیاو تاك ئاڕاستەیی بیرکردنەوەو ڕوانین بۆ دنیا، هاوکات کایەو پێکهاتەکانی وەك دەزگا ناوەندو ئاستە ژیاریو کولتووریو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاش بە زانکۆو سەندیکاو دەزگا مەدەنییەکانیشەوە دەبن بە کەناڵە بچووکەکانی بەخێوکردنی کاریزماکانی دەسەڵاتو حیکایەتەکانی.

ەوەیەك هەیە لە نێوان داخرانی کۆمەڵگاو دەروازە زونگاڵەییەکانی ۆرانەوەدا سەرسامە، نەوەیەك هەیە بە جدی دەیهەوێت ماڵەکەی، وتابخانەکەی، ژیانی کەسێتی خۆی، فەنتازیاکانی بەرەوڕووی ئەو یکایەتانەدا دابخات، دەیهەوێ ئەو خەیاڵە دادڕزاوە خۆی قوتار کاتو هەیبێت، نەوەیەك هەیە لە بەردەم ئارەزووە فەرامۆش ڕاوەکانو واقعی کرانەوەی دنیادا دۆش داماوە، ئەو بوونەوەرە لە اوەوەڕا کەرەستەگەلێکی کولتووریو کۆمەڵایەتیو ئایینی لە

رادسیۆنێکی فەقیردا بەندیان کردووە، لە دەرەوەڕا هێزە چووکەکانی کایەو پێکهاتەکان لە ترادسیۆنی باوی ویستو ارەزوو و داواکارییەکانیان فەرامۆش دەکات.

شەی نەوە لەگەڵ هەر شتێکی فولڎا بە تاریکی دەست پێ ەکات، لەگەڵ ئەو هەستەدا کە دڵنیا دەبین (( بینی ئێستامان)) ێترۆدێکی نیە بۆ تێپەرینو پەڕینەوەو تێگەیشتنو مانا دان بە یان. نەوەی نوێ هەمیشە لە تاریکییەك کە لە بنەڕەت دا ەرەنجامی کۆنبوونو کاڵبوونەوەو تاریکبوونی ماناو ویستو تامو ارەزووەکانە. بۆ ئەوەی نەوەیەك دروست بێت، تووڕەبوون، اریکی، گۆڕان، بەشداریکردن، کەمبوونەوەی چێژی ژیان، گەڕانو ەوڵدان بۆ دۆزینەوەی، شتێکی دی سەرەتای هەرەگەورەن، بەڵام ەموو ئەوانە سەرەتان، سەرەتان بۆ دروست بوونی شتێکی دیکە ەبوو هەرگیز دروست نەبێت. ئایا ئەو تاریکی بینە لە ئێستادا ەژی بەڵام زادەی سەردەمە تاریکەکانی سەرکوت کردنو ستەمکاریو وێرانەییەکانی کۆمەڵگایە، ئایا ئەوە تاریکی نیە ازی نیە کلیلی دەرگا کلۆمدراوەکانی کۆمەڵگاو کولتوورو ەرهەنگو مۆڕاڵی خەساندنی ئارەزووەکان تەسلیم بکاتەوە، ئەو یکایەتە گەورانەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتو ناوەندە وێرانەکەی ولتووری داخراوی کۆمەڵگا دبنە پانتاییە بەرفراوانەکانی ئەو اریکییە سەرتاسەرییە، لە لایەك ترادسیۆنی ئەو مۆڕاڵە گشتگیرە اخراوە دەبێتە زادگایەکی تاریكو سەرچاوەیەکی داخراو بۆ ەنووکە ژیارییەکانی تاکەکەسو نەوەکان، لە لایەکی دیکەوە ایین دەبێتە ئەو خەیاڵدانە سەرتاسەرییە بۆ داخرانی دنیای نوێو ەلسەفەی نوێی ژیان، دەبێتە ستراکتۆرێکی تاریکتر لە کۆمەڵگاو اوەندە سیاسیو ئابووریو حیزبیو کۆمەڵایەتییەکان. بێگومان ەڕی نەوەی نوێ لە سەر دەسەڵاتو ململانیێ هێزەکان نیە، ئەو ەرە لە تاریکییەوە بۆ ئێرە دێ، لە تاریکییەوە سەفەر دەکات ەرەو خۆشگوزەرانییەکانی خۆرئاوا، کۆمەڵە چێژێکی دیکەیە، یاوازتر لەو چێژەی کە لە تاریکیدا دەکرێت، بەرەو ئەفسانەکانی ەفەر، تارادەیەك سەفەرێکە بەرەو بێ ئومێدی، سەفەرێکە بۆ ێگەیشتن لە فەرامۆش بوونو بێ بایەخی، تێگەیشتن لە خەساندنو



ەرامەکان، لە راستیدا لە تاریکاییە سەرتاسەرییەکاندا دنیایەك سە لە پووچییەکانو وێرانەییەکان دەکرێ. لە راستیدا پووچییەکی ەورەیە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا دەسەڵات یان حیزب بیهەوێت ە ڕێی کەناڵە پاشکۆکانی خۆیەوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ەتەوەیی یان لە ژێر هەرناوێکی دیکەدا کار بۆ راڤە کردنی ئاستە یارییەکانی کۆمەڵگاو کولتووری نوێو گۆڕانکارییەکان بکات، لە ەر ئەوەی ئەو ناوەندەو دەسەڵاتانە بە هەمان ئامرازی ئەو رادسیۆنە باوە کۆنە داڤەی ئێستاو داهاتووی تاریکییەکان و ەنووکەو ئێوەرە مۆدێرنەکان دەکات، لە راستیدا دەبێت لەوە ێبگات کە هیچ کادرێکی حیزبیو ئەندامو دۆستێکی حیزب اتوانێت بەو کەرەستە کۆنو بێ بایەخانەی ئێستاوە لە دنیا ێبگات، دەبێت حکومەتو ناوەندەکانی دەسەڵاتی حکومەتی ۆمەڵگا داخراوەکان بەو قەدەرە رازین کە چیتر بەو ئامرازو ەمزوگەمە سەرەتایانەوە ناتوانن نەوە نوێەکان وەك مەڕومالاّت یانلەوەڕێننو شمشاڵیان بۆ لێ دەن. ئەمڕۆکە سەردەم سەردەمی امەزراندنی دامودەزگای سەربەخۆو پڕۆژەی مەدەنیو ئاستی یاری نوێو هەڵکردنە لەگەڵ دنیای نوێو جیهانگیریو کرانەوەی ۆمەڵگاکاندا، ئەمڕۆکە ڕۆژگارێکە دنیا بینینە جیاوازەکان بۆ یهانو گۆڕانکارییەکان ئاستی پێشکەوتنی روانینو گۆڕانو ڕاکتیك دیاری دەکەن.

**سەرچاوە: کۆمەڵگای داخراو رۆشنبیرـ دەسەڵات ـ کۆمەڵگا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵوەستەیەك لە سەر چیەتیی فەلسەفە



بەشی یەکەم

سامان کۆنەپۆشی



پێشەکی:

سەدەی بیستەم سەدەیەك بوو کە فەیلەسووفان هەوڵەکانی خۆیان بە ئاراستەی دیاری کردنی پێناسەیەك بۆ فەلسەفەی نوێ خستە گەڕ و، باس و ئاخافتن لە سەر چیەتیی فەلسەفە لەم سەدەیەدا گەیشتە لوتکەی خۆی. بەڵام ئەم باس و کێشمەکێشە فکرییە لە ناکاو لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا پاشەکشە دەکات و چیتر ئەم مژارە لە رۆژەڤی بیاڤی فەلسەفە دەچێتە دەرێ. دیارە ئەمە بە هیچ شێوەیەك بەم مانایە نیە کە فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم چیەتیی فەلسەفەیان دۆزیوەتەوە، یاخود لە سەر پێناسەیەك بۆ فەلسەفە رێك کەوتوون، بەڵکوو ئەم باسانە لە ماوەی ئەم سەدەیەدا نەك تەنیا نەبوونە هۆی دیاری کردنی چیەتیی فەلسەفە و گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتگیر و هاوبەش کە هەمووان ــ یان لانیکەم بەشێك لە فەیلەسووفان ــ لە سەری رێك بکەون، بەڵکوو جیاوازیی بۆچوونەکان تا رادەیەك پەرەیان ئەستاند کە کۆمەڵێك لە فەیلەسووفان یەکتریان بە فەیلەسووف نەدەزانی. بۆ نموونە "سارتەر نکۆڵی لەوە دەکرد کە ویتگنشتاین فەیلەسووف بێت، یان کارناپ زۆرجار دژ بە هایدگەر دەهاتە ئاخافتن و تەنانەت بە فەیلەسووفی ناودێر نەدەکرد."(١)

مەبەست لەم وتارەش خستنە رووی پێناسەیەك بۆ فەلسەفە نیە، بەڵکو مەبەست بریتییە لە خستنە بەر باسی کۆمەڵێك لە رەهەندەکانی فەلسەفە و، روونیشە کە ئەم نڤیسارە لە بۆچوونەکانی نووسەر سەربەخۆ نیە. هەر بۆیە تەنانەت لەو شوێنەشدا کە رەنگە بڕیارێکی رەها بدرێت خوێنەر نابێت بۆچوونەکان بە رەهایی وەربگرێت.

فەلسەفە و قەیرانی پێناسە:

هەنووکە زۆرینەی نزیك بە هەموو فەیلەسووفان و خاوەن راکانی بواری فەلسەفە بەم باوەڕە گەیشتوون کە ناتوانین پێناسەیەك بۆ فەلسەفە دابنێین، واتە بڵێین ئەمە پێناسەی فەلسەفەیە و فەلسەفە

ناتوانێت شتێکی تر بێت جگە لەم پێناسەیە. هۆرکهایمەر لەم پەیوەندییەدا دەڵێت:"ناکرێت پێناسەیەك بۆ فەلسەفە دابنێین، چونکە پێناسەی فەلسەفە لەگەڵ هەر نمایش و خستنەڕووی دیار و ئاشکرای فەلسەفەدا تەریب دەردەچێت."(٢)

دیارە بە درێژایی مێژوو گەلێك گۆڕانکاریی بنچینەیی بە سەر چیەتیی فەلسەفەدا هاتوون و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆمەڵێك لەو پرسیارانە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە هاتنە ئارا، نەدۆزراوەتەوە، بەڵام فەلسەفەی هەموو سەردەمێك خاوەن کۆمەڵێك پرس و پرسیاری نوێی تایبەت بەو سەردەمە بووە. فەیلەسووفانی سەدەی بیستەمیش بەم ئاکامە گەیشتن کە چیتر ناتوانین بەو پێناسەیە قەناعەت بکەین کە فەیلەسووف بە کەسێك دەزانێت کە زانایی خۆش دەوێت. سروشتییە کە فەیلەسووف زانایی خۆش دەوێت و رەنگە کەسێکیش کە زانایی خۆش دەوێت فەیلەسووف بێت، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە کەسێك زاناییەکی خۆش بووێت کە بە تەواوی لە دەرەوەی هەرێم (قلمرو)ی فەلسەفە دایە. لەم رووییەوە دەبێ لە بیری دۆزینەوەی پێناسەیەکی دیکەدا بین. هەوڵێك کە دەرئەنجامەکەی بوو بەوەی کە فەلسەفە پێناسەیەکی گشتگیری نیە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ئەم باس و کێشمەکێشە فەلسەفییانە بێدەرئەنجام نەبوون، بەڵکوو کۆمەڵێك دەقی دەوڵەمەندی فەلسەفی و کۆمەڵێك رێچکەی نوێی بیرکردنەوە خولقان کە شایانی سەرنج و گرنگی پێدانن.

ئێستا بۆچوونێك هەیە کە پێی وایە نابێ لە پێشدا چیەتیی فەلسەفە دیاری بکرێت، بەڵکوو باشتر وایە خوێندکار یاخود خوێنەرانی بواری فەلسەفە لە رەوتی خوێندنەوەی هزر و بەرهەمە فەلسەفییەکاندا بۆ خۆیان بە پێناسەیەك بۆ فەلسەفە بگەن، یان بە دەربڕینێکی روونتر، دەبێ بزانین فەلسەفە بە چی دەزانرێت، نەك فەلسەفە چییە. ئەمەش هێمایە لەوەی کە فەلسەفە بە رادەی خوێنەرانی پێناسەی هەیە و بەرینترین و ئازادترین چوارچێوەیە بۆ چالاکیی فکری، هەڵبەت ئەم بەرینی و ئازادیی بیرکردنەوەیە بە مانای بێسەروبەری نیە.

لەگەڵ ئەوەدا کە فەلسەفە لەم قەیرانی پێناسەیە دایە و چارەدۆزی بۆ ئەم قەیرانەش گەلێك ئەستەمە، بەڵام پێم وایە ئاخافتن لە سەر کۆمەڵێك لە رەهەندەکانی فەلسەفە و هزرینی فەلسەفییانە کارێکی بێکەڵك نیە. دیارە بەر لە دەست پێ کردنی درێژەی باسەکەمان پێویستە سەرلەنوێ پێ لە سەر وتەکەی هۆرکهایمەر دابگرمەوە.

گومان کردن، پرسیار، دایەلۆگی فەلسەفی:

بە باوەڕی یەکێك لە فەیلەسووفانی یونانی دێرین چرکەساتی سەرسوڕمانی مرۆڤ لە بوونی جیهانێکی ئاڵۆز و مژاوی لەم چەشنە و بوونی خۆی (مرۆڤ) لەم جیهانە تەماوییەدا، ساتی سەرهەڵدانی فەلسەفەیە. بەڵام ئەو پرسیارەی لە بەرامبەر ئەم وتەیەدا قوت دەبێتەوە ئەمەیە کە پێش لە سەرهەڵدانی فەلسەفەش مرۆڤ هەوڵی داوە سەرچاوەیەك بۆ ئەم بوونە دەست نیشان بکات، کەچی ئەم هەوڵانە هەوڵگەلێکی فەلسەفی نەبوون و خۆیان لە چوارچێوەی ئایین و ئەفسانەدا بینیوەتەوە. پێم وایە ئەگەر بخوازین ئەم رستەیە وردتر بکەینەوە دەبێ بڵێین کە، ئەو چرکەساتە لە مێژوو کە مرۆڤ گومانی لە راستی و دروستیی وەڵامەکانی ئایینەکان و ئەفسانەکان کرد و تێکۆشا بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە ئاکامی سەرسوڕمانی لە بوون بۆی هاتبوونە پێشبۆ بیرکردنەوە لە مەر بوونو ژیان بووبە بیرکردنەوەیەکی ئاکامەندانە، بە ساتی سەرهەڵدانی فەلسەفە دێتە ئەژمار.

لێرەدا ئەو خاڵەی کە بۆ من گرنگە ئەمەیە کە بە پێی ئەم بۆچوونە، فەلسەفە لێکەوتەی سەرسوڕمانی مرۆڤە لە بوون و گومان کردن لە وەڵامە رووکارگەرا و ساکاربینانەکانی ئایین و ئەفسانە، هەر ئەم سەرسوڕمان و گومان کردنەش بوونە هۆی ئەوەی کە پرسیارگەلێکی بنچینەیی لەم بارەوە بۆ مرۆڤ بخولقێن و هەولگەلێکی ئاوەزمەندانەو ئاکامەندانە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان دەست پێ بکەن. فەلسەفە کردەیەکی ئاوەزمەندانەیە و پرسیار کردن و پەیجۆریی وەڵام لە رێگای گوتوبێژ و دایەلۆگەوە بە یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی فەیلەسوف لە قەڵەم دەدرێت.

پرسیارە فەلسەفییەکان خاوەن دوو تایبەتمەندیی بەرچاون کە پێویستە لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەین: یەکەم ئەوەی کە "پرسیارە فەلسەفییەکان پرسیارگەلێکن کە تاکوو ئێستا شێوەیەکی سیستماتیك بۆ وەڵامدانەوەیان نەدۆزراوەتەوە. دووهەمین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چشتیش ئەمەیە کە فەلسەفە خەریکی پرسە تایبەتی و پاژەکییەکان نابێت و خۆی بە تۆیکاری چوارچێوە گەورەکانەوە سەرقاڵ دەکات. یان بە دەربڕینێکی دیکە، فەلسەفە ئینتیمای بۆ پرسگەلێك هەیە کە بە پرسە "چوارچێوەییەکان" (frame work) ناویان دەبەین."(٣) ئەمەش دەری دەخات کە پرسیارە فەلسەفییەکان پرسیارگەلێکی گشتی و بناژۆیین نەك پرسیارگەلێکی پاژەکی و تایبەت.

هایدگەریش لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیارە فەلسەفییەکاندا دەڵێت:"پرسیارە فەلسەفییەکان هەمووکات لەت لەتن، بە شێوەیەکی سەرمەدی ناتەواو، ناکامڵ و بە ڕێگاوەن، هەر بۆیە نیشاندەر و ڕێخۆشکەری ڕێگاگەلێکی نوێن."(٤) پرسیارێکی لەت لەت، ناتەواو و ناکامڵ ناتوانێت خاوەن وەڵامێکی ورد و گشتگیر و سەرمەدی بێت، بەڵکوو هایدگەر واتەنی تەنیا دەتوانێت ڕێ خۆش بکات بۆ گوتوبێژ و ڕێگاگەلێکی نوێ بۆ هاتنە ئارای پرسیارگەلێکی نوێی دیکە نیشان بدات و میتۆدی بیرکردنەوەی نوێی دیکە بخوڵقێنێت. لەم ڕوویەوەیە کە هەتا ئەمڕۆکەش پرسیار کردن و گەرانی ئاوەزمەندانە بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارە فەلسەفییەکاندا بەردەوامە و درێژەی هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە، هاتنە کایەی پرسیار یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەفراندنی گوتوبێژ و دایەلۆگی فەلسەفییە کە گرنگییەکی تایبەتی لە هزرینی میتۆدییانەی فەلسەفیدا هەیە و بە وتەیەك، بەبێ ئەفراندنی پرسیار



گوتوبێژی فەلسەفی جێگایەك بۆ خۆی نابینێتەوە. شایانی باسە کە خوێنەرێکی بواری فەلسەفە کە لە تەنیاییدا فەلسەفە دەخوێنێتەوە فێری بیرکردنەوەی میتۆدییانەی فەلسەفی نابێت و فەیلەسووفێکیش کە بیرە فەلسەفییەکانی خۆی نەخاتە بەر ئەزموونی گوتوبێژ لەگەڵ بیرە فەلسەفییەکانی دیکەدا، ناتوانێت لافی ئەوە لێ بدات کە بیرێکی فەلسەفی ئەفراندوە. هزری فەلسەفی لە ڕەوتی گوتوبێژ و دایەلۆگدا دێتە بوونەوە، نەك لە ڕەوشی چەقبەستن و کڕ کەوتن بە سەر کۆمەڵێك بیری دۆگماتیکدا. هزرینی میتۆدییانەی فەلسەفی لە سرشتی خۆیدا دژ بە هەموو جۆرەکانی چەقبەستوویی، تاکبێژی و تاکهزرینییە و خوڵقێنەری دایەلۆگێکی وەراوەر و بە مافی وەکیەکەوەیە بۆ لایەنەکانی گوتوبێژ. بەرابەری و وەکیەکی لایەنەکانی گوتوبێژ خەسڵەتێکی جەوهەری دایەلۆگی فەلسەفییە. لە هەرێمی فەلسەفەدا هیچ ئایدیایەك پیرۆزییەتی بە سەر ئایدیاکانی دیکەدا نیە و لە بنەمادا وتەزایەك بە ناوی پیرۆزییەت لە هەرێمی فەلسەفەدا جێگای نابێتەوە. هەقیقەتی فەلسەفی ئەو شتەیە کە لە ئاکامی دایەلۆگ و دانوستانی لایەنە فکرییە پێکدژ و جیاوازەکاندا دەخولقێت، نەك وتەی ئەم یان ئەو فەیلەسووف یاخود خاوەن را. ئەم دۆخە ڕێژەگەرا و ئەفرێنەری دایەلۆگەش لە ئاوەزمەندێتیی فەلسەفییەوە سەرچاوە دەگرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەدەبی



## کۆرپە شێعرێکی ئاشقێنی

نووسەر: لون ئووتۆ
و: کامران مرادی

کابرا شێعرە ئاشقانەکەی ڕۆژی "سەنت ڤالەنتەین"ی بۆ نووسیوە. شێعرێکی زۆر جوان دەرچووە و هەڵگری هەستو سۆزو پاكو بێ خەوشیەتی بە با شترین شێوە لەو جۆرە هەستو سۆزانەی کە لای خۆی دەست نەدەکەوتو خاوەنی جۆرێ لە نەرمو نیانی کە لە هی پەرییەکان دەچوو وێنەکانی شێعریو گووتەکانی ئەژین لە شەفافییەتو ڕوونی، شەقلێك کە بە ڕواڵەت ئاڵۆزکاو، بەڵام لە واقیع دا سافو ڕەوانە، بە دەیان جار شێعرەکەی بە دەنگی بەرز بۆ خۆی خوێندبۆوە. باوەڕ ناکات کە بەم باشییە شێعری گووتبێت. ئەوە چاك ترین شێعرە کە تاکوو ئێستا نووسیویەتی.

هەر ئەمشەو بۆی دەنێرێت کە نامەکە دەگاتە جێ، ڕێك سەری وەخت لە ڕۆژی "سەنت ڤالەنتەین" دەیکاتەوەو دەیخوێنێتەوە. دەست بەجێ واقیوڕ دەمێنێتو لە جوانیو هەستو سۆزی شێعرەکە چێژ وەردەگرێ. وێڕای نامەکانی تر ئەم نامەیەش وەلا دەنێت. لە بەر خاتری ئەو خۆشی گەرەك بوو، ڕێك وەکوو نامەکانی دیکە کە لە بەر ئەو نامانە ئەوی خۆش دەویستو بە کەسی تری نیشان نەدەدا چونکە زۆر دوورە پەرێزەو تێکەڵاوی کەس نابێتو خۆشی لەم خەسڵەتەشی دەهات.



پاش ئەوەی کە شێعرەکەی بە خەتێکی جوان نووسیو بۆی نارد، دانەیەکیشی بۆ فایلەکەی خۆی تایپ دەکاتو بڕیار دەدات دانەیەکیش بۆ یەکێ لە گۆڤارە گرینگەکانی ئەدەبی بنێرێت کە تاکوو ئەو کات کاری بۆ نەکردبوون. بۆ پێشکەش کردنی کۆپلە شێعرەکەی دردۆنگ بوو کە ڕەنگبێ خەجاڵەتو شەرمەزار بووبایە، شەرمەزاری ژنەکەیو زۆر شتی دیکە. بۆ دوا جار لە پێشکەش کردنی نامەی شێعرەکە واز دێنێت. دانەیەك بۆ خێزانیشی ئامادە دەکات. دواتریش هەوڵ دەدات هەتاوەکوو دانەیەکیش بۆ ژنە شاعیرێکی ئینگلیسی لە بەریتانیا بنێرێت کە بە ڕاستی لە شێعرەکانی تێدەگات. دانەیەکی بۆ دەنووسێتو لە جیاتی ناوی ژنەکە بەس دوو پیتی یەکەمی ناوو نازناوی دەنووسێت. چەند ڕۆژێك دەخایەنێت تا بە دەستی بگات. بە چەند ڕۆژ دوا کەوتنەوە بەڵام ئەو لە جێدا وای دادەنێت کە چەند ڕۆژ بەر لە "سەنت ڤالەنتەین" لە فکری دا بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەوی ژاکاوی فەرمانبەرێك

ن: هاوژین سلیوە

لە رۆژێکی هاوین دا فەرمانبەرێکی ماندوو دوای ئەوە لە فەرمانگە گەڕایەوە بیجامەکەی لەبەر کردوو دەست و پێو چاوی شوشت بۆ ئەوەی کە مێك دەروونی ئارام بێتەوە، پەرداغە ئاوێکی کەللە تەزێنی خواردەوە لەسەر سفرەی نان خواردن دانیشتوو خێزانەکەی بەپەلە خواردنەکەی بۆ هێنا و دەستی کرد بە خواردنی نان و شفتە و ماستاوی سارد دوای ئەوەی لە نان خواردن بووەوە هێند ماندوو بوو توانای نەبوو دەست و ددانەکانی بشوات لەسەر دۆشەگێکی تەنك و شپرێو راکشا و سەرینەکەی خستە بن سەری و یەك دوو جار سەیری سەقف و دیوارە لەت لەتەکەی کردوو یەك دوو هەناسەی سارد و گەرمی هەڵکێشا و خەوی لێکەوت، خەوێکی قورس خەوێك تێکرا جەستەی بوو بە پەڕۆ، خەوێ بۆ هەستانەوەی جەستە سەعات ٢:١٠ بوو زەنگی موبایلەکەی لێیدا لەم خەوە خۆشە خەبەری بووەوە دەستی بۆ موبایلەکەی برد:

- بەڵێ فەرموو.

- موبایلی مام وەسمانە.

- نەخێر کاکە هەو نیە.

- ئەی موبایلی کێیە؟

- موبایلی هەر کەسێك بێت موبایلی مام وەسمان نیە.

هێشتا چاوی خەواڵوو بوو سەر خەوێکی بۆ نەشکاندبوو راکشاوە و لاقی راستەی دەجوڵاندەوە و جەستەی وەك لانك دەجوڵایەوە لەناکاو خەو لە چاوی کەوت دەستی کرد بە پرخە پرخ لە دەرگا درا( شرق شرق شرق) دەتکوت ئاسنگەرە و پلێت ڕاست دەکاتەوە( شرق شرق) لەگەڵ لە دەرگا لێدانیش ( جڕ جڕ جڕ) جەڕەس لێدەدرا دیسانەوە خەو لە چاوەکانی زڕا و هاتە دەر، دەرگای کردەوە، زرهێکی فڕتە بۆزی مل ئەستووری کەڵەگەتی قەبۆز قەوی و سمێڵ بابڕە و منداڵێکی بچووکی چڵمنی حەوت هەشت ساڵانە لە پشت دەرگاوە وەستاون:

- فەرمون فەرمون

- سمێڵ بابڕە: دەست و پلە زلەکانی بەرز کردەوە بۆ راوی ئاسمان لە رای خودا خێرت دەگاتێ یارمەتییەکمان بدە من هەژار و نەدارم ئەو منالەش باوکی شەهیدە و زۆر دەست کورتین .

فەرمانبەرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و نەختێ تێڕاما و لە ناخی خۆیەوە وتی( لەوانەیە من زۆر دەوڵەمەند بم لەم شارە گەورەیە و لەم وڵاتە فراوانە سەد مەتر زەوییم دەست ناکەوێت کۆڵێتێکی تیا قیت کەمەوە )

کابراس سمێڵ بابڕە دیسان دەنگی هەڵبڕی و خێرت دەگاتێ شتێکمان بدەیە.

- فەرمانبەرەکە نەختێکی تر راما و بیری لە وشەی"خێر" دەکردەوە لە دڵی خۆی دەیکوت خێر، ئەی بۆ کەس خێر بە من ناکا خێر... دەنگی هەڵبڕی

- باشە ئێوە یەم نیوەڕۆیە بۆ لە دەرگای





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵك دەدەن خەڵك هەمووی خەوتووە.

–سمێڵ بابڕە: بڵـێم چـی کاسپیەکەمان ئـەو هایە.

فەرمانبەرەکە بەرەو ژوورەوە چوو پارە بهێنێ، منداڵە بچووکەکە چریکاندی مامۆستا، مامـە تینوومە نـەختێك ئـاو، فەرمانبەرەکـە چـووە ژوورەوە و دەستی بۆ گیرفانی کراسەکەی بـرد و سەیری کرد و پارەکەی ژمـارد یـازدە هـەزار و پێنج سـەد دینـاری تێـدا بـوو لەبـەر خۆیـەوە دەیکوت لە هەموو ماڵی دونیـا ئەوەنـدە شـك دەبەم هێشتا ١٠ڕۆژ ماوە بۆ وەرگرتنی مووچـە ئەگەر دوا نەخرێت کەمێك راما و پێـنج سـەد دینارەکەی دەرهێنا کە دوو دووسەد و پـەنجایی بوو دۆلکە ئاوێکی سـارد و پەرداغـە ئـاوێکی هەڵگرت و هەڵگرتوو بەرەو دەرگا هات و یەکێ دووسەد و پەنجا دینـاری خسـتە مسـتیانەوە و پەرداغەکەی پڕئاو کرد.

– سمێل بابڕە: بەخوا پارەکە کەمە بەو نیوەڕۆ گەرمـە یـەکێ دووسـەد و پـەنجا دینارمـان دەدەیەی.

فەرمانبەرەکە کەمێ راما و لە دڵی خـۆی دا کوتی با بەڕکمان بگۆڕینەوە.

– سمێڵ بابڕ: بەخوا کەمە.

– فەرمانبەرەکە: بڵێ بـەزیاد بـێ، فـەرموو ئاوەکەت بخۆرەوە

– سمێڵ بابڕ: پەرداغم ناوێ دۆلکـە ئاوەکـەم بدەرێ.

دۆلکە ئاوەکەی پێدا و لێوی پێوەنا و ( قـرپ قرپ قرپ ) تا سێ چـارەگی دۆلکـە ئاوەکـەی خواردەوە و نیوەشی بەسەر سینگ و ورگـی رۆ کرد، یەك دوو جار لێو و لچی لێکدا و( ئاح ئاح مت مت ئاە ). هەناسەیەکی نوێی هەڵکێشـا و یەکسـار پەرداغـەپڕ ئاوەکەشـی دا بـە کـوڕە بچکۆلەکە و یەکبین خواردییەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و تاسەی تینوێتی شکا.



ئاویان خواردەوە پارەیان وەرگـرت بـەڵام بـەر لەوەی بڕۆن فەرمانبەرەکە بە سمێـڵ بـابڕی وت: کاکە تۆ خانووی خۆت هەیە؟

سمێڵ بابڕە: ئەیچۆن خۆ من دۆم نیم لە چـادر بژیم یان کرێ گرتە بم.

رووی لە منالەکە کرد ئەی تۆ کـەی باوکـت شەهید بووە.

– لەشەڕی ناوخۆ

سمێڵ بابڕە و منالەکە خواحافیزیان کردو و بە جووتە بەرەو ماڵەکانی تر ڕۆیشتن. فەرمانبەرەکە دەرگاکەی پێوەدا هاتەوە سەر جێ هێشتا چاوی خەواڵوو بوو بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی منالـە شەهید بێ نانا شێوەی هەر لە زەلامەکە دەچوو، منالێکی کەڵەگەت بوو چاو و بـرۆی هـەر لـە زەلامـەکە دەچوو نازانم دەبێ برازای بێ؟ شێوەی هەر لەو دەچوو نانا بۆ ئەوەیان بوو لە هەر ماڵەو دووجار پارە وەرگرن، با وا دابنێین کوڕی شەهید بوو؟ ئاخ ئاخ... شەهیدێ لە پێنـاوی چـی؟ بـا ئەوانەی باوکیان لە هیچو خۆڕایی بە کوشـتن دا بەخێوی کەن.

لەو قسانە و خەیاڵانە بوو خەو چاوی دەبردەوە ماستاوەکە زۆر کاری تێکردبوو وەك چۆن بـەرج کرایێ بۆ خەو ئاوا هەستی بە قورسایی جەسـتە و بێتاقەتییەکی زۆری دەکرد. راکشا و یەك دوو جار خۆی بەم لاو بەولادا سوڕاند( پرخ پرخ پرخ ) کەوتـەوە خـەوێکی قـووڵ لـە ناکـاو کارەبـا کووژایەوە و ژوور بوو بە ژیلـەمۆ و ئـاگر هـەر ئەوەندەی زانی هەموو گیانی لە ئارەقە وەرداوە و هەستا و دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی هەوایـەکی فێنکی بۆ بێت بەڵام لە هاڵاوی ئـاگر و دەنگـی جیك جیك کەرە هیچی تری بۆ نەدەهات.

کەمێك تێڕاما و یەکسەر بیری لەو کرێکـارە بەستزمانانە دەکردەوە کـە لەبـەر ئـەو هـەتاوە ئاگرە رەنج دەدەن لەسـەر خۆیـەوە دڵـی بـەوان دەسووتا و بیریشی بۆ لای ئەو کەسانە دەچوو کە لەبەر سـپلیت خـەوتوون و هـەرگیز کارەبایـان نابڕێ.

سەری بڵێند کـردوو بـە تەنیشـت سـەعاتی کارەباکەی پارچە کاغـەزێکی بینی سەیری کـرد پەنجاهەزار دینار پارەی کارەبا هاتووە تێڕامـا و خەم دایگرت ئارەقەش وەك نمەی باران بـە سـەر ڕوومـەتی و نێـو چـاوانی دەهاتـە خـوار، لـە ژوورەوەش بۆڵە بۆڵی ژن و زیرەت گریانی منالان بەرپا بوو لەبەر گەرمی ئەم هاوینە تووشەی بـێ کارەبا. دەستی تەڵغ و شك و ترشا و تەبیعـەت ژاکـاو بـوو و یەکسـەر یازدەهەزارەکـەی نـاو جزدانەکەی هاتەوە بیر و ئەوەندەی تر شپرزە بوو دەمی وشك بووە و داواکاری جل و بەرگی خێزان و کتێـب و دەفتـەر و قەڵـەمی منـدالان و قەرزەکەی حاجی ئەحمەدی هاتنەوە بیر. دەمـوو چاوی کابرای خاوەن ماڵ و وەك ئیزرایـل هاتـە بەرچاوی ئەوەندەی تر هەلبزرکا چـووە ژووری و لە ترمزەکەوە پەرداغە ئاوێکی وەرگـرت ئـاو چ ئاو ببوو بە شیر گەرم داهاتبوو، ئاوە ساردەکەی نیوەڕۆ بوو بەڵام کلۆ بەفرەکان تواببوونەوە و شفتە و ماستاویش لەسـەر دڵـی هەڵترشـابوو لەبـەر خۆیەوە دەیگوت خوا قبوڵی نەکا ئەم تاوانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# "مردووناشتن"

و: سەلاح نیساری

دەبوایە کاتژمێر دوو و نیو حەشامات لە بەر دەرگای ماڵی کیژۆڵە مردووەکەوە بەرەو گۆڕستان وەڕێ بکەون. بەڵام خەڵکە ڕەشپۆشەکە زۆر زووتر لەوێ وەخڕ ببون. ئەوان لە سەری کۆڵانی حەساری کلیسا چاوەڕوان مابوونەوە. ماڵی کچۆڵەکە ڕووبەڕووی ئەو کۆڵانە بوو. جا بۆیەش ئەگەر ئاپۆڕەکان لەوێوە وەڕێ کەوتبان، هێندەی نەدەخایاند دەگەیشتە شوێنی مەبەست. دەرو جیران هاوکات لە گەڵ خەڵکی شارو دێ لە گەڵ هەوارچیان و ماسیگرە کانی ئەو بەنداوەی کە کچەکە هێندێ لە خوارترەوە تێدا خنکابوو. هەر تازیە بارێك کە دەگەیشتێ یەکڕاست دەچووە لای ناسیاوی خۆی و پاش ئەوەی تۆزێك باسی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەیان دەکرد هەر لە بیریان دەچۆوە بۆچی هاتوون. خێرا باسی گیروو گرفتی شارۆچکەکەیان دەهێنا گۆڕێ.

(جان مووینی) لە ڕێگا کۆنەکەوە هاتبوو، هەر کە گەیشتە سەری کۆڵانەکە، هەرای کرد جیمز ئۆهارا، جیمز حاڵت خاسە؟

جیمز ئۆهارا پیاوێك بوو تیشکەڵانە، سەرو سەکتی هەر لە ڕێوی دەچوو، هەر کە گوێی لە دەنگی مووینی بوو ئاوڕی دایەوەو گوتی ئای، چۆن بم، شپرزەو بەسەر یەکداڕووخاو، ئەتۆ چۆنی؟ "

"منیش خەراو نیم، ئێژم ئەم کەنیشکە هەناسە ساردە ئای چەندە جێی داخە!"

"هەر وایە بە خودای وەختێك منالێکی ئەوەندە بوو دەمناسی!"(دەستی هەتا سەر ئەژنۆی هێنا خوارێ) گوتی: "نازانی چەندە منالێکی زیت بوو! بەس بوو شتێکت پێوتبا، دەست بە جێ وەڵامی دەدایەوەو سەرت سوڕدەما! "لە وەختی قسە کردنا سەری قیت ڕادەگرت. جان مەك گلۆرکی لە دوورەوە دیت بۆلای هات. وتی: "جان، تۆش لێرەی؟ !"

مەك گلۆرك پیاوێك بوو سەرو چاو خڕ، چاو چکۆلە، دەم بە پێکەنین، دووکەڵ بە باقە لە سەری هەڵ دەستا، لێیان نیزیك بۆوە.

لە وەڵامی ئۆهارادا گوتی: "ئەوە نییە دێم بۆ لاتان."

مووینی گوتی: "لە حەفتە بازار دیتمت، کەچی تۆ هۆشت لە جێگایەکی‌تر بوو منت نەدی، گاگەلەکەت خاس فرۆشت یان نا؟ "

"خەراپ نەبوو لەوە دەچوو زیاتریشیان پێدابام، بگرە کەمتریش! "

"گوێرەکەکەی هاورد بووم بۆت فرۆشرا؟ "

"نا، گوێلکی چاکە، خۆ پوولی کیلۆیەك پیوازیان نەدەدامێ . . . "

ئۆهارا دەستێکی لە سەر شانی داناو گوتی:

"کاکە پێموابێ تۆ هاتووی بۆ مردووناشتن، وانییە! "جان مەك گلۆرك لەو بەری شەقامەکەوە چاوی بڕیبە دەرگای ماڵی کیژۆڵە خنکاوەکەوە گوتی: "وام بە چاك زانی بێم بۆ شارو لەو پرسەیەدا بەشدار بم، خوا بیبەخشێ! "(هاوکات هەرسێك پیاوەکە لە گەڵ ئەو، کڵاوەکانیان لە سەر خۆیان داگرت)

جان پرسی: "کەی دەینێژن؟ "

مووینی گوتی: "قەرار بووکە ساعەت دووو نیو بینێژن، بەڵام جارێ هەر خاوەخاویانە، قەرارە فایتوونی پۆست بێتو جەنازەکەی هەڵ گرێ، ئەمیش جارێ نەگەیوەتە بلفاست، جیا لەمانەش ئاشناو دۆست لە دەرێیەوە بێنە ئێرە نانی نیوەڕۆیان گەرەکە. بەم حیساوە تا سێی دوانیمەڕۆ ماتڵ دەبین! "

جیمز ئۆهارا گوتی: "ڕاستیش دەکەی! "لە پاشان ڕووی کردە جان مەك کلۆرگ، گەلا تووتنێکی خستە بەر ددانی، تۆزێك دواتر لە قوونچکەکەی کردەوەو پاش نەختێك جاوین تفێکی زەردی فڕێدا سەر جەدوەلی قەراخ شەقامەکە، گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"تۆ دەڵێی من گرانم وتووە؟ بەڵام من دەڵێم بەو پارەیەش زۆریش هەرزانە! "

مووینی وتی: "پێش ئەوەی کەنیشکەکە بچێ بۆ سەر بەحری قسەی دەکردو ئەکەنی! خودایە مردنی ئاوا بە قسمەت کەس نەکەی! "زۆر بە شوێن مەیتەکەدا گەڕان تا دیتیانەوە؟ "بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا"

جیمز ئۆهارا گوتی: "گوێلکەکە دەدەی بە پێنج پاوند و پێنج پنی؟ " "کەمێکی دیکە بۆم زیاد بکەی دەیدەم! "

مووینی وەك کەسێك بیبەوێ قسەیەك دووپاتە بکاتەوە گوتی: "خنکاوەکەیان هەر لەو شوێنە دۆزییەوە، زووتر تێی کەوتبوو پیا سەری سوڕ ئەمێنێ، ئەم بنیادەمە ئاوەکە بەملاو ئەولایدا ئەدا، کەچی دوایی هاوردوویەسەوە سەر جێگای هەوەڵجاری! "بە سەری تۆ وایە" "جۆن، هەر قسەی تۆیە! "

پیاوێك بە کۆتێکی فشەوە لە دەرگای ماڵی کچەکەی دا. ئەو پیاوەی لە تەنیشت مووینی راوەستابوو لەوی پرسی: "ئەو کابرایە کێیە ئەو تەپڵەیەی لە سەر ناوەو ئەو کۆتە شۆڕەی لە بەر دایە، تۆ دەیناسی؟ "

مووینی وەڵامی داوە: "ئەمە ئەوەڵ جارە دەیبینم. رەنگبێ خەڵکی ئەم ناوە نەبێ. جیمز تۆ نایناسی: "

ئۆهارا وتی: "نا، نایناسم، لەوە دەچێ بە شەمەندەفەر هاتبێ. فایتوونی پۆست هاتووە جەنازەکە راگوێزێ، ئەوەتانێ(پتریك ماگراس) بە سواری فایتوونەکەی گەیشتێ. مووینی درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: "سەیریش نییە تۆ راست بێژی، چاوت تێ‌وە بوو لە رۆژنامەی(دری)دا سەبارەت ئەو کەنیشکە چی نووسیابوو، ئەو ژنە جاهێڵە لە دایرەی پۆست کار دەکا خەوەرەکەی نووسیبوو! " "هەروایە، منیش خێندوومەتەوە. شتی سەیروو سەر سوڕهێنەری نووسیبوو، پیاو واقی وڕدەمێنێ، بڕوام نەدەکرد. ئەو ژنە بتوانێ شتی وا بکات!" "وا دیارە کار بەدەستی دەوڵەت بێ، بە تۆش وانیە؟ "

لە رۆژنامەکەدا نووسیبووی ئەو کیژۆڵە جوانە بەراستی زیرەك و فامیدە بووەو هەر لە قوتابخانەی دری، کە باوکی ناردبووی، کۆلێکی خەڵات وەرگرتبوو، خودا دەزانێ ئەو بابەی بۆ پێگەیاندنی چەندێکی پووڵ و پارە سەرف کردووە! "

"هەرواسە، بە گیانی تۆ داوای رۆحی بنیادەمی کردبا بۆیان پەیدا دەکرد. رۆژەڕەشی هەناسەسارد، ئای! "

"بەڵێ، ئەو رووداوە فێرمان دەکا دەرحەق بە منداڵەکانمان کەمتەر خەم نەبین و بیانعاملێنین! "

دوو لاوی کەڵەگەت، کە تاجە گوڵێکی بەنرخیان بە دەستەوە بوو چوون لە دەرگاکەیان دا، بەبێ مەحتەل کردن فەرموویان کردن. جان مووینی گوتی: "ئێوە خۆتان سەیرێکی ئەم تاجە گوڵە بکەن. دەزانن چییە برای من، حەتمەن پوولێکی خاسیان پێداوە، ها! "



"بەڵێ،

ئەو تاجە گوڵە یەکیەتیی لاوان ناردوویەتیەن بەڵێن وابوو کچە لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان زەماوەند بکات. یانی نەتبیستووە؟ "

"نا، کوڕەکە کێ بوو، ها؟ " "وابزانم کوڕی (مەك کارکن) بووە! " "ئەی لەم هەتیمە! "

"بەڵێ، کوڕە قوڕ کرا بە سەریدا!



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۰۰۰ جان مەك كلارك، گوێرەكەكەت بە شەش پاوندو دوو پنی دەفرۆشیێ؟ "

"كاكی خۆم، ئەگەر پوولی چاكم بدەنێ ئەی بۆ نایفرۆشم! "

جان موووینی وتی: "پیاگ خاس زۆرن تاجەگوڵ بنێرن! "

"بەراستی هەروایە، بەلاّم كاكی خۆم، پیاو نابێ لە ڕۆژی ئاوا دا، سەر داخات و دەست قووچاو بی، دلاّوا بە و خێرۆمەند! ۰۰۰ پێم بلّیێ بزانم جیمز، ئەتۆ حازری شەش پاوندو دە پنی بیێە خواریێ؟ "

ئۆهارا، كەمێك لە خەلّكەكە دوور كەوتەوە و ئەوە توتنەی خەریكی جووینی بوو تفی كردەوە، درێژەی بە قسەكانی دا: "دەزانی چۆنە، من دەمویست بزانم ئەگەر كەسێك كڕیار بوو، بەو پارەیە دەیفرۆشی یان نا، دەنا من پێنج پاوند زیاتر نادەم! "

"ئەگەر وایە هەر بیریشی لیێ مەكەوە، بەو حیسێبە من و تۆ ڕێك ناكەوین! لە تۆ وایە ئەم گوێلكەم دیوەتەوە، هەروا بە هەرزان و تالاّن لە چنگمی دەربێنی، هەتا دەمری بەو هیوایەوە بە! "

ئۆهارا گوتی: "تەماشا ئەو گشتە خەلّكە لێرە وەخڕ بوون. ڕووی كردە حەشاماتەكە و گوتی: "ئەگەر ئەقلّم هەبیێ ئەو هەزارە زیلەیە هاتوون هەتا لەگەلّ جەنازەكە بچن! "

"چاكی بۆ چووی، بەلاّم من لەوە قەرەبالّغتریشم دیوە، ئەو كاتەی دوكتور(كوچرین) مرد لەبیرتە؟ ئەو خەلّكەی لە بەر ئەو هاتبوون، بڕوام پێ بكە ئەوەندە و نیوێكی ئێستای ئەو خەلّكە دەبوو! "


"بەلێ هەر وا بوو، دوو كیلۆمتر خەلّك ڕاوەستابوون! "

دەرگای ماڵەكە كرایەوە چەند كەسێك چوونە ژووریێ، موووینی وتی: "هەر ئێستا ئەكەفتە ڕیێ. "

"وادیارە، خودا بیبەخشیێ. تازە لەم دنیایە بەشی ئەو كیژۆڵە تەواو بوو. دەبیێ لەو ڕۆوە هەتا ڕۆژی قیامەت تەخت بخەویێ! "

"ڕەحمەت لە قەوری باوكت، بە خوا قسەی خاس بە ئەمە ئێژن! ۰۰۰"

دەرگاكە بە ئارامی كرایەوە چەند كەسێك كە تابووتێكی زەردیان لە سەر شان بووهاتنە دەریێ و سێبەری بێدەنگی شەقامی شارۆچكەكەی داپۆشی. پیاوان بە نیشانەی ڕێز لێنان كلاّوەكانیان لە سەر خۆیان لابرد، ئەوانەی وا كاتۆلیك بوون دەستیان بە نیشانەی خاج لە سەر سینگیان دانا و بۆ شادی ڕۆحی مردۆكە دۆعایان كرد. زۆربەی ژنەكانیش لەچكەكەیان لە بەر چاویانەوە گرت و ملیان نا لە گریان. تابووتەكەیان لە شەقامەكەوە هێنا و بە شانی كۆلاّنەكە دا هەلّگەڕان. بەرەو گۆڕستان وەڕێكەوتن، حەشامات بە نەرمی و لە سەر خۆ كەوتنە جوولّە زەنگی كلیسا لە سەرە خۆ دەنگی لیێبەرز بۆوە، لە ماڵی كچە خنكاوەكە ژنێك بە بانگ و سەلاّ دەگریا.



جیمز ئۆهارا هەر لەو كاتە دا كە جەنازەكە بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕی گوتی:

"گوێلكەكەت بە شەش پاوند لیێ دەكڕم"

مەك كلۆرگ كە بە نیشانەی خاج دەستی لە سەر سینگی دەدا، گوتی:

"خودا لیێبخۆش بیێ! بە خۆرایی سەری خۆت مەهێشێنە، یەك قسە شەش پاوندو دە پنی"

"بە سەری تۆ لەوە زیاتر قەوەم نییە! "

"مردووت مریێ، بۆ چەندە چەنە درێژی دەكەی، پێم وتی قسە هەزارە و یەكی بەكارە، شەش پاوندو دە پنی! "

"ماڵت بەقوڕیێ نەگیریێ بۆ تەماحت! ۰۰۰"وەلّلاّ ددانێكت بە حەوت ساڵان دەرهاتووە"

"بەو سەرە شیرینەت زۆر خەراپی بۆ چووی، زۆریش خۆش سەودام!۰۰۰ كارێك بكە نە شیش بسووتیێ نە كەباب! "

"ئەگەر ئاوا پیاوی چاكی ئەوەندە پیێ دامەگرە"

"نا، بیێ ئەولاو ئەملا هەر ئەوەیە وتم! "

"جاریێ ئەوە ئاپۆرەكە لە سەر قەبرانە۰۰۰ وەرە با بچین بۆ مەیخانەی(مالونی) ئەو وەخت دەزانم لەگەلّت پێك دیێم. "

ن / ست جان اروین
وەرگێڕان بۆ فارسی/ محەمەد ڕەمەزانی
سەرچاوە: خندە ایرلندی
ناشر: عابد
ساڵی چاپ: بهار۱۳۸۲



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# كۆمەڵایەتی


# چەند هەنگاوێك تا لەشفرۆش بوون

ن: ئیمان موزەففەری
و: نیان بداغی




لە بەرامبەر ئاوێنەکە دا دەوەستێ. ژووری خەوەکەی هەروا پێك دادراوە. تەختێکی دوونەفەری کە تێك قوپانی باڵنجو گنجولۆچ بوونی مەلافەکان پێت دەڵێن کە دوو کەس لەوە پێش لە سەری نوستوون. هەوا تەمومژە، هەوروهەڵایەکی سەیرە. پەردەی ژوورەکە رەنگی لێڵی ئاسمانی گرتووە. بێدەنگییەکی تاڵو هەژێنەر فرمێسکی خستۆتە باوەشی بیرکردنەوەیەکی قووڵ. ئەو نازانێ سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوەیە لە کوێڕایە، کەچی پێی خۆشە زیاتر بیر بکاتەوەو لێی ورد بێتەوە. بەو حاڵەش گڕی گرتووە. چاو دەبڕێتە وێنە لە قاپ گرتووەکەی تەنیشت میزی خۆڕازاندنەوەکەی. فەرهاد لە باوەش گرتووەو ماچی دەکا. وێنەکە دەیباتەوە کۆشی بیرەوەرییە شیرینەکانی ژیانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوبەشی لەگەڵ فەرهادی هاوسەری. شانەیەك بە قژە ئاڵۆزەكەی دا دێنێ و چاو لە رەنگی بۆیەی نینۆكەكانی دەستی دەكا. ئێستاش بریقەیان دێ. روخسارێكی هێمن، چاوێكی گەش، تەواو بەدڵی فەرهادە.

لە خۆی پرسی بۆچی هەتا زیاتر بە دڵی فەرهاد دەژی، لە خۆیو فەرهاد پتر دوور دەكەوێتەوە؟ بۆچی نێوانی ژیانیان تا دێ پتر هەراوتر دەبێ؟ ئەو ئێستا لە كوێی ژیانی فەرهاد دایەو فەرهاد لە كوێی ژیانو بیركردنەوەی خۆی؟ هەورەبریسكەیەك هەودای خەیاڵی دەپچڕێنێ. چاوێك لە تەختو جێ خەوەكەی خۆیو فەرهاد دەكاتەوە. دوای ٥ ساڵ ئێستا شوێنی ئەو لە ژیانی هاوبەشیاندا چیە؟ قسەكانی رووناكی هاتەوە بیر. چند رۆژێك لەوە پێش دیبووی. ئەو كاتەی داوای لە فرمێسك كردبوو لەگەڵی بێ تا مانتۆیەكی نوێ بكرێ. بەڵام لە بیری نیە كە چۆن بوو باسەكەیان كێشرایە ئەوە. بەڵام فرمێسك وشە بە وشەی ئەو باسەی لە بیر مابوو.



ــ تۆ دەزانی لەشفرۆشەكان چۆن دەژین؟

ــ برۆ خری كەوە. لەشفرۆشەكان كوا دەژین!

ــ ئەدی چ دەكەن؟

ــ كۆیلایەتی، ئەوان تەنیا كۆیلەنو بەس!

بەخۆشی نەیزانی كە دەڵێ چی. بەڵام رووناك كە مانتۆكەی لەبەر كردبوو و لە نێوەڕاست دووكانەكە خولی خوارد، سەری هێنایە بن گوێیو گوتی: بەڵام ئەمن زۆر كەس دەناسم كە كۆیلەی مێردەكانیانن. فرمێسك تاوێك بێدەنگ بوو و پاشان هەر لە خۆرا گوتی: یانی دەتەوێ بڵێی كە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەوانو لەشفرۆشەكاندا نیە؟

گرمەی هەورە تریشقە ئاسمانی بیركردنەوەی فرمێسكی پێك دادا. چاوی بە ژوورەكەی دا گێڕا. چەك پوولێكی ٢٠ هەزارتمەنی لە تەنیشت میزی خۆڕازاندنەوەكەی بوو. كاری فەرهاد بوو، هەر وەك جاران. ئەو هەمیشە لە سەرەتای حەوتە دا پوول یان چەك پوولی لە تەنیشت میزی ئارایشەكەی بۆ بەجێ دەهێشتو بەیانی بێ ئەوەی فرمێسك وەخەبەر بێنێ لە ماڵێ دەچۆ دەر. هەمو شتێك رەنگوبۆی چەند پاتبوونەوەی گرتبوو. مانگ بە دوای مانگ تێپەڕیبوو كەچی ئەو هیچ شتێكی وای لە فەرهاد نەبیستبوو كە دڵی پێی خۆش بێ یان بۆنی هەستو سۆزێكی لێوە بێ. تەنانەت ئەو كاتانەش كە لە ئەو پەڕی نیزیكیو پێوەندی دا بوون. لە جەستەی خۆی ورد بۆوە. هەموو شتێك بەدڵی فەرهاد بوو. لە خۆڕازاندنەوەو سوورو سپیاو كردنی را تا خۆ كز كردنو شۆخو شەنگ هێشتنەوەی خۆی.

فرمێسك ئەو رۆژە قسەكانی رووناكی بە هێندە وەرنەگرتو پێی وابوو كە چونكی رووناك راوێژكاری خێزانیيە، بە هۆی فشاری كاری یان دیتنی چەند وێنەیەكی دەگمەن تووشی ئەو خراپ تێگەیشتنە بووە. بەڵام نا، دەتگووت ئەویش بۆتە یەكێك لەو كەسانەی كە رووناك باسی دەكردن. بێزی لە خۆی دەكرد. پێی خۆش بوو خۆی لەو بیركردنەوەیە رزگار بكاو لە لایەنە باشەكانی ژیانی هاوبەشی خۆیو فەرهاد ورد بێتەوە.

چاوێكی لە ئاوێنەكە كردەوە. چاوەكانی كزو نیگاكانی خۆڵەمێشیو روخساری تەم گرتووی تەنانەت بۆخۆشی تیكراری بوو. دەتگووت هیچ چەشنە سوورو سپیاو و كەرەسەی خۆڕازاندنەوە چیدی ناتوانێ گۆڕانێك لەوە دا دروست بكا. بەڵام ئەوە گریمان واش نەبا، خۆی بۆ كێ گۆڕیبا، بۆكێ خۆی تاسو لووس كردبا؟

ساعەت ٨ ئێوارە گوێی لە كردنەوەی دەرگای ماڵێ دەبێ. فەرهادە هاتۆتەوە. فرمێسك سڵاوو ماندوونەبینی لێ دەكاو ئەویش سەرێكی بۆ دەلەقێنێ. لە بێدەنگییەكی دوولایەنەدا نانو چا دەخورێ. فرمێسك تەنیا گوێی لە دەنگی ئەو گۆرانییەیە كە لە ماهوارەكەدا بڵاو دەبێتەوە. قاپو قاجاغ كۆدەكرێنەوەو دەشۆردرێن. فرمێسك چۆتە ژووری نوستنو فەرهاد چاو لە بەرنامەكانی ماهوارە دەكا. ئێستاش لە نێو قاپی وێنە گچكەكەی نێو ژوورەكەیو لە ژێر رووناكایی دڵگیری شەوخابەكەرا خۆیو فەرهاد دەبینێ كە لە باوەش یەكتر دا بۆ یەك پێدەكەنن.

دەنگی تەلەڤزیۆنەكە دەبڕێ. فەرهاد دەركی ژووری نوستن دەكاتەوە. بێدەنگ لە تەنیشتی رادەكشێ، فرمێسك ئیدی هەست بە نامۆیی پەنجەو هەناسەكانی دەكا. جەستەو لەشی وەك كەرەسەیەك كە دەبێ

کاری خۆیان راپەڕێنن، دەبێ بدرێتە دەست وەستا کارەکە. وەك هاچەر فەرانسە یان پێچ کوشتی‌یەکی نێو دەستی مکانیکێك. ئیدی هەست بە هیچ چەشنە سۆزو خۆشەویستی‌یەك ناکا. وەك بڵێی هەموو توانای تواوەتەوە. ناتوانێ چاو لە قاپی وێنەکەیان هەڵبگرێ. هەست بە سووکایەتیەکی سەیر دەکا. بەڵام فەرهاد هیچ نابیسێ‌و واز ناهێنێ. دەنگی هەڵ دێنێ.

ــ فەرهاد، فەرهاد بەسە ئیدی، بیکە بەخاتری خودا تەواوی کە.... واز بێنە ئەمن چیدی ناتوانم. بەڵام وەك بڵێی لەگەڵ دارو دیوار قسان دەکا. ئەو هەر دەپاڕێتەوە فەرهادیش واز ناهێنێ تا تەواو دەبێ‌و بە ئۆرگاسم دەگا (لیی تێر دەبێ) و دوای چەند ساتێك لە تەنیشتی رادەکشێ. بەڵام ئێستا پشتی تێ کردووەو پەتۆکەی بەسەر خۆی داداوە. فرمێسك تەنانەت وەرناسوورێتەوە تا فەرهاد ببینێ. رووی لێ وەردەگێرێ‌و دیسانەکەش قاپی وێنەکە لەبەر چاوێتی. فرمێسك‌و فەرهاد لێو بە بزەو لە شەوی بووکێنی‌و زاوایەتی دا.

ئەو دوای پێنج ساڵ ژیانی شەرعی‌و قانوونی ناتوانێ خۆی لەو پرسیارە دەرباز بکا کە بەراستی "نێوانی ژیانی ئەوو لەشفرۆشەکان چەندەیە؟"

# تووڕەیی

و:عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور (چیا)



لە بواری وشەوە، تووڕەیی بە واتای هەڵچوونو قەڵسی‌یە کە لەوانەیە بە نیشانەگەلێك وەکوو: گۆران لە لێك کێشانی ماسولکەکان، مۆن بوون، ددان لە چیرە بردن، چاوتێبرین، مست کردنی دەست، گۆڕانی رەنگی رووخسار، سڕی، ئارەق کردنو هتد... بەدیار کەوێت. بەڵام بابەتێك زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە تووڕەیی‌یەکە دیاردەیەکی تەواو سروشتی‌یە، چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی بکەینو هەروەها بیکەینە هێزێکی داهێنەر. بە هەر حاڵ خەڵك لە هەموو شوێنێکی جیهان تووڕە دەبن، بەڵام تووڕە بوونیان بەرامبەرە بە رێنمایەکانی کولتووری کۆمەڵگایەکەیانەو ئەم رێنمایانە لە هیچ پەرتووکێك دا نەنووسراونەتەوەو تەنیا بە شێوەی دەروونی "ضمنی"و زارەکی لە نێو خەڵکی دا باوەو کاتێك ئەوانە ژێر پێ بنرێن نێشان دەدا کەسێك پەیدا بووە کە هەڵسوکەوتی بەرامبەر نیە لەگەڵ چاوەڕوانی‌یەکانی کۆمەڵگا. هەر کاتێك تووڕە دەبین وا بیر دەکەینەوە بە تووڕە بوون لەو کەسەی کە لێی تووڕەیین کاریگەری لە سەر دادەنێینو وا بیر دەکەینەوە ئەو بەرپرسی کردەوەکانی خۆیەتی‌و نەدەبوو وای هەڵسەکەوت کردبا.

تووڕەیی‌و شێتی، هەم بە بۆچوونی دەروونناسی‌و هەمیش لە باری زمانی‌و وشەوە، پەیوەستن بە یەکەوە، لەبەر ئەوە کە لە زۆر لە فەرهەنگەکاندا کەسی تووڕەو کەسی شێت، هەردووکیان بە کۆنترۆڵ نەکراو دەزانن‌و باوەڕیان وایە کە ئەو دووە ناتوانن بەرپرسیاریەتی کارەکانیان وەئەستۆ بگرن.

**هۆکارەکانی تورە بوون دەتوانین بە سێ گرووپی گشتی دابەش بکەین:**

١ـ گرووپێك لە هۆکارەکانی تووڕە بوون شتێکە کە پێی دەگوترێ "تەنی بێ گیانی نەزان" واتە کەلوپەلێکی ساکارو دواکەوتوو کە تووڕەیی خێراو زۆربەی کات لاوەکی دێنێتە کایەوە. بۆ نموونە شکاندنی قەڵەم جاف یان قەڵەم (کاتێك کە نانوسێ یان نوکەکەی دەشکێ)، شکاندنی ئاوێنە، گرمۆلە کردنی کاغەزو... کە لەو کاتەدا کردەوەکەمان بە شێوەی کاتی وەکوو کردەوەی منداڵانی لێدێ. بە جۆرێك

که جیاوازی نێوان کەلوپەلی گیاندارو بێ گیان له بیر دەکەین‌و وابیر دەکەینەوە قەلەمێك یان شتێك کە له تووڕەییان فرێی دەدەینە سووچێك دەتوانێ تووڕە بوونەکەمان هەست پێ بکات‌و سروشتی‌یە کە بەو کارە منداڵانەیە ئازار بە خۆمان دەگەیەنین.

٢- دوهەمین گرووپ لە هۆکارەکانی تووڕە بوون زۆرتر پێوەندیان بە پرسگەڵی فکریەوە هەیەو لە تایبەتمەندیەکانی ئەخلاقی ( واتە کردەوەیەکی تایبەت کە ئێمە ئازار دەدا) پێك دێن. بەو شێوەیە کە هێندێك لە خەڵك، خووگەلێك‌و هەڵسوکەوتێکی تایبەتیان هەیەو ئێوە لەوانەیە لە زۆربەی کاتەکاندا، وا بزانن کە ئەو کەسانە مرۆڤگەلێکی باش‌و رووخۆشن، بەڵام کاتێك "ئەو خووە یان هەڵسوکەوتە تایبەتیە" لەوان روو بدات لە دەستیان تووڕە بن.

٣- سێهەمین گرووپ لە هۆکارەکانی تووڕە بوون بریتی‌یە لە: تووڕە بوون لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر. بۆ نموونە: زولم‌و زۆر، گەمژەیی (جا لە خودی کەسەکە روویدات یان لە کەسانی دیکە)، هەڵخەلەتاندن، بوختان کردن‌و هتد...

کەوایە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو تووڕە بوونانەی کە لە گرووپی سێهەم دان، رواڵەتەن دژکردەوەگەلێکی فیزیکی ( بە هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانی‌یەوە)و هەم دژکردەوەگەلێکی دەروونی بوختان‌و سووك کردنی گیان‌و نمونەگەلێکی وەك ئەو دەگرێتەوە.

بێ هیوایی ( نەگەیشتن بە ئامانج) یەکێك لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی هاندان‌و شەڕە قسە پێکوتن‌و ئەمە بە نۆرەی خۆی کەسەکە ناچار دەکات قسە بە هەر شتێك بکا کە وەك بەربەستێك لەبەردەم رێگای خۆی ببینێ. هێندێك لە دەروناسان باوەڕیان وایە کە بێ هیوایی هەموو کات دەبێتە هۆی قسە پێکردن‌و قسە پێکردنیش بەرهەمی بێ هیوایی‌یەو ئەمە کە "بێ هێوایی" ئێوە تووڕە دەکات یان نا، پێوەندی بە هێندێك بارودۆخی هۆی وەدەست هێنان هەیە: کاتێك بارودۆخ بە دڵی ئێوە نیە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکان دەکەن، داخوا بارودۆخێك هەیە کە بێ هیوایی کەم کەنەوەو رەوایی پێ بدەن‌و یان لە کەمترین ئاستدا وای لێبکەن شیاوی خۆراگری بێت، ئاخۆ ئێوە گشت خوازن "کمال گرا"و چاوەروانی زۆری ئێوە لە "شێوەی کاری جیهان" چیە؟ ئەوانە پرسیارگەلێکن کە دەبێ بزانین داخوا بێ هیوایی دەبێتە هۆی تووڕە بوون یان نە؟

هێندێك لە دەروناسان دەڵێن: کە نابێ کەڵك لە وشەگەلێك وەرگرین کە ناوەرۆك‌و واتای "نەرێنی‌یان" هەیە و چونکە بێ هیوایی هەمیشە لایەنی نەرێنی هەیە، کەوایە لە جیاتی ئەوەی کە لە وشەی "لێکدابران" واتە لێك جیابوونەوەی کار یان فکر یان هێوایەك کە خەریکە بە ئاکام دەگات یان تەواو دەبێت کەڵك وەرگرین کە هەم دەتوانێ لایەنی ئەرێنی هەبێ‌و هەم لایەنی نەرێنی هەبێ. بۆ نمونە، وای دابنێن دوای تێپەر کردنی رۆژێك کە زۆر ماندوون هاتوونەتەوە ماڵ‌و لەپشت مێز، لە سەر کورسی دانیشتوون‌و خەریکن خواردنی شەو دەخۆن کە لەناکاو تەلەفون ( واتە ئەو دەسکەوتە ئازاردەرەی شارستانیەت) زەنگ لێدەدا. لەکاتێك دا لە دڵی خۆتاندا قسە بەهەرچی مزاحیمی تەلەفونی‌یە دەدەن، هەڵ دەستن‌و گوشیەکە هەڵ دەگرن. ئەگەر دەنگێك کە لە تەلەفوندا دەیبیستن بڵێت: " من فرۆشیاری کتێبە سەرچاوەکانم‌و قاموسێکی نوێم هەیە"و دواتر ئێوە بۆ کرینی کتێبەکانی هان بدات، بێ گومان زۆر تووڕە دەبن، بەڵام ئەگەر ئەو دەنگەی دەیبیستن دەنگی یەکێك لە رەفیقەکانتان بێت کە پێنج ساڵ لە دەرەوە بووەو هەرئێستا کە هاتۆتەوە بێگومان زۆر دڵخۆش دەبن. لە هەر دوو شێوەکەدا، لەسەر خواردنەکەتان هەستاون، بەڵام لە شێوەی ئەوەڵ دا تووڕە "لایەنی نەرێنی"و لە شێوەی دووهەم دا، دڵخۆش "لایەنی ئەرێنی" بوون. تووڕەیی خۆی لە خۆیدا جۆرێك نەخۆشی نیە کە تەنیا هۆکارێکی هەبێ. تووڕەیی پرۆسەیەك، سەودا یان رێگایەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پەیوەندیە. هێندێك جار تووڕەیی بە هۆی تێکچوونی لەشە، بەلاَم زۆربەی جار لە رووداوە کۆمەلاَیەتیەکان سەرچاوە دەگرێ. زۆربەی جار تووڕەیی بە هۆی پەیوەندی کۆمەلاَیەتی لە نێوان خەلَکی نێو کۆمەلَگە دەردەکەوێ، بەو هۆیە خەلَکانێك زۆربەی جار ئاگایان لە تووڕە بوونی خۆیان نیە. بۆ دیاری کردنی شێوەی هەلَسوکەوتمان لە دوای دەرکەوتنی تووریی، رێگاگەلێکی زۆر هەیە، بەلاَم هەموو ئەو رێگایانە پەویوەند دەبن بەم خالَە کە کامە هەلَسوکەوتی ئێمە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تووڕەیی‌و کامەیان دەبێتە هۆی زیاد بوونی تووڕەیی.

کاتێك کە تووڕەین، تورەیی (کە بە قسەی ئەفلاتون، ئەسپێکی سەرکەشە) بە نالَەکانی لە ناو ئامێر مێشکمان دا لەقان داوێ، بەلاَم کاتێك کە تووڕە نین لەقان ناوێ، بەلَکوو بە روالَەت ئارامەو بە مۆنیەوە لە سەر یەکێك لە ئەندامانی لەش دانیشتوەو چاوەروانە کە ئێمە تووڕە بین تاکوو ئەویش دەست بە جووتە هاوێشتن بکاتەوە. هێندێك جار تووڕەیی سەرکوت کراو دەتوانێ فشارە دەرونی‌و نەخۆشیەکان دوبارە بکاتەوە. سەردەمێك باوەر وابوو کە "تووڕەیی" سۆزێکە وێرانکەر کە بە هەر نرخێك بێت دەبێ سەرکوت بکرێ، بەلاَم ئەورۆکانە باوەر وایە تورەیی سوزێکی ساغە کە ئەگەر سەرکوت کرێ لەسەر مرۆڤ گران دەکەوێ. خەلَکێکی زۆر لە ناکاو بریار دەدەن دان بەخۆدانانی لە رادەبەردەرو دەمارگرژانە وەلا بنێن‌و سۆزەکەیان بە سەربەستی دەربڕن، بەلاَم لە کاتی کردەوەدا دوودلَ دەمێننەوە کە چۆن وەها دەکەن. هێندێك کەس کاتێك لەگەلَ داخوازیەکانیان دژایەتی دەکرێ زۆر تووڕە دەبن. هێندێك خەلَکیش هەر زەبرو زەنگێك بە بێدنگی ولاَم دەدەنەوە.

**چەند خالَ بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی:**

١ـ "وردبوونەوە" باشترین دەرمانی تووڕەییە. یەکەمین هێرشەکانی تووڕەیی، تووندو خێرایە، بەلاَم ئەگەر هێندێك وردبنەوە، لە هێزی تووڕەیی کەم دەبێتەوە.

٢ـ بۆ گەیشتن بەرەو راستی، حاشا هەلَنەگرە کە دەگەلَ تووڕەیی، خۆویستی‌و نفرەت‌و هتد بەرەو روو دەبن، دەنا ناگەینە راستی.

٣ـ هەلَسوکەوتی "دروست" پەیوەندی بەوە هەیە کە تاکوو کاتێك تووڕەین، قەت لە ژێردەستەکانمان نەدەین. ئەگەر سەبر بکەین تاکوو هێور بینەوە، هەموو شتێك بە راستی روخسارێکی دیکە بە خۆوە دەگرێ.

٤ـ "دان بەخۆدا گرتن" فێرمان دەکا چۆن بە سەر سۆزەکانی خۆماندا زال بین‌و چۆن سۆزەکانمان کۆنترۆلَ‌و هەوساریان بکەین تاکوو ئاکامەکانیان تاکوو ئەو جێیەی دەکرێ جێگەی پەسند بێ.

**تووڕەیی روخساری مرۆڤ ناشیرین دەکا**

کەسانێك کە تووڕەیەکەیان لە دەروونیاندا زیندانی دەکەن یان دەیهێن‌و دەییەن ( تاکوو بەلَکوو ببێتە شتێکی دیکە جیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له تووڕەیی) یان بەلاڕێی دا دەبەن، بەو هیوایە کە وردەوردەو لەخۆوە سەرکوت بکرێ، دەبێ چاوەڕوانی مەترسیەکانی بن. تەنانەت "تۆزێك" تووڕەیی کە لە شێوازی ئاسایی دا تەنیا فشاری خوێن دەباتە سەرێ، ئەگەر دەرنەبردرێتو لە دەرون دا بمێنێتەوە، وا بەهێز دەبێت کە مرۆڤ تووشی نەخۆشی، پەژارە، خەمۆکی، گیرۆدە بوون بە ئەڵکۆل، کێشەی سێکسیو کارگەلێکی ناشیرین بکات. توێژینەوەکان پێشان دەدەن کە خەڵکێکی زۆر دەڵێن کاتێك تورەیەکەیان دەر دەبڕنو دەروونی خۆیان خاڵی دەکەن هەستی "ڕێز گرتن لە دەروون" لەواندا کەم دەکاتو تاکوو چەند ڕۆژی بەردەوام، هەست بە خەمۆکی دەکەنو هەست دەکەن کە ئەو سۆزە جیاوازە، پێوەندی هەیە بە بارودۆخو ئەو شتەی کە بۆتە هۆی تووڕەییان.

**سێ خاڵتان سەبارەت بە تووڕەیی لە بیر بێت:**

١ـ "قسە پێگوتن" پاڵۆینەی سرووشتی تووڕەییە. هێندێك لە دەروونناسان سەبارەت بە پاڵاوتن، سێ پێودانیان دەربڕیوە: پێودانی یەکەم دژکردەوەی کەسی بەرانبەری ئێوە دەبێ یا هەمبەر کەسێك بێت کە لێی تووڕە بوون یان بۆ لای کەسێکی دیکە نیشانە بگرن. بۆ نمونە ئەگەر بە مست لە باڵنج بدەن یان لە مێشکتاندا پلانێکی ترسناك بۆ تۆڵە سەندنەوە دابرێژن یان لە منداڵەکانتان بدەن تووڕەیەکەتان کەم نابێتەوەو نیشانە گرتنەکەتان ڕاست دەرنایەتو شکستی ئێوە بەو هۆیەیە کە کردەوەکەتان هیچ کاریگەری لەسەر هۆی تووڕە بوون نەبوە. پێودانگی دووهەم، ئەگەر دەتانهەوێ تووڕەیی لە دەرونتان بێتە دەرێ کردەوەی ئێوە دەبێ زیانێکی باش لە نیشانەکە بدات. قوربانی (واتە نیشانەکەتان) دەبێ ڕاست بزانێ کە ئێوە ئەو بە شایانی کردەوەی دوو لایەنە دەزانن. لە وەها شێویەکدا بەدڵنیایەوە پێویست نیە خۆتان پێی بسەلمێنن کە شایانی کردەوەی دوولایەنەی ئێوەیە، بەڵکوو ئەگەر کەسێکی دیکە ئەو بابەتەی تێ بگەیەنێت بەسە. بۆ نمونە، ئەگەر بەرپرسەکەتان زۆردارانە ئێوەی دەر کردبێتو دوای ماوەیەك، بۆخۆی لە لایەن سەرووتر لە خۆیەوە دەرکرابێت تورەییتان تێدا نامێنێت. پێودانگی سێهەم، ئامانجی تووڕەیی ئێوە نابێ کردەوەی دوولایەنە بکات. زۆر بە کەمی ڕوو دەدات کە کەسێك (لەوە بگەڕێین کە تاکوو چ ڕادەیەك حەق بە ئێوەیەو ئەو چەندە بەدخوو بێت) ڕاوەستێتو ئێزن بدا بە ئێوە کە هەر کارێك کە بتانهەوێ بیکەن.

٢ـ "هێنانە بەر باسی هۆی تووڕە بوونەکەتان لە گەڵ کەسێك دا" تووڕەیی لە دەروون دێنێتە دەر یان بەکەمەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەست بە تووڕەییەکی کەمتر بکەن. دەردەدڵ کردن لە لای کەسێکی خەمخۆر باشەو مرۆڤ هێور دەکاتەوە کاتێك تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو دەبنو ئەو حاڵەتە بۆ کەسێکی دیکە دەگێڕنەوەو ئەو هاودەردیو دەگەڵ دەکات شاد دەبن، لەبەر ئەوە دەزانن کە ئەگەر دۆخەکەتان لەگەڵ کەسێکی دیکە نەدەهێنایە بەر باسو سەبرتان دەکرد تاکوو ئەو حاڵەتە نەخوازراوە، هەر بۆ خۆی چارەسەر بوایە لە هاودەردی کەسێکی دیکە بێبەش دەبوون.

٣ـ "دەنگ گۆڕین"و هەموو جۆرەکانی "تووڕەبوونی منداڵانە" تەندروستینو ڕێ لە دەمار گرژی دەگرن. منداڵ ئەوەی کە دەیهەوێ نابێ بە "تووڕە بوون" وەدەست بێنێت. ئەو شتەی کە لە کاتی تووڕەبونی دا لەوتان ستاندوە، کاتێك بیدەنێ کە هێور بوویێتەوە، شاهیدەکان نیشان دەدەن تووڕەبونو ڕقاوی بوون پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشی کرۆنێری دڵ، وەکوو "آنفارکتوس" ماسولکەی دڵ پەیوەندی بەهێزی هەیەو لەوانەیە لەگەڵ مەترسی مردن بە هۆی نەخۆشی کرۆنێری دڵو هۆکارەکانی دیکە لە پەیوەندی دایەو هەروەها تووڕەیی، دەبێتە هۆی دوبارە بوونەوەی هەو کردنی بۆریەکانی هەناسە هەڵکێشان.

سەرچاوە: ئینتێرنێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆزگە منیش کوڕ بایەم

ئا: عەلی بداغی

ئێرەیی بردن بە رەگەزی بەرامبەرو خۆزگە خواستن بۆ رەگەزی بەرامبەر بوون، هەم حەزێکی مێژوویی یەو هەمیش زۆرتر لە نێوان کچانو رەگەزی مێینە دا باو بووەو ئێستاش باوە. کەمتر کچێك هەیە کە رۆژێ لە رۆژانی تەمەنی ئاواتی ئەوەی نەخواستبێ کە خۆزگە کوڕ بایەو کەمتر کوڕیش هەیە تاقە جارێك بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەگەر کچ بایە چ دەبوو؟

ئەوەش لە نێو کورد دا باو بووە کە ئەگەر بێتوو کچێك میز بە کۆلکە زێرینە دا بکا، دەبێ بە کوڕو چ زۆرن ئەو کچانەی لە کاتی گورگەزێ داو هەڵهاتنی کۆلکەزێرینە دا بە تۆپزیو بە تاڵۆکە بۆ لای کۆلکە زێرینە رایان



کردووەو پێی نەگەیشتوونو کەم کچ هەیە ئەو ئاواتەی نەخواستبێ کە چ دەبوو دوو باڵی هەباو بە کۆلکەزێرینە گەیشتباو برێکی میز پێ دا کردبا، ئای بەشکم ئای لە کچ بوون رزگاری بایە...

ئێستاش لەگەڵ چوونە سەرێی ئاستی رووناکبیری خەڵکو پەرەسەندنی بزاڤی یەکسانیخوازیو کەمبوونەوەی جیاوازییەکانی نێوان کچو کورو دەرفەتەکانی بەر دەمیان لە کۆمەڵگا دا، ئەم حەزە لە مێژینەیەی کچان هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێستاکە ئیدی بۆ؟

**کوێستان** فتووحی دەڵێ کە بە منداڵیو بە لاویش ئەو ئاواتەی هەمیشە لە دڵ دابووە کە خۆزگە کوڕ بایە. کوێستان فتووحی کە چالاکێکی بواری ژنانو خەباتگێرێکی سیاسییەو ئێستا لە پلەی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا، دەڵێ!

ـ ئەمن نەك هەر ئارەزوو، بەڵکوو بە منداڵی هەولێشم دەدا ببم بە کوڕ، هەر بۆیەش هەرکات کۆلکەزێرینە هەڵ دەهات لە خۆشیان پێم وەعەرزی نەدەکەوت.

**لێی دەپرسم باشە تۆی منداڵێکی ٧ـ٨ ساڵ چی وای لێ کردبووی ئەو ئاواتەت هەبێ؟**

کوێستان دەڵێ: تۆ نازانی منی منداڵێکی ٧ـ٨ ساڵانە تا ئەوکات چەندها جارم لە ژنانی دراوسێو خزمو کەسم بیستبوو کە "خوایە بە سەگت دروست کردبایەم بەلام بە ژن نا" ئەمن ئەو کات ئەگەر چی لە قووڵایی ئەم تووكو نزایە نەدەگەیشتم، بەڵام هەر بە هۆی کچ بوونی خۆم تووشی زۆر کێشەو رێگری هاتبووم. ئەمن منداڵێکی زیتەڵەو عەجوول بووم، بەڵام بنەماڵەکەم جۆرێکی تریان دەویستم، ئەوەی کە تۆ کچیو دەبێ شەرمێونو بێدەنگو لە سەرەخۆ بی. رۆژانە سەد جار ئەوەیان بە گوێم دادەدا "بازبازۆکێن نەکەی، عەیبە"، "لەگەڵ کوران کایە نەکەی، حەیامان دەچێ"، "نەچی تۆپێن بکەی، ئەوە کایەی کورانە". باوەڕ کە گەورە گەورە ببووم لاقم وەتۆپ نەکەوتبوو، ئێستاش کە ئێستایە لە رووم هەڵ نەهات شەقێك لە تۆپێك بدەم. ئەوە راست ئەو کاتانە بوو کە دەمدی براکانم هەموو ئەو کارانە دەکەنو کەس رێگرییان ناکا. هەر بۆیە من بێزار دەبوومو ئارەزووم دەکرد کە خۆزگە وەك براکانم کوڕ بایەم.

**گەزیزە** باپیری کە خوێندکاری زانکۆ لە بەشی زمانە دەڵێ: کە هەتا کلتووری پیاو



سالاری بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا زاڵ بێو هەتا پێگە کۆمەلایەتییەکان بە پێی رەگەز دابەش بکرێن ئەم ئاواتە، ئەم خۆ بەکەم گرتنو بە هیچ نەگرتنە لە لای ژنان هەر دەمێنێ. گەزیزە دەڵێ: ئەوەی کچ هان دەدا ئەو ئاواتە وەك پۆلوویەکی گەش لە ئاگردانی دڵی دا هەر گەشاوە بێ هەموو ئەو نابەرامبەریو بێ عەدالەتییانەیە کە تەنیا بە تاوانی! کچ بوون بەسەر کچان دێ، بۆیە ئەمن ئەو ئاوات خواستنە بە کەمایەسییەك بۆ ژنانی نابینم، بەڵکوو بە پێنەگەیشتوویی کۆمەڵگای مرۆیی دادەنێم.

**بەڵام بڵێی ئەم ئاواتە هەر تایبەت بە کچان بێ؟ یان لە کورانیش هەن کەسانێك کە بە رەگەزی خۆیان قایل نین؟**

**ئەحمەد پوور** حوسێنی تەمەن ٢٨ ساڵو ئەندام لە حیزبێکی سیاسی کوردی دەڵێ ئەمن جاروبار خۆزگەم بە رەگەزی بەرامبەر خواستووە. بۆ وێنە ئەو کاتەی قووتابیی سەرەتاییو ناوەندی بوومو تاقەتی دەرس خوێندنم نەدەبوو، بە سەدان جار خۆزگەم بەو کچانە خواستووە کە دایكو باوکیان نەیان هێشتووە بچنە قووتابخانە. یان ئەو کاتانەی لە دەرەوە شەرم دەکرد یان بەجۆرێك کێشەیەکم بۆ بنەماڵەکەم دەناوەو لە ماڵەوە سەرکۆنە دەکرام، یان لێیان دەدام، ئێرەییم بە خوشکەکانم دەبرد، چونکی پێم وابوو ئەوان بە حوکمی کچ بوونیان قەت تووشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ژانەسەرانە نەبن.

بەڵام کە گەورە بووم، نا... قەت ئەو ئاواتەم نەبووە، چونکی کۆمەڵگا زۆر ئیمتیازی بە من دابوو کە کچان لەو ئیمتیازانە بەشیان نەبوو.

لە کاتی ئەم ئاخاوتنانە دا ئەحمەد بزە دەیگری. لێی دەپرسم بۆ پێ‌دەکەنی؟ دەڵێ با یەکجاری دیکەش خۆزگەم بە ژنان خواستووە. ئەویش کاتی گرتنی کۆنفرانسەکانی کرنگرەی ١٤ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەراستی کە لەو کۆنفرانسو لەو کۆنگرەیە دا ژنانی ئەندام بە هۆی ژن بوونیانو بە پێی ڕێژەیان بەشی شێریان وەبەر کەوت.

**هیوا** عەبدوڵاهی، قوتابی دوا ناوەندی کە برای سێ خوشکانە، دەڵێ ئەمن شوکری خودا دەکەم کە کچ نەبووم. چونکی کوڕان سەربەستو ئازادنو کچان زەعیفەنو کەم توانا. ئەمن ئەوەی دەیبینم ئەوەیە کە کوڕان توانای ڕاپەڕاندنی هەمو کارەکانیان هەیە، بەڵام کچان زەعیفەن.

**هانا** وریا، قوتابیی دوا ناوەندیو یارمەتیدەری ئامادەکاری ڕێپۆرتاژەکە بە قەڵسیو توورەییەوە فۆرمی پرسیارو وەڵامەکانی بۆ هێنامەوە. لێی دەپرسم بۆ وا توورەی؟ هانا دەڵێ: هەمیشە ئارەزووم بووە کە خۆزگە کوڕ بایەم، چونکی کوڕان لانیکەم دەتوانن بۆ خۆیان بژین، بەدڵی خۆیان بە سەربەستی هەڵسووکەوت بکەن، سەفەر بکەن، کار هەڵبژێرن، راو بۆچوونی خۆیان بێننە گۆڕێو کۆمەڵگاش ڕێزیان لێ دەگری، بەڵام کچان جاری زۆر زۆریان ماوە بەو مافانە بگەن کە کوڕان هەیانە. بۆیە وەك خۆم هەمیشە ئارەزووی کوڕ بوونم هەبووە. بەڵام کاتێك فۆڕمی پرسیارەکانم لە بەشداران کۆدەکردەوەو دیارە پێش ئەوەی بیدەم بە خۆت، دەمخوێندنەوە، بۆم دەوکەوت کە کوڕان بەگشتیی شوکرانە بژێرن لەوەی کە کوڕنو خودا بە کچی دروست نەکردون، چونکی کچ زەعیفەن. هەر بۆیە لە ئێستارا تەواو بۆچوونی خۆم دەگۆڕم، چیدی ئاواتی کوڕ بوون ناخوازم، بەڵکوو هەوڵ دەدەم بە هەموو ئەو مافانە بگەم کە کوڕان هەیانەو کچان لێی بێ بەشنو بڕیارم داوە چیدی مل بۆ نەریتو دواکەوتوویی‌یەکانی کۆمەڵگاش شۆڕ نەکەم.

**ئامین** ئیسماعیلی کە سێ ساڵە ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە، بۆچوونێکی دیکەی هەیە. ئەو دەڵێ ڕاستە کە کەم کچ هەیە لانی کەم بە منداڵی ئەو ئاواتەی کوڕ بوونی نەخواستبێ، ئەوەش ڕاستە کە نایەکسانیی‌یەکانی نێو کۆمەڵ، نابەرامبەریو بێ‌عەدالەتیی‌یەکان وا دەکا کچان ئەو ئارەزووەیان هەر هەبێ، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە پەروەردەو پێنەگەیشتنی هەر خودی ژنانە. کاتێك کە دەگەنە لای یەكو لە یەکتر دەپرسنو دەڵێن "برات نەمرێ"، کاتێك دەچنە لای



ژنێکی زەیستان کە تازە کچێکی بووەو دەڵێن "خەم دات نەگرێ" ئیشەڵا کوڕیشت دەبێ، "یان کاتێك بۆ دەسخۆشی لە یەکتر کردن پێك دەڵێن "بە دایکی کوڕان بی" کاتێك هەر خۆیان لە منداڵییەوە تۆوی هەموو جیاوازییەکان، هەموو هەڵاواردنەکان لە نێوان منداڵی کوڕو کچی خۆیان دا دەچنن. باوەڕکە زۆری هەرە زۆری هەستی خۆ بەکەم گرتنو لاواز بوونی ژنان هۆکارەکەی بۆ پەروەردەی سەقەتی دایکان دەگەڕێتەوە، خۆ باوكو برا کەمترو زۆر کەمتر لە دایكو خوشکە گەورە، کچەکانیان لۆمەو سەرکۆنە کردوە.

**حلیمە** ڕەسوولیش پێی وایە دەبێ جۆرێکی تر لەو پێوەندیانە بڕوانین. حەلیمە دەڵێ: ئەمن بەش بەحاڵی خۆم قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە خۆزگە کوڕ بوایەم. چونکە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەمن وەك خۆم باوەڕم بە پارسەنگی هێز هەیە. ئەمن لام وایە کە ژنان زۆر خاڵی بەهێزیان هەیە کە تەنانەت توانای ئەوان لە پیاوان بە لای زۆری دا جیا دەکاتەوە. بۆ وێنە ژنان لەرووی سۆزدارییەوە لەرووی ئیرادەو جەسوورییەوە، زۆر لە پیاوان بەهێزترن. ژن کانگای جوانیو سەرچاوەی خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتیو ژیانو نیشتمانن، بۆیە قەت نابێ ئەو ئاواتەی کوڕ بوونە، ئەو خۆ بەکەم گرتنە لە خۆیان دا هێزمەند بکەن.

**نەشمیل** عەباسی کە سالێکە ریزی پێشمەرگەکانی هەڵ بژاردوە دەڵێ: ئەمن زۆرجار ئەو ئاواتەم پڕ بەدڵ هەبوە، چونکە بەراستی ئەگەر من کوڕ بوایەم زۆر لەمێژ بوو بەو ئاواتانە گەیشتبووم کە سالهایە لەگەڵ مندا دەژینو تا ئێستاش وەدی نەهاتون. ئەمن بە تاوانی ئەوەی کە کچ بووم نەمتوانیوە بە دڵی خۆم بژیم، بە دڵی خۆم هەڵسووکەوت بکەم. خوا هەڵناگرێ بە سۆنگەی کچ بوونمەوە، ماڵداریو کارکەری ماڵو خزمەتکردنی براو باوك زۆر باش فێربووم.

**زۆرار** زەرزا، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێکەنینەوە وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە، زۆرار دەڵێ: من نە ئەو ئاواتەم بوەو نە قەت بە بیریشم دا هاتووە کە کوڕ نەبوایەمو کچ بوایەم. چوونکە ئەمن لە بنەماڵەیەك دا گەورە بووم کە بەردەوام بایەخیان بە کوڕ دەدا، ئەوان لە هەڵەی ئێمەی کوڕانی بنەماڵە لە بەرانبەر خوشکەکانم خۆش دەبوون، لە هەڵەو کەمو کوڕییەکانمان چاوپۆشی لێ دەکرا. سەیر ئەوەیە کە بۆخۆم زۆرجار هەستم بە ناهەق بوونی خۆمو داواکانم لەبەرانبەر خوشکەکانم دەکرد، بەڵام باوكو دایکم پاڵپشتو پشتگیری منیان دەکرد، بۆیە ئەمن ئاواتی ئەوەم نەدەخواست کە ببم بە کچ بەڵام پێم خۆش بوو کە زوو گەورە بمو جۆرێکی تر لە هەڵسووکەوتو نواندن بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرامبەرم بگرم.

ئاکۆ مووساپوورو هانا ناسری، هەردووك قوتابی دواناوەندیو هاوتەمەن وەك دوایین کەسەکانی بەشدار لەم ڕیپۆرتاژە ئاوا وەڵامی ئێمەیان داوە:

**ئاکۆ**: ئەمن شوکرانە بژێری خودام کە کوڕم بە هێندێك هۆ: ئەوەی کە کچان لە کۆمەڵگادا ڕێگری زۆریان دەکەنو گرینگتر لە هەمووش ئەوەی کە بە چاوی سووك سەیریان دەکەن. هۆکاری دیکەی ئەوەی کە قەت پێم خۆش نیە کچ بم ئەوەیە کە کچان شەرمێونن، باوەڕیان بە خۆیانو تواناکانیان نیە، خۆ بەکەمگرن بەڵام ئاواتم ئەوەیە کە کچانیش هەموو ئەو مافانەیان هەبێ کە کوڕان هەیانە.

**هانا**ش دەڵێ: ئەمن هەم بە کچ بوونی خۆم ڕازیمو هەمیش پێم خۆش دەبوو ئەگەر کوڕ بوایەم. بنەماڵەکەی من هەموو ئەو مافانەیان بە من داوە کە کوڕان هەیانە. ئەمن سەربەستم لە هەڵسووکەوت کردنو دەرکەوتنم دا، بەڵام ئەو ئاواتەشم هەر هەیە کە ئەگەر کوڕ بوایەم لەوانەیە وەزعم لە ئێستا باشتر بوایە.

★ ★ ★

ئەوانەی گوتران قسەی دڵی چەند کەسێك بەڵام راستیو حەقیقەتی ئەو کۆمەڵگایەن کە تێیدا دەژین. بێگومان تا ئەو کاتەی نایەکسانیو نابەرامبەری، توندوتیژیو سووکایەتی لەسەر ئەساسی ڕەگەزو جیاوازی دانان مابێ، ئەو کاتە ئەو حەزە قەت وەدی نەهاتووە لای کچان هەر دەمێنێ. دەبا هەوڵی هەموو مرۆڤە ئازاو خەباتکارەکان، هەموو تاکەو شیارەکانی کۆمەڵ ئەوە بێ کە بەچاوی مرۆیی بڕواننە تاکەکانی کۆمەڵ، نەك بەچاوی ڕەگەزو جنسییەتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاستی‌یەکی چەند تاڵ!

ن: گوڵمراد مرادی
بەشی یەکەم
و: سەید جەلال ساڵحی
jalalsalehi@yahoo.com

دەورانی لاوەتی، دونیای وەسەریەك خستنی ئەزموونە باش و خراپەکان، دۆزینەوەی "موهومات"، گۆڕەپانی تاقی کردنەوەو هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دروست یان هەڵەیە بۆ ژیان. ئەلێکساندری تەمەن ١٩ساڵ، تەواوی ئەو بەرنامە خەیاڵاویانەی دایك و باوکی کە هەر لە دەورانی منداڵی‌دا بۆیان دارِشتو هیواداربوون کە کۆرپە تاقانە خۆشەویستەکەشیان، ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، لێی تێك دان. دایك و باوکێك کە نە جغارەکێش و نە مەشرووبێکی زۆریشیان دەخواردەوە، نە لە دەورانی لاوەتی‌دا سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێك بوون و نە شەوانەش تا درەنگانێکی لە بەر ڕابواردن وەماڵێ نەکەونەوە، نە هۆگر و خەریکی سیاسەت و ئەم جۆرە شتانە بوون. ئەوان وا چاوەڕوان و هیواداریش بوون کە کوڕەکەشیان هەر بە ڕێگای دایك و باوکی‌دا بڕوا، دەرسەکەی تەواو کا و پیشەیەك فێر بێ، ژیانی هاوبەش پێك بێنێ و لە پەنا پیشەکەی‌دا ژیانەکەشی دابین کا و ئیتر کارێکی بە سیاسەت و چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی و...هتد، نەدابێ. بەڵام ئەلێکساندر کە تا تەمەنی ١٨ ساڵی لاوێکی گوێ ڕایەڵ بوو و لە قسەی دایك و باوکی دەرنەدەچوو، لەنەکاو گۆڕا، لە وانەکان نمرەی کەمی وەردەگرت، بە ڕۆژ دوای قوتابخانە درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵ، شەوی وابوو تا درەنگانێکی نەدەهاتەوەو زۆربەی بەیانی‌یەکانیش درەنگ لەخەو هەڵدەستا. هەمیشە دایکی پێوەی دەمرد تا لە خەوی هەڵ دەستاند، کوڕم هەستە قوتابخانەکەت وەدرەنگ کەوت، نان و چا سازە. زۆر جار پێش دەهات بە هۆی درەنگ لە خەو هەستانی فریای نان و چاکەی نەکەوێ و هەروا بە برسیایەتی وەدەردەکەوت. نیوەڕۆ و دوانیوەڕۆی زۆربەی ڕۆژەکان کە ئێستا باوکی لە ئیدارە نەگەڕابۆوەو تەنیا دایکی لەماڵەوە بوو، هاوڕێگەلێکی نوێی دێنانەوە بۆ ماڵێ کە تازە لە گەڵیان ئاشنا و زۆربەیان سەرو پۆتەڵاکێکی ئاڵۆز، ناقۆڵاو نالەباریان بوو. ئەم بەشەیان زۆر بە دڵی دایکیشی نەبوو. بەڵام دایکی بۆ تاقە جارێکیش بە چاوی دانەدەداوە، بە قەول نەی دەشکاندەوە. ئەگەرچی دایك و باوکی ئەلێکساندر بێ خەبەر لە هەموو شتێك بوون، بەڵام ئەو چووبووە ناوجەرگەی گرووپێك لە گەنجە خۆشگوزەرانەکان، کە زیاتر لە بنەماڵەگەلێکی دەوڵەمەندی بێسەرەوبەرە بە ژیان و لە ڕاستی‌دا دەیانویست هەموو شتێك لە جغارەو حەشیشەوە بگرە تا " ماریجوانا " و " ئێل ئێس دی "و هەر ژەهرە مارێکی‌تر کە لە بازاڕ دایە، تاقی کەنەوە. زۆربەی هاوڕێکانی ئالێکس کە سەر و





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پۆتەلاکێکی باشیان نەبوو، هەر لەو گەنجە مۆعتادانە بوون کە ئەزموونێکی زۆریان لەو بوارەدا بوو. گۆیا هەر بەو هۆیەوە کە ڕواڵەتێکی باشیان نەبوو، دایکی زۆری ڕوو نەدەدانێ. لە حاڵێکدا زۆربەیان لە بنەماڵەگەلێکی دەوڵەمەند و لە بواری ماددییەوە هیچ کەمیان نەبوو.

هیچ کات دایکی گوێی بە حاڵ و هەوای ئەوان نەدەدا و نەشی دەزانی کە ئەوانە مۆعتادن. ڕەنگە وشەی مۆعتادی هەر نەبیستبێ و ئەگەریش بیستبێتی، وێ دەچێ ماناکەی نەزانیبێ.

ئالێکس سەرەتا لە جغارەوە دەستی پێ کرد، دوایە ناوە ناوە " حەشیش "یشی دەکێشا و دواتریش نێوی ماددە هۆشبەرەکان و تایبەتمەندییە کاتی‌یەکانی هێندێکیشیان فێر بوو. بە کوردییەکەی چووە ڕیزی مۆعتادەکانەوە. لەوەودوا زۆری عەلاقە بە قوتابخانە نەما، هەرچەند دوایین ساڵی دواناوەندیش بوو، بەڵام حازر نەبوو لە دوایین تاقیکاری(امتحان)یەکانیش بەشداری بکا و لە نیهایەتدا وازی لە قوتابخانە هێنا و زۆربەی کاتەکانی لە گەڵ هاوڕێ نوێیەکانیدا دەبردە سەر.

ڕۆژێکیان لە بەردەم پارکێکی گشتی لە بەشێك لە دارستانی ڕووبەڕووی بەشی پیشەسازی شار، بەرامبەر قاوەخانەیەکی بە نێوبانگی مۆعتادەکان لە سەر بەردێك دانیشت و لە عالەمی خۆیدا بوو. دیارە مۆعتادەکان بە پێچەوانەی " ئیسکین هیدەکان "، پیاوی قرەوهەڵلا و ئەم جۆرە شتانە نین و زۆر سادە و ساکار لە ژیان دەڕوانن. سەرەڕای ئەوەش کوڕ و کچە مۆعتادەکان لە هەموو شتێکدا دەبنە هاوبەش و شەریك، واتە هەموو شتێکیان لە گەڵ یەکتری‌دا هاوبەشە. " گەرد "یش بە قەرز بە یەکتری دەدەن، ئەویندارانە یەکتری ماچ دەکەن و تەنانەت ئەگەر کچێك هاوکات دوو کوڕی خۆش بوێن، زۆر بە ساکاری لە گەڵ هەر دووکیان ڕادەبوێرێ و کاری سێکسی دەکا. لەم کارەدا، نە تەنیا بۆ خۆی بەڵکوو کوڕ و کچی گرووپەکانی دیکەش زۆریان بۆ گرینگ نیە. بە واتایەکی‌تر، بوغزو کینەو

بەخیلی لە نێوانیاندا نیە. بەڵام ئەلێکساندر کە تازە هاتبۆوە نێو گرووپەکەیان، ئێستا بەم شێوە ژیانە ڕانەهاتبوو کە ئەم دیمەنانە قەبووڵ کا. بۆ وێنە، ئەگەر کچێك کە چەند کاتژمێر پێشتر لە گەڵ کوڕێکی‌تردا، بە قوربان و سەدەقەی یەکتری دەبوون، ئێستا دەیهەوێ لە گەڵ ئەو ڕابوێرێ و هەر ئەو کارەشی لە گەڵدا بکا، نەك زۆری پێ باش نەبوو، بەڵکوو زۆریشی پێ ناخۆش بوو. بۆیە ناوە ناوە قەناعەتی بە مژێك حەشیش دێناو بە نیسبەت " ماریجوانا " و ماددە هۆشبەرەکانی دیکەشەوە کەمێك سڵی دەکرد و بە وریایی‌یەوە چاوی لێ دەکردن، چونکە ئێستاکە تاقی نەکردبوونەوە.

ئانیت کچە جوان و بەنازو نووزی گرووپەکەش تەنیا جاروبار بێ بیرکردنەوەو بۆ خۆشی مژێکی لە جغارەی حەشیشەکە دەداو بەردەوام سەرخۆش و باحاڵ و گاڵتەی لە گەڵ هەر کوڕێکیشدا دەکردو قاقا پێ دەکەنی. سەرەڕای ئەوەش چونکە زۆر جوانو مەشرەف خۆش و بەناز بوو، کوڕەکان هەموو بۆی شێت و هار ببوون. بەڵام بە پێچەوانەی شۆخ و قرتی‌یەکەی، زۆر دەرەنگ ساغ دەبۆوەو ئەگەر لە گەڵ هەر کوڕێکیشدا ماچ ماچێنی بکردایە، هەروا بە ئاسانی سەرجێیی و کاری سێکسی لە گەڵ نەدەکرد. بەڵام ئەگەر خۆشی لە کەسێك باتایە کە بە کەمی ڕووی دەدا، بە هیچ شێوەیەك شەرمی نەدەکرد کە پێی بڵێ خۆشی دەوێو ئامادەیە هەر کارێکی کە لایەنەکەی دەیهەوێ لە گەڵیدا بکا. لەو ڕۆژەدا خۆشی لە ئالێکس هات و هەروا لە ئامێزی گرت و دەستی بە ماچ کردنی کرد و داوای لێ کرد کە ئەویندارانە دەم بخاتە ناو دەمی، بەڵام چونکە ئالێکس ڕواڵەتەن دەیدی کە ئەم کچە لە گەڵ هەر کوڕێکی کە دڵی گرتی، ئەم کارەی لە گەڵدا دەکا، پاڵێکی پێوەناو لە خۆی دوور خستەوەو ئانیتیش قسەیەکی ناخۆشی پێ گوت و بە تۆراوی لە ئالێکس دوور کەوتەوە. هەر بۆیە ئالێکس بە ناڕەحەتی‌یەوە لە سەر ئەو بەردە دانیشتبوو، سەری بەرداببۆوە و بیری لە دونیای دەروونی خۆی دەکردەوە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوکاتدا دەستێك پرچە قاوەییە ڕەنگەکانی گرت و سەری بەرز کردەوە.

سلاو!

بیر لە چی دەکەیەوە؟! هاوکات دەستی درێژکردو گوتی:

ــــ ئەمن " مار "یم، ئالێکس کەمێکی پێدا ڕوانی، کچێکی بالابەرز و پرچ بۆری جوان کە تەقریبەن هاوتەمەنی خۆی بوو. لە وەلامدا بە بزەیەکی زەردەشیرینەوە گوتی:

ــــ منیش ئالێکسم، مەبەستم ئەلێکساندرە. ماری ئیزنی لێخواست و لە سەر بەردەکە لە پەنای دانیشت. دوای چەند خولەك کە ئالێکس هەر ناڕەحەت دیاربوو، ماری دەستێکی خستە سەرشانی و گوتی:

ــــ بۆچی ناڕەحەتی؟ و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەلامەکەی بێ، درێژەیدا، زۆری بۆ دامەچۆ، دونیا تەنیا دوو ڕۆژە! و دوایە دەستی بە کۆکردنەوەو فڕێدانی ئەو زیپکە بەردانەی بەرقاچی کرد. بێدەنگی‌یەکی تەواو باڵی بەسەردا کێشان. ئالێکسی خوێن شیرین، خۆش تیپ و بە پرچێکی قاوەیی بریقەدار کە ئێستاش پێکەوە خۆشحاڵ بوون. واتە جیاواز لە قەدو بالای تا ئەو کات کەمترین کاریگەری دانابوو. بۆیە هەر کچێك ئاواتی دەخواست لە گەڵی دانیشێ و هاوڕێیەکی نزیکی بێ. ئالێکس سەری هەڵێناو سیلە چاوێکی لە ماری کردو لە دڵی خۆیدا گوتی:

ــــ ئەمەیان لە گەڵ ئانیتدا جیاوازەو دوای بێدەنگی‌یەکی تا ڕادەیەك دووروودرێژ، لە وەلامی ماریدا گوتی:

ــــ من ئەو ژیانە ئەوەندە بە هێند ناگرم، بەلام تاقمێك هەن ناتوانن کەسانێکی دیکە دەرك کەن و تێبگەن کە ئینسان ..... ئۆگاڵ (زۆر گرینگ نیە)، پێت چۆنە پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؟ ماری کە تا ئەوکات بێدەنگ و زیرەکانە گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو، بێ ئەوەی بپرسێ ئینسان چی؟...... دەعوەتەکەی قەبووڵ کردو گوتی:

ــــ بە دڵ و گیان، بچینە کوێ؟ لەو کاتدا ئالێکس هەستا سەر پێ و دەستی ماری گرت و چوونە ئەو بەر شەقامەکەوە کە بچنە قاوەخانەی " مۆعتادەکان ". لەو قاوەخانەیدا تەقریبەن هەموو مشتەری‌یەکان یەکتریان دەناسی. ماری و ئالێکس چوونە نێو قاوەخانەکە و هەر لە پەنای دەرگاکەوە شوێنێکیان دییەوە بۆ دانیشتن. دووکەڵێکی سەیر قاوەخانەکەی داگرتبوو و بۆنێکی تایبەتیشی لێ دەهات. لە نێوەڕاستی هەر ئەو قاوەخانەدا " جان " هاوڕێی دەورانی قوتابخانەی ئالێکس لە گەڵ هاوڕێ مۆعتادەکانی دیکەی دانیشتبوو، هەر کە چاوی بە ئالێکس کەوت لە گەڵ کچێکی تازە هاتوودا، هەستا سەرپێ و هات بۆلایان. " جان " جغارەیەکی بە دەستەوە بوو و فەرمووی ئالێکسی کرد کە مژێکی لێدا. ئالێکس بە پارێزەوە جغارەکەی خستە نێوان قامکەکانی و مژێکی چاکی لێدا و هەموو دووکەڵەکەی هەڵمژت. ماری بە وشیارییەکی تایبەتی‌یەوە چاوێکی لێ کردو گوتی:

ــــ جغارەش دەکێشی؟

ئالێکس گوتی:

ــــ ئەمە لە گەڵ جغارە ئاسایی‌یەکانی دیکەدا جیاوازەو تام و چێژێکی‌تری هەیە. دەتەوێ مژێکی لێدەی؟ ماری بۆ تاقی کردنەوە جغارەکەی بە دەستەوە گرت و مژێکی لێدا کە پێی ناخۆش نەبوو. دووکەڵەکەی وەك جغارە ئاسایی‌یەکانی دیکە توندو تاڵ نەبوو، بەڵکوو ئارام کەرەوەش بوو، دوایە جغارەکەی داوە بە " جان "و پرسی، ئەمە چ جۆرە تووتنێکە؟

لە وەلامدا گوتی:

ــــ جۆرێکە لە گراس.

جان ڕووی لە ئالێکس کرد و گوتی:

ــــ ئەمرۆ ئێوارە دێیەوە!

ئالێکس گوتی:

ــــ حەتمەن، حەتمەن دێمەوە.

جان گوتی:

ــــ دەکرێ هاوڕێیەکەشت لە گەڵ خۆت بێنی.

ماری بە جێگای ئالێکس گوتی:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ سپاس، ئەگەر بۆم کرا ڕەنگە بێم و ڕووی لە ئالێکس کردو درێژەیدا، بۆ دەبێ بچی؟ ئایا کۆبوونەوەو جێژنێکی لە دایك بوونە؟ ئالێکس گوتی:

ـــ نا نا، هەموو خڕدەبنەوە، چونکە لە ماڵی کوڕەکان شەوئاهەنگە. ڕەنگە و مەنگە بنێ لاوەو لە گەڵ من وەرە. ماری گوتی:

ـــ ئەگەر سەربار نیم، بە چاوان دێم. ئالێکس گوتی:

ـــ هیچ ئەوە کە سەربار نی، بەڵکوو خۆشحاڵیشم دەکەی.

ئەو شەوە ماری چوو بۆ شەوئاهەنگی کوڕەکان کە لە ژێرخانی ماڵی ئەو گرووپەدا بوو، بە کۆی مۆعتادەکانەوە پەیوەست و دوای چەند کاتژمێر لە گەڵ هەموویان ئاشنا بوو، بەڵام لە گەڵ ئالێکسدا هاوڕێیەتی‌یەکەیان پتەوتر بۆوە. ئەو بە پێچەوانەی تاقمێك لە کچە مۆعتادەکان تا ئەو کاتەی لەو گرووپەدا بوو، جیا لە ئالێکس لە گەڵ هیچ کوڕێکی‌تردا جووت نەبوو. بە هەرحاڵ، لە گەڵ ئەوەیدا کە ماری لە هەڵبژاردنی هاوڕێی کوڕدا زۆر حولحولی، وازوازی و خۆی لێ دەبوارد، شەیدای ئالێکس ببوو کە لە ڕاستی‌دا هێزێك لە دەروونەوە وەك مۆقناتیس بەرەو ئالێکسی ڕادەکێشا. واتە هەر کارێك کە ئالێکس بی کردایە، ئەویش ئەنجامی دەدا.

قاتی خوارەوەی ئەم بینایە کە دوو ئاپارتمانی ٤ قاتی بوو، لە نێوەوە پێکەوە پێوەند درابوونەوەو لە دەست ئەم گرووپە مۆعتادانەدا بوو. خاوەن ماڵەکە لە شارێکی‌تردا دەژیا. ئەم گەنجانە بەردەوام کرێ ماڵەکەیان بە پۆستدا بۆ دەنارد و ئەویش کارێکی پێیان نەبوو. ئەگەرچی هەر ئاپارتمانێکیان بە چوار کەس بە کرێ دابوو، بەڵام هەر کام لەوانیش کوڕ یان کچێکی هاوڕێیان لە گەڵ بوو. کەوابوو سەرجەم ١٦ کەس بوون و هەر دوو کوڕ و کچ پێکەوە لە دیوێكدا دەژیان کە ئاستی مام ناوەندی تەمەنی ئەوان نزیك ٢٢ ساڵ، کە جۆرە نیشتەجێبوون و ژیانێکی هاوبەشیان پێکەوە بوو، هەروەکی باس دەکرا، هەمووش پێکەوە نەدار بوون و دەرگای دیوەکانیشیان لە سەر یەکتریدا ئاوەڵاو چونکە بە زۆری بێ‌دەنگ بوون، کەس کاری پێیان نەبوو. لەو شەوە ئاهەنگانەدا بە تایبەت هەرکامیان تەنانەت میوانانێکی وەك ئالێکس و ماری و ... هتد، کە کەمیش نەبوون و زیاتریان قوتابی خوێندنگا و لە ماڵی دایك و باوکیان دەژیان و هیچ شوێنێکیان بۆ ژوان شك نەدەبرد، ئەگەر پێیان خۆش بوایە بۆ چەند کاتژمێرێك لە گەڵ هاوڕێ‌کەیان ڕابوێرن، دەچوونە یەکێك لە دیوەکانی قاتی خوارەوەو کەسیش کاری پێیان نەبوو. لە ژێرخان یان هەر ئەو شوێنی شەوئاهەنگە، قەنەفەی کۆنە و کورسیگەلێکی لە دار دروست کراوی بە ڕادەی پێویست و مێزێکیش کە ژمارەیەکی زۆری شووشە شەرابی سووری ئیتالیایی کە لە شەرابی فەڕانسەوی هەرزانترن، پیپسی، فانتا، ئاو و ... لە سەریان داندرابوون و سەری زۆربەی شووشەکان کرابوونەوەو هەر کەسێك کە تینوو و پێویستایە، دەیتوانی بە بێ پەرداخ و هەر بە شووشەوە، لێوێك تەڕ کا، لێی بوون. مۆسیقاش هەر ڕمبەی دەهات. لەوکاتدا تاقمێك سەمایان دەکردو تاقمێکیش لە دەوری یەك خڕ بوونەوەو دەورێك پێکەوە جغارە و گڕاسیان دەکێشا.

ئالێکس و ماری بە خواردنەوەی کەمێك شەرابی سوور و قسەکردن لە گەڵ هێندێکیان، لە ئاکامدا بە کۆی جغارەکێشەکان پەیوەست بوون کە "جان"یش لە نێو ئەواندا بوو، جان هات و سلاوی لێ کردن و لە دەوریان دانیشت. سەرەیان کە هاتەوە، مژێکیشیان لە جغارەکە دا. بەو شێوەیەی کە لە نێو ئەو کوڕەدا دیار و بە ئەزموونەکان دەیان گێڕاوە، تایبەتمەندییەکانی حەشیش گەنجەکان بەرەو دونیایەکی خەیاڵی دەبا و سەرخۆشیان دەکا. ماری و ئالێکسیش دوای لێدانی چەند مژێك لە جغارەکە، زەینییان لای خۆ نەماو لە گەڵ دەنگی مۆسیقایەکە دەستیان بە سەماکردن، کرد. دوای کاتژمێرێك سەماکردن، جان هەرای لێ‌کردن و بە قامکی ئاماژەی کردو گوتی، وەرن بۆ ئێرە. " تام " یان توماس(هاوڕێی هەموو مۆعتادەکان کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، واتە نزیك ٢٨ ساڵی تەمەن بوو)، دەیویست شتێکیان پیشان دا. لەوکاتەدا کە " جان " لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوت، هەر دووکیان وەشوێنی کەوتن و چوونە یەکەم ژوور لە یەکێك لە ئاپارتمانەکانی قاتی خوارەوە، چاویان بە تام کەوت کە لە لایەکی مێزەکە دانیشتبوو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سلاوێکی لە تازە هاتووەکان کرد و خولقی کردن کە لە سەر کورسی ئەو بەری مێزەکە دانیشن.

لەوکاتدا مۆمی سەر مێزەکەیان داگیرساندو "تام" بەستەیەکی پلاستیکی گچکەی پڕ لە تۆزێکی سپی لە گیرفانی دەرێناو کەوچکێکی گەورەیان لە چێشتخانە بۆ هێنا و لەسەر مۆمەکە ڕای گرت و تۆزەکەی کردە ناوی و دوای چەند چرکەیەك تۆزەکە تواوەو بە سۆڕەنگێك لە باسکی خۆیدا، یانی تەزریقی کرد. یەکەم جار بوو کە ماری و ئالێکس ئەم دیمەنە ببینن. بەلاّم گۆیا پێشتر جان ئەم شلە سرکەرەی تەزریق کردبوو. تا ئەوکاتە ئالێکس و ماری تەنانەت نەشیان دەزانی کە ناوی ئەو تۆزە چی‌یە و لەڕووشیان هەڵ نەدەهات بپرسن. دوایە زانیان کە ئەم مادده سپی‌یە هێرۆئینە و تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە تەزریق کردنەکەی حاڵ بە ئینسان دەدا. بەلاّم لە ئاسەوارەکانی دواتری هیچ شتێکیان نەدەزانی و لە بناغەڕا نەیان دەزانی کە ئەگەر کەسێك مۆعتاد بوو، خۆ ڕزگارکردنی زۆر دژوارە. دیارە مۆعتادێکی پیشەیی و کارکوشتە، لەو کەسانەی کە تازە دەهاتن و مەیلی خۆیان پیشان دەدا کە بۆ چەند کەڕەت تاقی کەنەوە، هیچ پارەیەکیان وەرنەدەگرت و بە قەول خۆڕایی بوو، هەرچەند ئەو تازەهاتووانە بۆ خۆیان نەیان دەزانی کە ناڕاستەوخۆ میوانی فرۆشیاری فەرمی ئەم ماددەیەن. بەهەرحاڵ ماری و ئالێکس زیاتر ورد دەبوونەوە بە تایبەت لە بینینی ئەم دیمەنە کە زۆریان بۆ دێنان حەتمەن تاقی کەنەوە. ئالێکس چاوێکی لە ماری کردو گوتی:

ـــ پێت خۆشە پێکەوە تاقی کەینەوە؟ بە سەر لەقاندنێکەوە گوتی، بەڵێ.

" تام " بە تەزریق کردنی ئەو دەرزییە تەواو سەرخۆش بوو. چونکە بۆ خۆی مۆعتاد و ئەگەر هەموو حەوتوویەك چەند مشتەری نوێی بۆ بێنایە، گەردەکەی لە لایەن سەرۆکەکەیەوە مەرجانی بوو. لە هەر قۆناغێکیشدا لە لایەن سەرۆکی باندەکەوە ئیزنی پێدرابوو، پێنج تا شەش توورەکە لەو گەردە بە خۆڕایی بداتە تازە هاتووەکان. ئالێکسی گەنج و کەم ئەزموون ڕووی لە تام کردو گوتی:

ـــ ئەمە لە کوێ ئامادە کەین؟ " تام " قامکی بۆ لای خۆی ڕاداشت و گوتی:

ـــ لای من. ئالێکس گوتی:

ـــ ئێستا دوو دانەی دیکەت بۆ من و ماری پێ‌یە؟ چونکە دەمانهەوێ تاقی کەینەوە. " تام " چاوێکی لە هەر دووکیان کردو گوتی:

ـــ بەڵێ، چەند دانەی دیکەم پێ‌یە کە دوو دانەیان بە دیاری دەدەمە تۆ و هاوڕێکەت و میوانی منن، بەلاّم بۆ خۆتان سۆڕەنگەکە پەیدا کەن. " جان " گوتی:

ـــ خراپ نیە، من ئێستاش شەش دانە لەو سۆڕەنگە یەك جار بەکار براوانەم ماوە، هەستا و زوو چوو لە دیوەکەی سێ دانەی هێنان، چونکە بۆ خۆشی دەیویست کەلکی لێوەرگرێ. ئەوان دوو کیسە لەو تۆزانەیان(گرد) پێکەوە کردە نێو کەوچکێك و خستیانە سەر مۆمەکە، بە جۆرێك بە سەر سێ دەرزیدا دابەشیان کرد کە بەشی ماری کەمێك لە هی ئالێکس و جان کەمتر بێ. ئەوان لەو شەوەدا بە تەزریق کردنی ئەو گەردە خۆڕاییانە، خۆشیان ڕابواردو دوایەش هاتنە خوارەوە. تا درەنگانێك پێکەوە خەریکی سەماکردن بوون. سەرەنجام لە یەکێك لە ژوورەکانی ئاپارتمانەکەدا کە لەبەختی ئەوان ئەو شەوە خاوەن ماڵەکە بۆ شەونشینی چووبوونە ماڵی یەکێك لە خزمەکانیان و لە ماڵ نەبوون، خافڵ لەوەی کە بێنەوە یان نا، لێی خەوتن.

هاوڕێیەتی ماری و ئالێکس زیاتر لە ساڵێکی خایاند و بەڕاستی ببوونە مۆعتادێکی تۆخ و بێ ئەو مادده سرکەران کار و ژیانیان لێ حەرام و بە بێ کار و کاسبیش وەدەست هێنانیان دژوار بوو. ئەوان هەرکامیان شەوانە لە ڕێستورانەکاندا بە کاری گارسۆنی و ڕۆژانیش بە فرۆشتن لە فرووشگاکاندا خەرجی ژیان و تا ڕادەیەك پارەی کڕینی ماددەی سرکەری پێویستیان وەدەست دێنا. دوای ئەوەی کە ئالێکس و ماری وەك دوو مۆعتادی گرووپەکە گواستیانەوە بۆ شارێکیتر، ژوورێکیان بە کرێ گرت و ژیانەکەیان دەست پێ‌کرد. هێندێك جار ئالێکس یارمەتیشی لە دایك و باوکی بۆ خەرجی ژیان وەردەگرت، بەلاّم دایك و باوکی نەیان دەزانی کە بە ڕاستی کوڕەکەیان مۆعتادەو وا لە نێو گرووپی مۆعتادەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەژی. جاروباریش کە بە سەردان دەچۆوە، دایکی بە ئاخێکەوە دەیگوت:

ــــ ئەیەرۆ دایکت مرێ، بۆچی وا کزەڵۆکە بووی؟ مەگەر نان ناخۆی؟ هەر لەوکاتدا باوکیشی لە دوورەوە دەیگوت:

ــــ گۆیا ئەمرۆکە لاوازبوون مۆدە یان ئەوە کە هاورێکەی وای دەوێ و رووی لە ئالێکس کردو درێژەی دا: بەڵام کوڕم واباشترە هێندە جغارە نەکێشی. جغارە بۆ سلامەتی زۆر خراپە و شێرپەنجەی بەدواوەیە. لە ئەساسدا نەیان دەزانی کە کورەکەیان تەنانەت حەشیش، ماریجوانا، هێرۆئین، ئێل ئێس دی و ...هتدی تاقی کردۆتەوەو جغارەکێشانەکەشی تەنیا بۆ سوکنایی‌یە. ئالێکس لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ــــ خۆزگە هەر جغارەکە بوایە نەك شتی‌تریش! بەهەرحاڵ دایك و باوکی لە بواری ماددی‌یەوە بەو تاقە کوڕەیان ڕادەگەیشتن و ئەگەریش تووشی بێ پارەیی باتایە، بێگومان، یارمەتی‌یان پێدەکردو ئەویش بە ماری ڕادەگەیشت.

ژیانێکی نیوە نهێنی لەبەر چاوی دایك و باوکی و درۆ مەسلەحەتی‌یەکانی ئەو دووانە، لە نێو گرووپی مۆعتادەکاندا تێدەپەڕی. ڕۆژێك ماری بێ ئەوەی کە پێی خۆش بێ، بینی کە زگی پڕە! ئەو زگ پڕی‌یە لەو بارودۆخەی کە تێی‌دا بوو، بەڕاستی ڕای چڵەکاندو زۆری پێ ناخۆش بوو. چونکە هەستی بەوە کردبوو کە نە ئالێکس ئەو کەسەیە کە بەرپرسایەتی منداڵ وەئەستۆ بگرێ و نە بۆخۆشی بەو وەزعەی کە بووی، دەیتوانی دایکێکی باش بێ و نە لەباریشی دەبرد. بۆیە تێمابوو کە دەبێ چ بکا! لە ڕاستی‌دا بە تەواوی دامابوو، لەوەش گرینگتر، نەیدەویست هیچ کەس بەم شتە بزانێ و تەنانەت لای ئالێکسیش دەنگی نەکردو لێی شاردەوە. لە تەمەنی ١٨ ساڵی‌دا زگپڕی و مۆعتادی بەڕاستی بۆی کارەسات بوو. بۆیە یەکەم کارێك بەرلەوەی کە زگی گەورە بێ، هاورێیانە لە ئالێکس جیا بۆوە، هەرچەند ئالێکس لەو دەرفەتەش‌دا گوێی بەو جیابوونەوەیە نەدا. چونکە ئەو لە عالەمی مۆعتادی‌دا زۆر لە ماری لەسەرتر و تەنیا شتێکیش کە ئیتر بەلایەوە گرینگ نەبوو، هاورێیەتی کچ بوو. ماری دیویکی



بەتەنێ گرت و هەر ئەو سێ ڕۆژە لە حەوتوودا گارسۆنی دەکرد. ئەگەر تریاك و مریاکە زۆر گران نەدەبوون، داهاتەکەی بەشی خەرجی ژیان و کرێ ماڵەکەی دەکرد. هەوڵی دەدا کێشانی ماددەکان کەم کاتەوە، بەڵام نەی دەتوانی وازی لێ بێنێ. جارجارە بە کراسێکی قەسری گەورەوە دەچووە سەردانی مۆعتادەکان و مژێکیش حەشیشی بە خۆڕایی دەکێشا. بەڵام نەی دەویست کەس پێی بزانێ کە زگی هەیە. هەرچەند ماددە سڕکەرەکان زۆریش بۆ ئافرەتانی دووگیان باش نیە، بەڵام لە ڕووی ناچارییەوە مژێکیشی لێدەدا و هێندێك جاریش ئەگەر پارەی بوایە دەرزییەکیشی تەزریق دەکردو چاوێکی بە ئالێکسی هاورێی دەکەوت و ئەحواڵێکیشی دەپرسی. بەڵام کاتێك کە زگی بوو بە شەش مانگ و تەواو لێی دیاربوو، بە یەکجاری لە گەڵ ئالێکس و گرووپەکەدا پێوەندییەکەی پساند. بەڵام ئێستاش زۆری بۆ دژوار بوو کە واز لەو ماددە سڕکەرانە بێنێ. تا کاتی منداڵبوونەکەی سێ جاری دیکە تاقیکاری ئەنجام دا کە لە ئاخروئۆخری زگ پڕیەکەی‌دا بۆ جاری سێهەم کە چووە نەخۆشخانە، دوکتورەکان بە مۆعتادبوونەکەیان زانی و خەواندیان تاکوو منداڵەکەی دەبێ. زۆری نەخایاند کە ماری لە ژێرچاوەدێری تایبەتی دوکتورەکاندا کچێکی ژیکەڵە، ساغ و بێعەیبی بوو کە هەردووکیان حاڵیان زۆر باش بوو.

هایدلبێرگی ئەڵمان، ٢٥ی ژوئەنی ٢٠٠٧ی‌زایینی.

دوکتور گۆڵموراد مورادی
Dr.GolmoradMoradi@t-online.de

لە بەرنامەیەکی دەروون شیکاری تەلەڤزیۆنی لە ئەڵمان وەرگێراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# مێژوو



## فەلسەفە کەی سەری هەڵداوە



د. ئاکۆ بورهان محەمەد*

ناتوانرێت بزانرێت فەلسەفە کەی دستی پێ کردوە، وتوویانە بە پرسیارەکانی "ئەرەستۆ" دەستی پێ کردوە لە سەر بنەچەی شتەکان، بەڵام ئەی لە پێش ئەودا ئەم جۆرە پرسیارانە نەبوونە، تەنانەت لە ئەفسانەکانیشدا پرسیار و هەوڵی وەڵامدانەوە هەبوون، بەڵام لێرە بە رای ئەرەستۆ (سەرسوڕهێنەری) یاخود (سەرنج) دەبێتە هۆی وروژاندنی پرسیار و دروست بوونی فەلسەفە.

پرسیارەکانیش بنەمای خۆیان هەیە، هەندێکیان پەیوەستە بە رواڵەتی دیاری کراوی وەك خەون و مردن و کارەسات و گۆڕانەکانی سروشت و وەرزەکان و رواڵەت و گۆڕانەکانی ژیان، وەك دەبینین لە داستان و چیرۆکەکاندا وروژاندن دێتە پێشەوە، لە داستانی "گەلگامش" مەسەلەی مردن و ژیان و نەمری، لە چیرۆکی "ئادەم و حەوا"دا وروژاندنی هیوا و نەمری و ماریفە و خۆشی و، شیکردنەوەی هەوڵی مرۆڤەکان و هیوابوون بە ژیانێکی باشتر و، شیکردنەوەی جوتە سیفەتی مرۆڤ لە "چاکە و خراپە"دا، لێرەدا چاوگی فەلسەفە خۆی دێنێتە پێشەوە و پاشانیش مرۆڤ دەگاتە قۆناغی بیرکردنەوەی رێکخستووانە.

پرسیارەکان هەن هەر لەوەتەی مرۆڤ هەن و هۆشمەندێتی و گەشەسەندنی مرۆڤەکان بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ پرسیارەکانی وەڵامەکانی بۆ زیاد بووە و بێکۆتایی. هەوڵەکانی وەڵامدانەوەکان چۆن بێت هەڵە بێت یاخود راست بەردەوام هی تری لێ دەبێتەوە لە پرسیار و وەڵام...، پێویست بوون بە وەڵام بۆ ئارامییە بۆ زانینە بۆ تێگەیشتنە و یارمەتیدەرە بۆ کار کردن و ژیان بە سەر بردن لە نێو کۆمەڵگەدا و بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ژیان و سروشت و مانەوەیەکی گەشدار. لێرەدا "میتۆلۆژیا" دروست دەبێت و هونەر و ئایین و فەلسەفە و زانست و هەموو جۆرەکانی هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی تر بەرەو قۆناغی نوێ هەنگاو دەنێت.

مرۆڤ هەوڵی ماریفە و تێگەیشتن دەدات بۆ زاتی خۆی، ئەویش لە رێی پرسیارەکانیدا وەك بەشێك لە هەڵوێستی خۆی بۆ پڕ کردنەوەی کەموکۆڕی و بەخششەکانی، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە ناگەیەنێت کە تەنانەت خودی پرسیارەکانیشی هەر راست بێت، بەڵکو وەڵامەکەشی مەرج نیە راست بێت و لەگەڵ واقیعدا بگونجێت. چونکە لەوانەیە وەڵامەکە خەیاڵی بێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ هەڵوێستی خودی مرۆڤەکەدا دەگونجێت بە گوێرەی تێگەیشتنی بۆ ژیان و ئاستی ماریفی و، جۆری ژێرخانی مادی کۆمەڵ و هۆشمەندیی کۆمەڵایەتییەکەی ئەو. بە هەر حاڵ و بە هەر ئاستێك بێت جۆری وەڵام و پرسیار پێویستییەکە، چونکە هەر ئەم فەلسەفەیە وەك یەکەم شێواز و شێوازی بنەڕەتی بوو بۆ زانست و ماریفە و پاشان جیابوونەوەی زانست لە فەلسەفە.

پرسیارەکان و وەڵامەکان لە گەشەسەندن دان، مرۆڤ لە رێی هۆشمەندییەکەیەوە بۆی دێتە پێشەوە، ئەم هۆشمەندییە شتێکی جێگیر نیە، بەڵکو بەردەوام لە گەشە و قووڵ بوونەوە دایە، واتە بوونی پلەکانی هۆشمەندی و پاشان بوونی پلەکانی پرسیار و وەڵام بە درێژایی سەردەمەکان، بەڵکو نەك هەر لە لێکۆڵینەوەی رووداوە مێژووییەکاندا، بەڵکو تەنانەت لە هەمان رووداو یاخود رواڵەت بە ئاستی جیاواز تێی دەگەین. وەك نموونەی مردن کە مرۆڤی لادێ و شار یاخود مرۆڤی ئاسایی و نائاسایی هەر یەك بە گوێرەی تێگەیشتن و ماریفەکەی خۆی بۆ مەسەلەی مردن هەڵوێستی هەیە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر مرۆڤی ئایینی لە سەر پرسیاری مردن شێوازەکەی وەکوو: ئەم کەسە دوای مردن پاداشتی چیە؟ ئایا چاکە و خراپەی چۆن بووە؟ رێگەی بەهەشتییە یاخود دۆزەخییە؟ ...، بەڵام بە لای کەسێکی نائایینی یاخود مادی یاخود ..، ئەم پرسیارە شێوازی تری بۆ هەیە. هەروەها وەکوو نموونەی لافاو دەبینین مرۆڤی سەرەتایی بە جۆرێك پرسیار دەکات کە جیایە لەگەڵ مرۆڤەکانی دوای خۆی. بە کورتی دەڵێین ئاستی هۆشمەندی و زانست و شارستانی و تا دوایی نەك تەنها وەڵامەکە بۆ هەمان پرسیارەکە جیاوازی پێوە دەبینرێت، بەڵکو جۆری پرسیارەکەش جیاوازی هەیە.



یا کە مرۆڤی سەرەتایی پرسیار بکات: رۆڵی مرۆڤ لە گەردوون دا چیە؟ چاکە و خراپە بۆ هەیە؟ لێرەدا مانا و ئامانج و ناوەرۆکی پرسیارەکانی هەمان پرسیار نیە وەك لای مرۆڤی دوای خۆی، چونکە پلە و ئاستی تێگەیشتن و ماریفە و هۆشمەندی و زانستی بابەتییانە جیاوازییەکە دیار دەکات لە پرسیار و تەنانەت لە وەڵامەکەشی.

بیروڕای فەلسەفییانە رواڵەتێکی مرۆیی گشتییە و پێویستییەکی مرۆڤانەیە، جا چ بە شێوەی هۆشمەندی یا هەستیاری، کەم یاخود زۆر، مرۆڤی سادە زۆرجار وا لێك دەداتەوە کە فەلسەفەی نیە، ئەی هەڵوێست لە چیەوە دروست دەبێت؟ بەڵکو هەڵوێست بنەچەکەی پرسیار و دڵەڕاوکێی زۆر یا سنووردار یاخود دوای شیکاری و لێکدانەوە دیار دەخرێت کە پابەندی دەبێت.

دەمەوێت بڵێم کە مێژووی فەلسەفە لە دیمانەیەکی فراوانی پەرەسەندوو خۆی بەرجەستە دەکات و پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت بۆ گەیشتن بە تیۆریایەتی زیاتر و راستتر و قوڵتر کە هاوئاهەنگ بێت و وێك بێت بۆ مەنتقی شتەکان و راستییەکان. فەلسەفە بە درێژایی مێژووەکەی زۆر پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە لە رووی رێباز و ماریفەوە، فەیلەسووف "دیشنیاخ" دەدوێت کە زۆری و جۆراوجۆری


پرسیارە بنەڕەتییەکان لە فەلسەفەدا گرنگی بەرچاوی دەبێت لە بزاوتی هزریدا و، پێشکەوتنی هزری فەلسەفی نەك تەنها دەبێتە هۆی دۆزینەوەی راستی نوێ، بەڵکو ئاماژە کردنی نوێ لە سەر ئەو راستییانەی کە هەن و ناسراون لەوەو پێش و، توانای فەلسەفە درێژ بوونەوەیەکی داهێنان و شیکاری و روونکردنەوە و تێگەیشتن و قوڵ بوونەوەی هزرییە. بەم جۆرەش فەلسەفە لە هەموو سەردەمەکاندا پرسیاری خۆی هەیە و مەسەلەکان بەرجەستە دەکات، ئەمانەش بەو گوێرەیە کە لەگەڵ باری سەردەمەکەدا بگونجێت و رێگە گەڵاڵە کردنی مەسەلەکان و تیۆرییەکانی ماریفەی ئەو کاتە گیانی فەلسەفە پێك دێنێت کە ئاوێنەیەکە بۆ رادەی بلیمەتی سەردەمەکە، مەسەلە فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژوو یەك جۆرن بەڵام شێوازی پرسیارەکان و ئاراستەی هزری توێژەر بۆ چارەسەر و دۆزینەوەی وەڵام جیاوازە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، چونکە هەر سەردەمێکی مێژوویی هزر و بیری فەلسەفییانەی خۆی هەیە و سەردەمە هزرییەکانی فەلسەفەش جیاوازی تیا دەبینرێت، وەکوو دەبینین لە سەردەمی یونانی کۆندا هەر لە سوکراتەوە هزری "ئەوپەڕی چاکە" نێوەندێك بوو کە هزر و بیرکردنەوەی لە سەر زۆر بوو، کە لە چوارچێوەیدا فەیلەسووف کێشە و مەسەلەکانی خۆی دەخستە هەوڵی چارەسەر و، لە سەردەمی مەسیحییەتیشدا ماناکانی گوناه و رزگار بوون و لێخۆشبوونی خوایی و ... کەوتبوونە هزری فەیلەسووفەکان کە لە چوارچێوەیدا مەسەلەکان بە شێوازی تر بەرجەستە دەکران و، لە سەردەمی ئیسلامدا واتاکانی هزر و تۆمار کردن و دانایی شەریعەت ببوونە مژووڵی فەیلەسووفەکانیان. لە سەردەمی دیکارتیشدا مەسەلەکان بەو جۆرە بەرقەرار دەبوون لە خۆناسین و دیدی بابەتییانە بۆ مەسەلەکان بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکان.

*** سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی کۆیە**

# دەیلەمییەکان و تازیان

ن: ئەحمەد کسروی

و: کوێستان نستانی



پێش هاتنی ئیسلام و لە ناوچوونی پاشایانی ساسانی تەواوی ئێران لە رووباری "فورات" تا رووباری "جیحون" و لە "خەلیج فارس" تا "قفقاز" و "دربند" کەوتە دەستی تازیان. لە زنجیرە چیاکانی ئەلبورز(البرز) خەڵکانێك(٥) هەبوون کە زۆربەیان دەیلەمیان و تپوران (٦) و ( خەڵکی طبرستان ) بوون رێگەیان بە تازیان نەدا بێنە ناوچەکەیانیان ، نەچونە ژێر دەسەڵاتیانەوە لەگەڵ ئەو هەموو هێزو توانایەی کە هەیان بوو وکێوو دەشت و لە هەیبەت و سامی ئەوان دەلەرزی، لە گەڵ ئەوەشداخەڵکی ئەو چیاییە نەبوونە ژێر دەستیان و سەربەخۆی و ئازادی خۆیان لە دەست نەدا.

بەڵام "تپوران" هەر چەندە لە هەموو روویەکەوە لە دەیلەمیان گەورەترو بەهێزتر بوون لەگەڵ تازیان پەیمانی ئاشتیان بەست و وازیان لە شەرو دوژمنایەتی هێنا و دوای ماوەیەك تازیان بە هەوڵ تەقەڵایەکی زۆر دەستیان بەسەر ویلایەتی ئەوان داگرت و تەواوی دەشت و نیشینگەی ئەوانیان خستە ژێر دەست، تەنها لە هەندێ لە چیاکان پاشایانی خۆماڵی دەسەڵاتدار بوون (بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرچاوە مێژووییەکان)،بەڵام دەیلەمیان بە پێچەوانەی تپوران لە دوژمنایەتی و رق و کینە لەگەڵ تازیان بەربەرەکانیان کرد و لە بەرامبەریان دا راوەستان داوای ئاشتی

نەکرد. بە ئەوەش رازی نەبوون کە لە چیاکانی خۆیان بە ئازادی بژین و لە دەست درێژی دوژمنان ئاسوودە بن، بەڵکو کاتێ هەلیان بۆ دەرەخسا لە کوشتنی تازیان و مسوڵمانان و تاڵان و برۆ درێغیان نەدەکرد. ئەوەبوو تازیان "قەزوینیان" کە بەوشێوەیەی کە لە سەردەمی ساسانیەکان بوو کردە شوێنی سوپاو سوپایەکیان لە "غازیان" و" مرابطان" لە بەرامبەر دەیلەمیان پێك هێنا. تا کۆتایی سەدەی ٣٠ھ ئەو رێکەوتنەی نێوان دەیلەمیان و مسوڵمانان بەردەوام بوو وە زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ بە تایبەت تا (کۆتایی سەدەی دووەم) شەرو پێك دادان بەردەوام بوو.دەیلەمیان بە ترسناکترین و گەورەترین دوژمنی ئیسلام دەژمێردران و ناوی دەیلەم لەهەموو شوێنێك ناسراوە(٧). هێرشی نا بەجێو بێ باکانەی ئەو هێزە وەك(ضرب المثل )وابوە.(٨)

خلفا هرکرا کە بە والی کێوی(عراقی عەجەم) دادەنرا و گرینگترین کاری ئەوە بوو کە لە گەڵ دەیلەمیان شەربکا و رێ لە وێرانکاری و هێرشی ئەوان بگرێ. لەو کاتەدایە کە گەورەیی پاداشتی دانیشتن لە قەزەوین دا لە زەمانیپێغەمبەر چەند حەدیسێکیان گێراوەتەوە کە فەرموویەتی: قەزوین یەکێکە لەدەرگاکانی بە هەشت هەرکەسێ یەك شەو یەك رۆژ لە قەزوین بەنییەتی شەرکردن لە رێ ی خودا بمێنێتەوە بە هەشت بۆ ئەو پیرۆزو رەوایە.(٩) دیارە کە هەیبەت و سامی دەیلەمیان بەسەر مسوڵمانان دا کشاوە و هیچ کەس ئارەزووی نیشتە جێ بوونی لە قەزوین نەکردوە ئەو رووداو حەدیثانە بۆ هاندان و سەرکەوتنی خەڵکی گوتراوە ئەگینا هەروەك یاقووتی(متعرض)بووە.

ئەوە جێگەی سەرسورمانە کە ئاوا توانایی ئیسلام لەو سەردەمەدا گەیشتۆتە ئاستی کۆتایی لە کاتێك دا سنووری دەسەڵاتیان لە چیاکانی"پیرینە" لە ئەوروپا تا"تورکستان" و "چین" و نێوەراستی ئاسیای داگرتبوو. مسوڵمانانی کێوەکانی" پیرنە" تا لێواری "لوار" لە خاکی فەرانسا لە ژێر دەستیان دابوو، و سەرانسەری ئەوروپا لە سام و هەیبەتی ئەوان دەلەرزی. بەم شێوەیە نەتوانراوە خەڵکی ئەو چیایە دەستەمۆو زەلیل بکرێن؟!

دەتوانین بڵێن کە تەنیا شاخە سەرکەش و سەختەکانی دەیلەم و زۆری چروپری دارستانەکان بوو کە مسوڵمانانی دەستەوەستان و داماوکرد، تازیان لە هەموو جێیەك لەو چیاو دارستانانەیان دیتبوو. دەبێ بگووترێ هۆکاری سەرەکی هەمان مەردایەتی و دلێری دەیلەمیان و ئازایەتیی خۆبەخت کەری ئەوان بووەکە خەڵك لەرێگەی پاراستنی سنورو ئاو خاکی خۆیان و بەرپەرچ دانەوەی دوژمنان و بێگانەئاوا دەردەکەوتن.

لەراستیدا ژیانی دەیلەمیان لەو سەردەمەدا سەرانسەر ئازایەتیی لە خۆبردوی بووە، کە لە سەرچاوە مێژووییەکانی ئێراندا بە دوورودرێژی نووسراوە، بەڵام بەداخەوە لە سەرچاوە مێژوویەکانی ئێراندا باسی هیچ یەکێك لەو رووداو وبەسەرهاتانە نەکردووە ولەوانەیە ئەگەر "بووەیهییەکان " و "زەریان" نەبوونایە لە سەرچاوە مێژووییەکانی ئێمە ناوێك لە دەیلەم نەدەهات.

لە سەرچاوە مێژوویەکانی سەردەمی ئیسلامیش دا ئەگەر چی لەکاتی رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ناوی دەیلەم بە زۆری هاتووە و دەرکەوتوە کە چ گرینگیەکیان هەبووە، بەڵام لە بارەی ئەو تایفە هیچ شتێکی دیکە نەنووسراوە و لە بارەی ئەو شەرە یەك لە دوای یەکانە کە لەنێوان ئەوان و مسوڵمانان دا رووی داوە بێجگە لە هەواڵی بریقەدارِو کورت لێرەو لەوێ هیچی دیکە دەست ناکەوێ.

لەو کتێبەدا"شهریاران گمنام" تاکوو توانراوە گشت هەواڵێکمان کۆکردۆتەوە. هەروەك لە شێعرو قەسیدەی عەرەبی لە هەر جێگایەك کە ئیشارە بە دەیلەمیان کرابێ نووسیومانە.لە رووی ئەو هەواڵ و شێعرو حدیثانە کە ئیشارەیان پێکراوە ئازایەتی و لە خۆبردووی دەیلەمیان و راوەستان و خۆراگرییان لەبەرامبەر (خۆبەختکەرانی) ئیسلام لە ماوەی ٢٥٠ ساڵ زیاتر بەڵگەیەکی روون و ئاشکران.

"یەکەمین شەری دەیلەمیان لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تازیان"
بە پێی سەرچاوەکان یەکەمین شەری دەیلەمیان لەگەڵ تازیان لە ساڵی ٢٢ھ بووە لەو کاتەدا زنجیرەی سەربەخۆی ئێران لێك پچراوە و تازیان تا "هەمەدان" و"سپاهان" و "پارسیان" گرتبوو، و "یزگرد" پاشای وەڵات بۆ ناوچەی خوراسان هەڵاتبوو، هەرچی سوپاو لەشکری هەیبوو لێك بڵاوببوو وە خەڵکی هەموو شار و ویلایەتەکان بەتایبەتی دەیلەمیان لەوکاتەدا پاشا یا سەردارێکیان بەناوی "موتا" هەبوو لە چیاکانی خۆیان دەهاتنە خوارێ و لە دستبی(دەشتێك بووە لە نێوان قەزوین و هەمەدان) لە گەڵ دەست و پێوەندییەکانی تازیان بەردەوام شەرو پێکدادانیان کردوە. لەو نێوەدا خەڵکی" ئازەربایجان" و "رەی" نامەیان بۆ دەیلەمیان نووسی و لە هەریەك لەو دوو شارە سوپا لەگەڵ دەیلەمیان کەوت کە بەیەك دەست و بەیەك جاری هێرشیان کردە سەر تازیان و سنوور و شوێنی خۆیان لە مەترسیو هەرەشەی ئەو هێزە



رزگار کرد.
. سەرۆکی سوپای ئازەربایجان اسفندیار برای رۆستەم (سپهسالار)ی ناسراوی ئێران پێشتر لە شەری قادسیە بەدەستی تازیان کوژرابوو. سەرۆکی"رەی" فرخان زینبدی(زینبدە؟) یەکێك لە گەورەکانی ئەو شارە بوو. بەڵام سپهسالاری ئەو سوپاو لەشکرە و فەرماندەیی ئەو شەرە لە ئەستۆی (موتا) پێشەوای دەیلەمیان بوو.

"نعیم بن مقرن" ئەمیری تازیان لە هەمەدان کاتێك ئامادەیی دەیلەمیان و کۆکردنەوەی ئەو لەشکرەی زانی زۆر ترساو هەواڵی گەیاندە خەلیفە "عومەر" لە مەدینە کاتێك موتا بەو سوپا گەورەیە بەرەو" تازیان " کەوتە رێ "نعیم بن مقرن" ئەمیری "تازیان" لە هەمەدان دەرکەوت وە لە (واجرود) کە شوێنێك بوو لە نێوان ئەوشارەو و قەزوین، ئەو دوو لەشکرە بەیەك گەیشتن و تێك هەڵچوون لە نێوانیان روویدا.

(طبری) مێژوونوس : دەڵێ ئەو شەرە لەبەر سەختیەکەی بەیەکێك لە شەرە بەناوبانگ و گەورەکانی"نهاوند" ژمێردرا وەو ناوبانگی دەرکردوە. چەندین کەس لە ئێرانیەکان کوژران کە لە ئەژمار نەدەهاتن . یەکێك لە کوژراوەکان "موتا" (١٠)بوو گوایە لە دوای کوشتنی"موتا" سوپای ئێران **توانای** خۆراگری نەما و بەیەکجاری بڵاوەی لێکرد هەر دستەو رێی ویلایەتیی خۆی گرتەبەر، بەڵام تازیان مزگێنی ئەو سەرکەوتنەیان لە مەدینە بۆ خەلیفە نارد لە دواییدا ئێرانیەکان بەرەو "قەزوین" و "رەی" رۆیشتن و لەرێگادا لەگەڵ لەشکری "دەیلەمیان" و" رازیان" سەر لەنوێ تێك هەڵچون و شەر لە نێوانیان دا روویدا . سوپاکەیان کرد بە دوو بەش و دەستەیەکیان بۆ "ئازەربایجان" و "ئاران"و " ئەرمەنستان" "نارد و ئەو ناوچەیەیان تاکو"دربند" دەست بەسەر داگرت، دەستەیەکی تریان بەرەو خوراسان ناردو لە ماوەیەکی کەم دا تا خاڵی کۆتایی سەر سنوری ئێرانیان گرت و لەگەڵ "باقرخان اسپهرطبرستان" پەیمانی رێکەوتن و ئاشتیان بەست و ئەو ویلایەتەیان وەك خۆی هێشتەوە.

بەڵام دەیلەمیان هیچ کاتێ داوای ئاشتی و رێکەوتنیان نەکرد بێجگە لە دوژمنایەتیی لە گەڵ تازیان هیچی تریان نەبوو بێجگە لە دوژمنایەتی.هەرکاتێك هەلیان بۆ دەرەخسا لە هێرش و کوشتارو تاڵانی تازیان کۆتایان نەدەکرد. تازیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناچار بە عاداتی سەردەمی ساسانیان کردە ساخلوگاه (١١) و سوپایان لەوی دا نیشتەجێکرد و بەردەوام شەرو دوژمنایەتیان هەبوو. لە ناوەراستی سەدەی دووەم ساڵی(١٤١-١٤٤) "عمرکوری علای رازی" بە فەرمانی منصور دەشتی"هاموون"و طبرستانیان" لە اسپهد خورشید گرت و ئیسلام لەو ویلایەتە بڵاوبۆوە. لە لایەکی دیکە لە رۆیان ناوچەی( کجور) هەردوشاری" چالوس" و "کلار" دێیەك بەناوی "مزن" یان کردە ساخلوگاه تا ناوەراستی سەدەی (٣٠)م . طبرستان بە دەستی لایەنگرانی خەلیفە بوو لەو لاشەوە تازیان و تازە مسوڵمانانی طبرستان خەریکی شەر لەگەڵ دەیلەمیان بوون.(١٢) هەروەك گوتمان لە کۆتایی سەدەی ٣٠ بەو شێوەیە لە نێوان دەیلەمیا ن و مسوڵمانان شەرو دوژمنایەتی بەردەوام بوو زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ بە خۆراگری مانەوە. بەڵام دەبێ ئەو ماوەیە بە دوو دەورە دابەش بکرێ و هەر دەورە بەجۆرێ باسی لێوە بکرێ، چونکە تا کۆتایی سەدەی دووەم لە لایەکەوە جامی مەردایەتی و هەستی ئایینی مسوڵمانان پربوو، لەلایەکی دیکە دەیلەمیان خەڵکی ساکار و چیایی بوون، بێجگە لە رق و تۆڵەستاندنەوە و دوژمنایەتی و بەکارهێنانی شمشێر و زوبین هیچی تریان نەدەزانی، شەرو لێدان لە نێوان ئەو دوو دەستەیە یەك لە دوای یەك رووی دەدا و زیاتر ئەو شەرانە هێرش و ویرانکاری و یان بەگوتەی تازیان خۆبەخت کەری(غەزوەکردن )بوو.کەمتر مەبەستیان لەشکرکەشی و بەربڵاوی بووە .

هەربۆیەش لە سەرچاوە مێژوویەکانی ئیسلام ئەم شەرو رووداوانە کەمتر باسیان لێوەکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنایەتی و کێشمە کێشمی مسوڵمانان و دەیلەمیان هەر هەبووە. لەم دەورەیەدا هەم لە هەستی ئایینی مسوڵمانان کەم بۆوە، هەم دەیلەمیان تا ئەندازەیەك لە ساکاری و خورەوشتی سروشتی هاتبونە دەرو خاوێنترو بە ئەزموون تر ببون لەگەڵ عەلەویان وباقی، دوژمنایەتی خەلافەتی عەباسیان و هاوکارو هاودەست ببون. زیاتر لە رێگە ی سیاسەت و راوێژ بۆ لەناوبردنی تازیان هەوڵیان دەدا و لەگەڵ مسوڵمانان کەمتر شەریان دەکرد، بەڵام ئەو جارە تەنیا بە وێرانکاری و تالان و برۆ نەدەوەستان و هەوڵی فراوان کردنی وەڵاتیان دا لە سەردەمەدا پادشایانی دەیلەم ناسرابوون و ناویان لە هەندێك لە سەرچاوە مێژوویەکان دا دیارە بەسەرهات و داستانی شەرو رووداوەکانی ئەو دەورەیە تەنیا لە سەرچاوە مێژوویەکانی ئیسلامدا تارادەیەك باس کراوە. هەروەك دیارە لە سەرچاوە مێژوویەکانی ئیران بە دورو درێژی باس کراون و سودیان لێوەرگیراوە.

<u>پەراوێز</u>

(٥) — کەواتە( موغان ) و( تالّشان) بوون کە مێژوونووسانی ئیسلام بە" موقان" و "طلیسان" نووسیویانن هەروەها بنەماڵەیەك بە نێوی (ببر) کە ئیستا نیشانەیەك لەو بنەماڵە نەماوە.

(٦) نێوی کۆنی خەڵکی مازەندەران "تپور" و ناوی فارسی ئەو ویلایەتە (تپورستان) ە هەروەك لەسکەکانی سەدەکانی یەکەم و دووەمی هیجری لەو ویلایەتە بە ناوی پادشایانی خۆماڵی یان بە ناوی فەرمانرەوایانی مسوڵمانان لێدراون و ئیستا بە زۆری لە هەموو جێگایەك هەن . ناوی ئەو ویلایەتە بە نووسینی پەهلەوی (تپورستانە)ە .

(٧) "طبری" و "ابوالفرج اموی "لە چیرۆکی کربلا و شەهیدبوونی امام حسین بن علی نووسیویانە کە رۆژی ٩ی محرم "امام" شەوێك مۆڵەتی لە"عمربن سعد" وەرگرت . عمر لە وەرگرتنی مۆڵەت ترسی دەبێ و یەکێك لە سەرلەشکران پێی دەڵێ :( سبحانە اللە ئەگەر ئەوانە دەیلەمی بوون ئەوان داوایان لە تۆ کردبا تۆ دەبوو قەبوڵی بکەی!)

(٨) طبری لە بارەی رووداوی ساڵی ٦٠ بە تەواوی دەنوسێ کە"عبداللە کوری زیاد" نیازی گرتنی "عبیداللە کوری زیادالحرنامی" لە گەورەکانی کوفە ئاگادار بووە و لە شار رۆیشتووە و قصیدەیەکی بۆ ترساندنی ابن زیاد گوتووە کە دەڵێ:( فکفوا و الاذدتکم فی کتائب- اشد علیکم من زخوف الدیالمە) واتە : دەست هەڵدەگری ئەگەر نا بە زەرەری ئێوە بە هێزێك دێم کە لە هێرشی دەیلەمان بەهێزتر بێ.

(٩) معجم البلدان و نزهت القلوب.

(١٠) لێرەدا کە باس لە کوشتنی موتا دەکرێ لە سەرچاوە مێژوویەکاندا نەنووسراوە. لە شێعرەکانی نعیم بن مقرن کە دواتر دەنوسرێ تێدەگەین.

(١١) البلدان ،(ابن فقیە همدانی)، چاپ/لندن،ص٣٠٥.

(١٢)" فتوح البلدان" ،"بلاذری"، چاپ/مصر،ص٣٢٥. دەتوانرێ بگوترێ کە ئەوە هەمان شەرە کە "تازیان" لە سەر رێگای خۆیان بۆ قەزوین لەگەڵ دەیلەمیان کردیان کە لە دوای شەری "واجرود" بوو ، چونکە بلاذری شەری" واجرودی" لە کتێب ی خۆیدانەنووسیوە، لەبەر ئەوە ئەو شەرە لە پێش شەری" نهاوند" دەنووسێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەر کانیی(الرأس الجین)و چۆنیەتی داگیرکردنی له لایەن عەڕەبە موسڵمانەکانەوە

ئا: بەشدار ئەکرەم

**سەر کانیی(الراس الجین) و چۆنیەتی داگیرکردنی له لایەن عەڕەبە موسڵمانەکانەوە.**

**ئا: بەشدار ئەکرەم**

له راستیدا، هەوڵدانەوەو دووباره لێکدانەوەی لاپەڕەکانی دیرۆکی گەلی کورد نەك هەر کارێکی وا ئاسانو ساده نیه( به تایبەتی له مەڕ لایەنی بیرووباوەڕی ئاینیو رۆژی دوای )، واته دەبێ چاوەڕێکردنی کۆمەڵێ پرچەکداری شیاو نەشیاو بێن له لایەن ئەو کەسانەی بەجۆرێك له جۆرەکان هەستی نەتەوەیی یا نیشتمانی یا ئاینی دەیانو رۆژێنێ.

سەرەڕای ئەوەشی دەرخستنی راستیه مێژووییەکەیان جۆرێك له پاڕادۆکس له نێوان رابردووو ئێستادا دورست دەکات لانی کەم له یەکێك لەو لایەنانەی سەرەوە ئاماژەی پێکرا.


ئەوەی ئێمە لەو چاوخشاندنه خێرایەدا دەمانەوێ بیخەینە روو باس کردنه له چۆنیەتی داگیر کردن یان به وتەی عەرەبەکان بۆ زۆرێك له موسڵمانان( فتح )کردنی یەکێك له شاره گرینگەکانی هەرێمی جەزیره( جەزیرەی تین عمر به ووتەی عەرەبەکان )، ئەویش شاری سەری کانی یە( الراس الجین )، به ئاگا هێنانەوەی خوێندەڤانانی کورد له چۆنیەتی داگیرکردنی ئەو شارەو وڵاتی کوردان. به گوێرەی هێندێك له سەرچاوه مێژوویيه عەرەبیيە-ئیسلامیه کۆنەکان، سەدەکانی سەرەتای بلۆوبوونەوەی عەرەبەکانو ئایینەکەیان له زۆربەی وڵاتی دراوسێو دەوروبەری،

دوای دەرکەوتنی هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەی کوردو هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەو دەرخستنەوەو زیندوو کردنەوەی بەشێکی کلتووری نەتەوەیی( *Ndteondl culture*) و بیرکردنەوه له هۆکاری نەهامەتی یەکانی گەلی کوردو چاوخشاندنەوەی خەڵکانێکی ئاکادیمیو نائەکادیمی به سەرچاوه مێژووییەکانو لێکدانەوەی چۆنیەتی داگیرکردنی وڵاتی کوردان له لایەن عەڕەبە موسڵمانەکانەوە خوێندوڤانانو خەڵکی تریش بۆ دووگرووپی بیروبۆچوون جیاواز بۆ گۆشەی سەدوهەشتا پله دابەشبوون، گرووپی یەکەم ئەوانەن که زۆرینەنو پێیان وایه پەیامبەر محەمەدو قورئانەکەو چۆنێتی بڵاوبوونەوەی به پرۆسەیەکی خواییو هێمنو له سەرەخۆ بلۆوبۆوه له قەڵەم دەدەن، زۆربەی کاتیش وەك تەشی رێسین ئەو ئایەتەی قورئان( وماأرسلناك ألارحمه المين ) به پۆزش بۆ بلۆو بوونەوەی ئەو ئایینەو سەپاندنی به سەر خەڵکانی تر دەهێننەوه، لەگەڵ ئەوانەشی دا گرووپی دووهەم لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك لێیان به شێوازێکی زانستیانەو بێلایەنانه لەم رۆژەیان کۆڵیوەتەوه، بەڵام هێندێکیشیان به سۆزیان بۆ لایەنێك له لایەنەکانی هەستی نەتەوەیی، نیشتمانی، ئایدیۆلۆژی.... هتد یادەربرینی رقیان لەو کارانەی عەرەبو دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی دژی کورد کردوویانه وەك( سەربار )دەیکەنه ژێرباری پرۆسەی به ئیسلام کردنی.

هەر چۆنێك بێ دەتوانیین به پشت بەستنو به لێکدانەوەی سەرچاوه مێژووییەکان هەوڵی له یەکتر نیزیك خستنەوەی ئەو دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لایەنەی ئاماژەی پێکرا بدەین‌و تا دەکرێ خۆمان لە بیروبۆچوونی رەها( *Dhsolute* )بە دوور بگرین. شاری( سەری کانی) وەك یەکێك لە شارەکانی( هەرێمی جەزیرە )بەشێکی ولایەتی کوردان ئەم شارە ژمارەیەکی زۆری کانیاوی سازگاری لێیە کە دارودرەختو باغی دەشتاییەکەی ئاو دەدەن( هەر بۆیەشە بە عین الورده کانی گوڵان ناو دەبردرێ )(٣)، ئیستا ئەم شارەیان ئەم هەرێمە دواکەوتوویيە رۆژئاوای کوردستان.

البلادزیٚ مێژوو نووس لە کتێبی( الغتوح البلادان ) دا ئاوا دەنووسێ لە سەر دەستی عمیر بن سعد الاشهاری( رأس عین )دوای شەرێکی تووند داگیرکرا سەردەمی خەلیفە عمر کوری ختاب، بەڵام هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکات کە عیاز بن غنم نەیتوانی داگیری بکات‌و یەکسەر بەسەری دا بازی داو شارەکانی میافارقین‌و نیسیبینی داگیر کرد، ئەمەش راستی دژایەتی‌و دانیشتوانی ئەوەشە بەرامبەر بە عەرەبە موسوڵمانەکانە نیشان دەدەن لە دوای داگیر کردنەکەش جزیە بەرامبەر دانیشتوانی ئەم ناوچە داگیرکراوەکان دا سەپێنراوە بۆ هەر(٤) دینار وەردەگیرا.(٣)

بیروبۆچوونێکی تونەوەیە کە گۆیا "لاغنم بن عیاز"و"خالیدی کوڕی وەلیدی" بۆ داگیرکردنی ناردووەو و سەربازەکانی لە لایەن شازادەی ئەم شارە بە ناوی شەهریار گیراون.(٥) بە هەر جۆرێك بێ، داگیرکردنی شارەکە بە شێوەیەکی سەربازی یەکلایکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا، دەمانەوێ بە درکاندنی هێندێك زانیاری هانی خوێنەری بەرێز بدەین، لۆژیك‌و ئاوەزی خۆیی لە بەر سەڤـ و لێکدانەوەی زانیارییەکان بە کار بهێنێ.

لە کاتی داگیرکردنی هەر شارو ناوچەیەك هەڵبژاردن دەدرا بە دانیشتوانەکەی:(p) بوونە موسڵمان گۆڕینی ئایینی خۆیان‌و باوەڕ هێنان بە ئایینێك نەك هەر تێشناگەن، بەڵکوو لەگەڵ سروشتی فیسیۆلۆژیان ناگونجێ، لە گەڵ گەیەنەرانی لە یەکتریش تێناگەن،(ب) دانی باج‌و خەراج( لە جوغرافیای کوردستان تاکی خێڵەکی لە بەشی خۆ بژیوی کاری کردووە، ئەوەی چی ساڵانە بدات بە فەرمانڕەوایی نوێی )، شەڕ کردن( شەڕ کردن لەگەڵ هێزێك کە دوای کوشت‌و کوشتارێکی زۆری تێدەکەوێتەوە، ژن‌و منداڵ بە سبایەو کۆیلە بۆ خۆیان دەبن ).

**سەرچاوەکان:**

١- محەمەد محەمەد قاسم: المدخك اللا منا هبج البحق العلمی، ص ٦٠

٢- بعثوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد. ل ٣١

٣- البلاری: فتوح البلدان، ص ١١٠ (٢٧٩ ك مردوە)

٤- الن بطوطة: رطلة ابن بطوطة، ج ١، ص ١٧١ – ١٧٢

٥- الواقدی: فتوح الشام، ص ١٣٩


٦- شوان عوسمان مستەفا، هـ. س. پ. ل ٢٣٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# نوێ قەڵەمەکان




وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: ئەسرین حوسێنی

ئەو بابەتەی خوارەوە، بەسەرهاتی کیژێکی ئێرانی بە ناوی لەیلایە. ئەو تەمەنی سێزدە ساڵ بوو کە بە نابەدڵی بەشوو دراوەو تووشی کارەساتی دڵتەزێن بوە، ژنێکی گەنج کە بە زۆر ناچار بە لەش فرۆشی کراو هەر بەم هۆیەش بە مەرگ تاوانبار کراو هەتا لێوارەکانی مەرگ چوو دوو ساڵ لەمەو بەر کاتێك خاتوو شادی سەدر وەك پارێزەرێك لە بواری بەرگری کردنی مافی ژن لە ئێران دا چووە زینداناو سەردانی ژنە بەندیەکانی کرد، لەیلای لە بەند رزگار کردو توانی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بەسەر ناو براو دا بێنێ، ئێستا لەیلا لە بنکەیەکی پارێزەری مافی ژن دا دەژیو تەمەنی (٢٢) ساڵەو ئامادەیە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە، بە پێی داخوازی ئەو بنکەیە واتە ئەو شوێنەی کە لێی دەژی ناز ناوی بنەماڵەکەی گۆڕیوە لە ترسی ئەوەی پرسیار لە رابردووی نەکرێو سزا نەدرێ لە سەر ئەو کارەساتەی بە سەری هاتووە. روخساری سووری لەیلا دەم بە بزەیەو زیتە زیتی چاوەکاڵو گەشەکانی، تەمی ناخۆشییەکانی رابردوویانی تێدا بەدی ناکرێ. لەیلا دەڵێ کاتێك منداڵ بوومو نەمدەزانی ژیان بەرەو کوێ دەڕوات هەموو ژیانم بە فیرۆ چوو. کەوتمە بەر لۆمەو تەشەری خەڵك تا کاتێك خانمی شادی سەرد هاتو رزگاری کردم. ئێستا رۆژ لە دوای رۆژ ژیانم باشتر دەبێ، قەدیمیان دەڵێن: ئەگەر چارەنووست لەگەڵت رانەهات تۆ لەگەڵ چارەنووست بگونجێ ئەو پەندە بۆ دڵدانەوەی ژنانو دوور کردنەوەیان لەو ژیانەی ژنان لە گۆمەڵگای ئێران دا وتراوە چونکە ژنان وەزعیان زۆر خراپەو لە هەموو مافەکانی ئینسانی بێ بەشن هەر بۆیە خانمی سەدرو هاوکارەکانی هەموو رۆژێ ئەو پەندە دەڵێنەوە.

لەیلا گەورە بوو پێ گەیشت لەگەڵ دایكو باوكو دووبرای لە خانوویەکی (٣) ژووری لە شاری ئەراك دەژیا ئەراك شارێکی پیشە سازیەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(١٣٠) کیلۆمەتر لە باشووری تارانەوە دوورە. لەیلا بۆ کاری نێو ماڵ هاوکاری دایکی دەکات بۆیەش نەیتوانی دەرس بخوێنێت. باوکی زۆر بە دەگمەن کاری دەکرد لە نەگونجانی بنەماڵە دا بنەماڵەکەی لەیلایان فرۆشتو بە زۆریو نا بەدڵی دایان بە پیاوێك کە دەیانزانی ئەو پیاوە دەیەوێ بە زۆر لەیلا تووشی کاری خراپ بکاو لەیلای دەوێ بۆ لەش فرۆشی بۆ ئەوەی پارەی پێ پەیدا بکا. لە ئێران دا بۆ باوك شتێکی یاساییە کە کچەکەی لە کاتی بەمێرد دان دا بفرۆشێ‌و بەکەیفی خۆی لە هەر کابرایەکی مارە بکا. لەیلا لە تەمەنی (١٣) ساڵی دا بوو بە هاوسەری یاسایی مێردە قورم ساغەکەیو لێی مارە کراو بوو بە ژنێکی لەش فرۆش‌و کەوتە گەرداوێکی کەئیتر دەرباز بوونی بۆ نەبووە. لە ئێران هەمیشە بە پێی یاساو نەریتو شەریعەت کچان رەچاوی ئامۆژگاریەکانی باوکیان دەکەنو لە قسەیان دەرناچن. کە چوونە لای مێردیش ناچارن بە قسەی مێرد هەڵسووکەوت بکەن. کاتێك ژنو مێرد لە بنەماڵە دا گیروگرفتیان بۆ دێتە پێش، دادوەرەکان بۆیان گرینگ نییە مەسەلەکە چۆنەو چییەو خەتای کامیانە. ئەوان لایەنی پیاوەکە دەگرن. کاتێك پۆلیس لەیلای لە تەمەنی (١٨) ساڵی دا دەستگیر کرد ئەو لە وەزعێکی زۆر خراپ دا دەژیا لە کاتی مێرد کردنی تا کاتی گیرانی لە ماوەی ئەو پێنج ساڵە دا دوو جار زگی پڕ بوو و لە بەر نائاسایی وەزعی گوزەرانی لەش فرۆشی ناچار بوو کە واز لە هەر دووك منداڵەکەی بێنێ. کاتێك لەیلا حوکم درا هەوڵی دا لە بەرامبەر تاوانەکانی دا بەرگری لە



خۆی بکات. ئەو کارەساتو بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کە چۆن بەزۆری بەمێرد درا وە مێرد دەکەی لە ماڵەوە واداری کردووە ئەخلاقی لەش فرۆشی هەروەها مێردەکەی بە چاوی سووك چاوی لێکردووە زۆردڕندانە پەلاماری داوە ئازارو شکنجەی کردووە لەیلا وتی: لە تەواوی ژیانم دا هیچ کەس گوێی بۆ رانەگرتم هیچ کەس لە کێشەی من تێ نەگەیشت ئەو کاتەی کە من کێشەو ناکۆکی خۆم باس دەکرد کەس باوەڕی بەمن نەدەکرد، هەر کەس لە بەر خۆیەوە دادگایی دەکردمو پێی وابوو ئەو لەش فرۆشیە بێ ئەخلاقیە تاوانی منە، کاتێك قازیەکە گوێی لە تاوانەکان بوو بریاری دا کە لەیلا بۆ خۆی بەرپرسیار بووە لە هەمووی ئەو تاوانانەدا. بە پێی هەر دووك تاوانی بێ ئەخلاقیو لەش فرۆشی لەیلا مەحکووم بە ئیعدام کراو بریاری سەنگەسار کردنی دار رزگار کردنو پاراستنی لەیلا لە ساڵی (٢٠٠٤) هاورێیەك لە سەر مەسەلەکەی لەیلا قسەی لەگەڵ خانمی سەدر کرد، خانمی سەدر لە زیندان دا بێ چارەییو ماڵ وێرانیو بێ حاڵی وەزعی خراپی لەیلای بۆ دەرکەوتو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەساسیو قورئانیو روحمو وێژدان دیفاعی لە لەیلای دا بەدادگا، دادگاش بۆی دەرکەوت کە دۆسیەی لەیلا لە بەر خراپی وەزعی رۆحی پێویستە باسی لە سەر بکرێتەوە خانمی سەدر حاکمی رازی کرد بۆ دابڕینی ئەو پێوەندیە یاساییە کە نێوان لەیلاو بنەماڵەکەدا هەیە پاسەوانێکی بۆ دیاری کرد بۆ ئەوەی کە لەیلا هەر بەتەنیایی بێ.

لە ساڵی (٢٠٠٥) کاتێك لەیلا لە زیندان ئازاد بوو خانمی سەدر هێنای بۆ تارانو داوای یارمەتی کرد لە تۆرێکی کار کردنی ژنان کە کاری تۆرەکە ئەوەیە بە راهێنانو مەشق پێ کردن هەزاران ژنو کچی بێ ئابڕوو کە بە هۆی سیستەمی خراپی ئێران تووشی ئەو کارە بوون بگەرێنەوە سەر حاڵەتی پێشوویان. ئەو ژنو کچانە کە بریتین لە کچانی ئاوارەی ماڵو حاڵ ئەوانەن قوربانی هەواو هەوەس بوونو ئەتك کراونو لەشفرۆشیان کردوەو بێ بن کراون، تەڵاق دراون لە روانگەی کۆمەڵگەی سونەتی ئێران هەموویان وەك یەك چاویان لێدەکرێ بێگومان هەمووی ئەوانەی کچێنیان لە دەست داوە بەو حاڵەش شایانی ئەوەن بگێردرێنەوە سەر رێگای




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستو ناو کۆمەڵگا، خاتوو مەرجانی حاڵەتی کە سایکۆلۆجیتێکی راهێنەرەکە ئەو کەسەیە کە بنکەی ئومێدی مێهری دروست کرد وتی: کچانو ژنانی وەك لەیلا لەلایەن حکوومەتو بەشێك لە کۆمەڵگا خەتیان بە سەر هاتبوو دووره پەرێز کراون راندراون کە بە بروای ئێمە ئەوە دورست نیە. بنکەی ئومێدی مێهرکە پەناگایەکە بۆ ژیانی لێقەوماون لە خوارەوەی تاران ئەو شوێنە کە لەیلا لێی دەژی بەڵام بنکەی ئومێدی مێهر شتێکی دەگمەنە لە ئێران دا لە بەر ئەوەی رێکایەکی دیاری دەکات بۆ ئەو کچانەی لە دەست چارەنووسی لەرزۆکی رابردوویان رادەکەنو نایانەوێ تووشی ئەو کارە ببنەو رێگای دورستیان پێشان دەدا ناوەندەکە چارەسەری تاکو کۆ دەستەبەر دەکاو بەخێویان دەکاو مۆڵەتی کارو ئیشکردنیان بۆ دابین دەکا رێکخستنی ژنان لە تەمەن (٣٠ ـ ٣٥)ساڵیان بۆ ماوەی (٢ ـ ٣) ساڵ بۆ پێك دێنێ بواری هونەری خوێندنو نووسینیان بۆ دەرەخسێنی بۆ ئەوەی ئەوانەی باسەوادترن فیلمی کۆمەڵایەتیان پێشان دەدات.

لەیلا وتی ئەوە سەختە بۆ کچێك لە ئێران ئەتۆ زیندوو بمێنێوە لە رابردوو دەرس وەربگرەو فێر بە خۆت بە قەزاوقەدەر مەسپێرە ئەوەندەی لە توانای دایە هەوڵ بدە خۆت پێبگەیەنیو ئەمن پێم وایە تازە لە دایك بووم دنیا هی منە بۆ کات دەرکەوتن کە سیستەمی ئێران سیستەمێکی نەخۆشە ژنان لە هەموو ئازایەکی بێ بەشن......

# هەر برۆ!

وەرگێران لە فارسییەوە: ژیلوان حەسەنپوور



یەکێك لە قوتابی یەکانی مامۆستا هەموو کات لە سەر بەردێك روو بە ئاسۆ دادەنیشتو لە ئاسمانی دەروانیو هیچ کاری نەدەکرد.

مامۆستا کاتێك هەستی بە بێکاریی ئەو کرد، لە تەنیشتی دانیشتو لێی پرسی: بۆچی دەست بۆ هیچ کارێك نابەی تا ئەنجامێکی هەبێو ژیانێکی باشتر بۆ خۆت دروست بکەی؟!

قوتابیە گەنجەکە لە نیشانەی بە داخ بوون سەرێکی لەقاندو کوتی: هەوڵدان بێ ئەنجامە مامۆستا! بیر لە هەر رێگایەك دەکەمەوە دەزانم کە بێ سوودە. من دەزانم کاری چاك چییە، بەڵام دەستو دڵم بۆ کار ناچێو رۆژبەرۆژیش حاڵم خەراپتر دەبێ!

مامۆستا لە جێی خۆی هەستاو دەستی لە سەر شانی قوتایە گەنجەکە داناو کوتی: ئەگەر دەزانی بۆ کوێ بچی، کەواتە هەستە برۆ! ئەگەر ناشزانی ئەوە رێگای راست لەمو ئەو بپرسەو دواتر کە دۆزیتەوە ئەو کات هەستەو لەو رێگایەوە برۆ!

هەر برۆو لە یەك شوێن دامەنیشە! لە یەك جێگا دانیشتن هیچ ئەنجامێکی بۆ مرۆڤ نیە. جیاوازیشی نیە ئەو مرۆڤە چەندە دانا بێت!

ئەگەر خەمو خەفەتت هەیە، لە کاتی کاروچالاکی دا بیریان لێ بکەوە! ئەگەر دەتهەوێ واتای ژیان بزانی، لە نێو کارو هەوڵدان دا ئەو واتایە ببینەوە.

گرینگ ئەوەیە کە هەمیشە لە حاڵی بەرەو پێشچوون دابی! کەواتە هەستەو برۆ!

وەرگێراو لە: (مجله موفقییت، شماره ١٣١، نیمه دوم ابان ٨٦)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوا دیدار

من نەمزانی عیشقی ئێمە
کۆتایی دێت
گشت تەمەنی وەرزێك دەبێت
وەك پەپوولە
زوو ئەتۆریو لەناو ئەچێت
ئای کە ئێمە گوناه بارین
لە ئاستی کۆتایی هێنان
بە تەمەنی عاشق
هەرچەند ئەکەم
هەرچەند ئەڕۆم
کەسێ نییە دڵ نەوایی
دڵەی شێتم بکات
باش بزانە عیشقی ئێمە
خونچەیەکی ساڵانە بوو
لە وەرزی بەهار
بە دەستی با رەشی پاییز
هەڵوەرێت
بۆچی؟ وات ویست
چی؟ وای لێت کرد
عیشقی من بمرێنیت
چاوم بخەیتە گۆشەی
چاوەڕوانی
چۆن! چاوەڕوانییەك
چاوەڕوانییەکی بێ کۆتایی
تۆ هاتی من رزگار بکەی
لە تەنیایی و
چاوەڕوانی و
بێداری گشت شەوانێك
نەهاتبووی من بخەیتە
گۆشەیەکی گۆڕستانی بێ
مرادان
لە گشت دنیا تۆم هەڵبژارد
کە تۆ هاتی منت فێر کرد
چۆن بدوێم
چۆن هەنگاو بنێم
چۆن عاشقی تۆ بم
کە تۆ هاتی
چاوانی من بێ گریان بوون
لێوانی من پڕ خەندە بوون
رووخساری من پڕ شادی بوو
پێش هاتنت
دڵەی ناسکم عاشق نەبوو
کە تۆ هاتی عاشقت کردم بە
جوانی خۆت
تا وای لێ هات بە تەواوی
هۆگرت بووم
کاتێکیش کە درکاندت
وتت ئەڕۆم
هیدی هێدی
تەمەنی من لەگەڵ جەستەم
بە داماوی هەر ئەگریان
چاوانیشم وەك مۆمێك
تك تك لە بەر پێتا ئەتوایەوە
نزای ئەکردو لە بەر پێتا
ئەپاڕایەوە
نەمانیشم بۆ تەنها وشەیەك
کاری دەکرد
ئەویش دەیوت
توخوا مەڕۆ
لەدوای نزاو پاڕانەوە
تۆ پێت وتم
ئەم دیدارە دوا دیدارە
بێ رەحم بووی
لە ئاستی من
دڵمت خستە ناو دۆزەخێکی
تا هەتایی
بێ وەفا بوی
هەر خۆت کردت ماڵ ئاوایی
بە یەکجاری ـ تا کۆتایی

نوسینی:
هۆنیار کۆیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشەویستی

# لە روانگەی چەند لاوێکەوە

دیمانە: عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور (چیا)

**پرسیار: پێناسەی خۆشەویستی بکەو ئەگەر خۆشەویستت هەیە چ بە خۆشەویستەکەت دەڵێی؟**



**عەبدوڵلا عوسمانی:** سەرەتا پێم خۆشە سپاستان بکەم کەمنتان بەسەر کردەوە، لە رێگەی گۆڤاری خۆشەویتی لاوانەوە سلاو رێز دەنێرم بۆ هەموو ئەندامانی خۆشەویستی لاوانو ئەو کەسانەی کە گۆڤاری لاوان دەخوێننەوە سەبارەت بە پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە خۆشەویستی ئەو هەستە پاوك بێگەردەیە کە لە دەروونی مرۆڤەکان سەرچاوە دەگرێ جا ئەو خۆشەویستی‌یە لەوانەیە بە نیشتمان بێت یان کەسو کاری مرۆڤ وەك دایك یان رەگەزی بەرامبەر، خۆشەویستی بەرای من ژیانە واتە ئەگەر خۆشەویستی نەبێ ژیانی بوونی نیەو هەر خۆشەویستیە کە مرۆڤەکانی گەیاندۆتە ئەو بروایە کە هەوڵدەن بۆ ئاشتیو تەبایی پێکهێنان لەنێوان هەموو مرۆڤەکان. لە وڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتاندا دەڵێم بەڵێ خۆشەویستم هەیەو پەیامی من بۆ خۆشەویستەکەمو هەموو ئاشقان ئەو چەندێرەی کتێبی "غەزەڵ نووسو باغەکانی خەیال"ی بەختیار عەلی‌یە کەدەڵێ: ئەشق ئەو کەسە نیە مەعشوقەکەی خۆش دەوێ، هەموو ئادەمیزادێك دەتوانێ یەکێکی خۆشبوێ، هەموومرۆڤێك دەشێ بۆ ماوەیەك عاشق بێ، حەتا ترسناکترین مرڤەکان دەشێت جارێك لە جاران ئاشق بوو بن. گرنگ ئەوەیە کە لە ئەشقێکی یارەوە چۆن بەرەو عەشقێکی نەیارەوە دەگوازرێتەوە، گرنگ ئەوەیە کە چۆن دابەشی دەکات، عەشق وەك جۆگەلەیە وایە گرنگ نیە تا بنی درەختێك رایکێشیت، گرنگ ئەوەیە وەك خەتێك بە ژێر هەزاران داردا بیبەیت."



**سارێژ حەکیمزادە:** زۆر پێناسەی جۆراوجۆربۆخۆشەویستی هەیە، هەرچەند پێناسەش بکرێت هێشتا کەمە چۆن زۆر گەورەو پیرۆزە کە ناتوانین بە چەند دێڕ حەقی خۆی بدەینێ. خۆشەویستی لای من بریتی‌یە لە تێکەڵبوونی دوو رۆح، کە لەلایەن دوو کەسەوە دروست دەبێتو جوانترینماڵیش بۆ ئەو دوو خۆشەویستە دڵیانە کە بتوانن بە شێوەیەك خۆشەویستیەکەیان لە ناو دڵی یەکتریدا دروست بکەنو بە جوانی بیپارێزنو تا ئاخری ژیانیان وەفادار بن بەو خۆشەویستیە. بە خۆشەویستەکەم دەڵێم: گوڵی جوانم، ئەگەر سەدساڵیش پاش مردنم گۆرم هەڵبدەیتەوە، دەبینیت کە هێشتا دڵێك ماوە کە ناوی تۆی لەسەر نوسراوە...))




**رێبوار ئیبراهیم زادیان:** پێشەکی بەخێرهاتنی ئێوە دەکەمو ئیزن دەخوازم تاکوو لە رێگەی ئەم گۆڤارەوە سلاو بنێرم بۆ هەموو عاشقانی جیهانو بەتایبەت کوردستان.

خۆشەویستی لە لای من شتێکی زۆر پیرۆزەو پێموانیە بتوانرێ ئەم وشە پڕ واتایە بە چەند دێڕ پێناسەبکرێ.

کە باسی خۆشەویستی دەکرێ یەکەم وێنە کە لە مێشکی هەر عاشقێك بە نیگار دەکێشرێ وێنەی ئەو کەسەیە کە زۆری خۆش دەوێو هەستێکی پاکی

بەرامبەری هەیە. بەرای من هەر خۆشەویستی یەك کەپاكو بێگەرد بێ، خۆشەویستی‌یەکی ئیلاهی‌یەو هیچ هێزێك ناتوانێ ئەومافە لە ئینسانەکان زەوت بکاتو مرۆڤیش بە بێ خۆشەویستی ناتوانێ سەرکەوتن بە دەست بهێنێو تەنانەت درێژە بەژیان بدات. بە واتایەکی تر ئەگەر بۆ ماوەیەك لە لای خۆمان ئەم وشەیە بسڕینەوە ئەو کات دەبینین ژیان مانایەکی نامێنێ. هەروەك لە سەرێش دا ئاماژەم پێ کرد ئەم وشەیە زۆر لەوە گەورەترە کە بە چەند دێر پێناسە بکرێ هەر بۆیە لە کۆتایی ئەم بەشەی پرسیارەکەتاندا دەڵێم خۆشەویستی هەوێنی ژیانە. بۆ ئەم بەشەی تری پرسیاری بەرێزتان کەچی بە خۆشەویستەکەم دەڵێم تەنیا شێعری ئەحمەدی شاملوو دەڵێم:

((خۆزگە توانیبام دڵۆپ، دڵۆپ خوێنی رەگەکانم بکەمە فرمێسك تا بروام پێ بکەی. لە کۆتایی دا سەرکەوتووم بە سەرکەوتنتانو هیوادارم هەر بەخۆشەویستی ژیان بەسەر بەرن.))



**هوشیار فتح الهی:** بە بروای من کەسێ دەتوانێ پیناسەی خۆشەویستی بە جوانی بکات کە بە تەواوی مانای وشە عاشق بێ بەڵام من لەیەك رستەدا دەڵێم:

خۆشەویستی دەریایەکی قووڵو بێ سنوورە کە هەمووو کەس ناتوانێ تێیدا مەلە بکات. لەرێگەی گۆڤاری لاوانەوە پەیامێکم بۆ خوێنەرانی هێژا هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە بە داخەوە ئێمە ئینسانەکان هیچ کات بیرلەوە ناکەینەوە کە رۆژێك یەکتری لەدەست دەدەین، وەرن با قەدری یەکتری کاتێ بزانین کە لەگەڵ یەکداین لەبەشی دووهەمی پرسیارەکەشدا دەڵێم نەخێرمن خۆشەویستم نیە بەڵام خۆشەویسترین کەس لای من دایکمەو پێی دەڵێم:

((دایە گیان هەردەم لەبەر پێت دەمرم))



**گەزیزە باپیری:** خۆشەویستی هەستی بەخشەندەییە کە مرۆڤ بەرانبەر بەوشتەی یان ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێ هەیەتی، چەند شێوازی خۆشەویستیمان هەیە لەوانە: خۆشەویستی دایك بۆ کۆرپەکەی، کۆرپە بۆ دایكو هەروەها مرۆڤ بۆ نیشتمان، و خۆشەویستی دووودڵدار کە لەم نێوانەدا هەرکام لەوانە ئامادەن هەرشتێك کە خۆشەویستەکەیان بیهەوێت یان داوای لێ بکات پێی ببەخشێو تەنانەت لە پێناویدا لە ژیان رابرن، خۆشەویستی ئەگەر خۆشەویستیەکی راستین بێت سنووری نیە هەر یەك لەو شێوە خۆشەویستیانەی باسم کردن پیرۆزیو تایبەتمەندی خۆیان هەیەو بۆ من وەك کچێکی کورد زۆر جوانو پیرۆزن، کە لەم هەلەدا کە بۆتان رەخساندوم بەدایکم دەڵێم خۆشم دوێیو قەت چاکەکانت لەبیر ناکەم، بە نیشتمانەکەم دەڵێم لە پێناوی رزگار کردنو سەربەستیتدا گیانم فیدات دەکەم، بە خۆشەویستەکەشم دەڵێم: خۆشم دەوێی تا ئەو کاتەی دڵم لەلێدان دەکەوێت.



**سیامەند شێخەپوور:** خۆشەویستی لە جەستەو دەروونی هەر مرۆڤێکدا پێناسەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێ هەندێك ژیانیان بۆ خۆشەویستی دەوێ هەندێك خۆشەویستییان بۆ ژیان دەوێ. لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەو شتانەی کەخۆشەویستن بۆمرۆڤ، دەبنە هیواو ئاواتو ئامانج، دەبن بە بەشێك لە شتە پیرۆزو موقەدەسەکان، کە گەیشتن بەوان وەك بەرزترین ئاستی هیوا سەیر دەکرێ لە راستی‌دا مرۆڤ بێ ئاوات ناژیت ئەگەریش بژی بەس زیندوویەو ژیانێکی بێ‌ماناو پوچی دەبێ.

چۆن مرۆڤەکان خاوەن ئاواتو ئارەزوونو ئاواتەکان هەموو خۆشەویستن دەبێ ئەو راستیە لە یاد نەکەین کەمرۆڤ بێ خۆشەویستی ناژیتو خۆشەویستی بە بروای من هەناسەیە بۆ ژیان، هێزو توانایە بۆ سەرکەوتن، ورەو شادیە بۆ زیاتر ژیانی مرۆڤەکانی عاشقو ئەوانەی کە ئامادەن هەموو رۆژێك لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەکەیان دا بمرنو ژیانیان فیدای ژیانی خۆشەویستەکەیان دەکەن.

**سابیر سەلیمزادە:** خۆشەویستیی راستەقینە پەیامێکە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرو هەمیشەیی هەروەها بۆ هاتنە ئارای دونیایەکی تازەو جوان کە خەمو نارەحەتیەکان لەبیر بباتەوە. خۆشەویستی عەشقێکی لە بن نەهاتووە کەهەر مرۆڤێك لەکاتی لاویەتیدا لەناخو





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەروونی دا شین دەبێ. خۆشەویستی هەستی پاکی نێوان کچو کورە کە نیسبەت بەیەکتری هەیانە.

ـ بەخۆشەویستەکەم دەڵێم کە ئەو بەڵێنەی کە لە یەکەم کاتەکانی خۆشەویستیمان بە تۆم داوە بۆ هەمیشە لەسەر ئەم بەڵێنەم دەمێنم. دڵنیاشم لە خۆشەویستەکەم کە ئەویش هەر وەك من وایە.

**برایم بێهروزی:** خۆشەویستی لە دیدی من دڵبەستنی دوو کەس بە یەکتریی کە تا ئاخر کاتەکانی ژیان دەبێت بەو پەیمانە کە بە یەکتریان داوە وەفادار بمێنن تا خۆشەویستیی راستەقینە پێك بێننو...



**ئەسرین حوسەینی:** قسەکردن لەسەر خۆشەویستی قسەکردنە لەسەر بەهایەکی کۆمەڵایەتی گەورە، کە قورسایی ماهییەتی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێ. دروست بوونی هەستی خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا بە پێوەندییە رووحیەکانی هەر دوولا گرێدراوە بە خوێندنەوەی بەرژەوەندیە گشتیو تایبەتییەکانی هەر دوولا بە چاوێکی بەرزەوە کە عەقڵی تێدا سەرپشك بکرێ بە شێوەیەك کە لەسەر بنچینەی عەقڵو هوشیاریەکی چاكو زیندوو هەر یەکەیان ئەوەی تریانی قەبوول بێ، تا بە پێی ئەو پێوەندییە رووحی‌یە لێك دراوە هەر دوولا تەواوکەری یەکتر بن. خۆشەویستی جۆری زۆر هەیە بۆ دایك، بۆ باوك، بۆ براو خوشك، بۆ هاورێ یان خۆشەویستی لە نێوان رەگەزی جیاواز کە دەتوانین ناوی بنێین " دڵداری ئەڤینی" کە ئەمەش دوو جۆری هەیە!

١ـ خۆشەویستی جەستە واتە ئەو جۆرەیان دەتوانین بڵێین کاتی‌یە چونکە لە دوای پێك گەیشتن یان ئەگەر ئەو دوو کەسە بە هۆی هێندێ هۆ لێك دابرێن ئەو خۆشەویستی‌یە بەرەو نەمانو رووخان دەچێت واتە کۆتایی پێ دێ لەگەڵ نەمانی جەستە واتە (physical) یان بە شێوەیەکی‌تر ئەو جۆرە خۆشەویستی‌یە کۆتایی پێ دێ لە دوای گەیشتن بەو کەسەی کە دەتەوێ ئەگەر بۆ جەستە بووبێ رۆژ لە دوای رۆژ خۆشەویستی کاڵتر دەبێتەوە. هەر وەك شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (sir Philip zonal) باسی لێوە دەکات دەڵێت (physical love) وەك تەنەکە وایە زوو ژەنگ دێنێو دەمرێ لەگەڵ لە ناوچوونی جەستە چونکە پشتی بە جەستە بەستوە واتە شتێکی دونیایی ناو دەنرێتو تەنیا بۆ چێشتنی خۆشی‌یەکانە عەقل تێندا بەکار نایەت. ئارەزوەکان زاڵ تر بەسەر هۆشیو عەقڵ. جۆری دووهەم خۆشەویستی روحی (ئاسمانی) خودایی، کە ئەوەش لە ئاستێکی زۆر بەرزتر دایە کە چاو لە جەستە واتە تەنیا شتێك کە بیری لێ ناکرێتەوە لایەنی جەستەیە عەقڵو هۆشی تێدا کاریگەرەو لە دوای مردنی جەستە ئەو خۆشەویستی‌یە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان لەگەڵ روحی ئەو کەسە هەر دەمێنێو لایەنی بەرامبەر ناتوانێ لە بیری بکات خۆشەویستی روحی وی نیشان درێ مرۆڤە بۆ دوا رۆژی مرۆڤ واتە هیوا بەخشە وا لە مرۆڤ دەکات سەبوور بێت تەحەموولی هەموو ناخۆشی‌یەکان بکات بەو شێوەیە فێرت دەکات. هەر وەك شاعیر (sir Philip sunny) (spiritual love) واتە خۆشەویستی روحی تیشکی خۆر دادەنێ کە ئێمە رێنوێنی دەکات بەرامبەر هەموو شتە باشەکانو رێ روناکەدەرە بۆ گەیشتن بە جەستە پاکەکانمان. هیوادارم هەموو گەنجێك لایەنە باشەکان هەڵبژێرێو بە دوای ئارەزووە لاوەکییەکان نەکەون.

سەبارەت بە پرسیاری دووهەم

من خۆشەویستی‌یم بۆ دایكو باوکم هاورێکانم بێ ئەندازە هەیە، دەتوانم بڵێم خۆشەویسی‌یەکی رووحیم بۆ ئەوان هەیە زۆر شتم لە پێناو خۆشەویستی باوکم وەلا ناوەو قەتیش هەست بە زەرەر ناکەم لەوانەیە جاری وایە هەست بە پەشیمانی بکەم بەڵام لەوە دڵنیام کە زەرەرم نەکردووە دەزانم دوا رۆژم روونەو خۆشبەختم هیچ باوەڕیشم بە خۆشەویستی کورو کچ نیە بۆیە هەرگیز خۆی لێ نادەمو بیری لێ ناکەمەوە.

من لە کۆتایی دا دەڵێم خۆشەویستم هەیە دایكو باوکمو هاورێ زۆر بەرێزەکەم پەیمان خانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کیلیۆپاترا کێ بوو

و: لەئینگلیسیەوە: شەونم نوورانی

نزیك بە ٢٠٠٠ساڵ لەوەپێش، کیلیۆپاترا شازادەی میسربوو.ئەوشازادیە زۆر زیرەك، سەربەرز، لەخۆبایی وئازابوو، بریاری داکە وڵاتەکەی لەدەستی داگیرکەران بپارێزێ.کاتێك کە سوپای میسرلەلایەن رۆمییەکانەوە شکستی هێناکیلیۆپاترا بریاری داکە مردن باشترەلەوەی کەبەدیل بگیرێ. بەپێی کلیلی نەخشەکەی، مارێکی ژەهراوی لە باغەڵی خۆی داهەڵگرت. مارەکەپێوەیداو، کوشتی.

**شازادەیەکی زیرەك لەناو کێشەکان دا**

کیلیۆپاترا کچی "فارۆە " ی فەرمانڕەوای میسر بوو.لە ساڵی ٥١ ی پێش مەسیح، کاتێك کیلیۆپاترا ١٧ یان ١٨ ساڵ بووباوکی کۆچی دوایی کرد. کیلیۆپاترا وبرا ١٢ساڵەکەی بوون بە فەرمانرەوای میسر. سێ ساڵ دواتر، براکەی رایگەیاندکەدەبێ تەنیابۆخۆیتاقانە فەرمانرەوایمیسربێت. براکەی کیلیۆپاترای ناچارکردکە میسربەجێ بێڵێ.
کیلیۆپاترا هەستا بە سازدانی سوپایەك بۆ ۣدن لەدژی براکەی.بەڵام پیش ئەوەی ت پێ بکات، ژێنراڵی رۆمی جولیەس سیزەر" گەیشتە میسر.کلیۆپاترا ۮا کەداوای یارمەتی لە سیزەر بکات.بەڵام ۣ دەیتوانی کە برواتەوە بۆ میسرو، بەلای پاسەوانەکانی براکەی برِوا؟ ئەو بە پیلانێکی زیرەکانە هاتەپێش. مەتکارەکانی خستیانە ناوفەرشێکەوە ،رشەکەیان لول داو، وەك دیارییەك بردیان سیزەر.کاتێك فەرشەکە لەپێش یزەرکرایەوەو راخرا، کیلیۆپاترا هەستاو ەری دا رۆیشت.
پلانەکەی کیلیۆپاتراسەرکەوت.سیزەریارمەتی کیلیۆپاترای داو، براکەی شکستی هێنا. دووبارە پاترا بۆوە بە شازادەی میسر.
سیزەر کەوتە خۆشەویستی لەگەڵ کیلیۆپاترا. کاتێك سیزەر گەرایەوە بۆ رۆم، کیلیۆپاترا لەوێ سەردانی کرد. سیزەر بەڵێنی دا کە سوپای رۆم نابێت پەلاماری میسر بدات. دواتر لە٤٤ ی پ.ز. سیزەر کوژرا وکیلیۆپاترا گەرایەوە بۆ میسر.


**ئانتۆنی و کیلیۆپاترا :**

لەدوای گەرانەوەی لەرۆم، کیلیۆپاترا بۆماوەی چەند ساڵێك میسری بەرێوەبرد.لە ٤١ ی پ.ز، هەرچەندە، ژێنراڵی رۆمی" مارك ئەنتۆنی" داوای کرد کە کلیۆپاترا ببینێ.کلیۆپاترا لە باروودۆخێکی ئاستەم ونالەباردابوو.کلیۆپاترا دەیزانی کەهێزی سوپای رۆم دەیتوانی هەمووکات میسرداگیربکات. هەربۆیە رازی بوو بەوەی کەچاوی بە ئەنتۆنی بکەوێ، بەڵام بەگەیشتنی ئەو مەلەکەجوان وکەم وێنەوبالآبەرزە بە کەشتییە جوان وسەرسوڕهێنەرەکەی، کەتاجێکی شکۆداری لەسەرنابوو، ئانتۆنی تاساندوسەرنجی بۆلای خۆی راکیشاودڵێڕفاند. ئانتۆنی کەوتە داوی عیشقی ئەوشازادە سەربەرزوناسک ونازدارە، عیشقێکی بێ وێنەکە رەوتی مێژوی گۆری.
لە٣٥ ی پ.ز، ئانتۆنی و کلیۆپاترا ژیانی هاوسەرییان پێك هێناو، لە میسردەژیان. ساڵی دواتر، رایانگەیاند کە ئەوان دەبنە فەرمانرەوای بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری رۆم. ئەوئیمپراتۆرییەلە میسر وبەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پێك دەهات.
فەرمانرەواکانی رۆم بەوە توورە بوون.ژێنراڵی رۆمی " ئۆکتاڤیان "بە ئاشکرا بانگەوازی کرد بۆشەرکردن لەگەڵ ئانتۆنی و کلیۆپاترا. لە٣١ ی پ.ز. ئۆکتاڤیان هێرشی کردبۆ میسرو، لەشەرەکەداسەرکەوتنی بەدەست هێناو دەستی بەسەر میسر داگرت. ئانتۆنی و کلیۆپاترا خۆیان کوشت.

سەرچاوە : Encarta Kids 2008



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# زانستی



## قەڵەو بوون تووشی سەرئێشەت دەکات



تۆێژینەوە نوێیەکانی کولێژی (ئەلبێرت ئەنیشتاین) ئەوەیان دەرخستووە کە قەڵەوی‌و کێشی زیادی لەش سەرئێشەی بە دواوەیەو ئازارەکەی لە کێشی رۆژانە زیاترە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر (٣١٠٠٠) کەس کراو دەرکەوت ئەوانەی کەوا کێشیان زۆرە بە رێژەی ٥٢./٠ زیاتر تووشی سەر ئێشە دەبن‌و (١٥) رۆژ جارێك ئازارەکە دەست پێ دەکاتەوە کە (٤) کاتژمێریش دەخایەنێ کە ئەو سەرئێشەیە لە ئەنجامی داخرانی سووڕی خوێنەوەیە.

## ژمارەکانی تەندروستی مرۆڤ دیاری دەکەن

ئا: گەلاوێژ بابیری

ئەو ژمارانە کە پێویستە هەموو کەسێك بیزانێ، تا رادەی تەندورستی خۆی دیاری بکا. کە بریتییە لە:

١ـ رێژەی چەوری لە خوێندا: ئەو ژمارەیە رێژەی چەورێمان لە خوێندا بۆ دیاری دەکاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






پێویستە مرۆڤ دوای تەمەنی ٢٠ ساڵی بە دواوە هەر ٣ ساڵ جارێك پشكنینێكی گشتی بكاو دەبێ ڕێژەكانی چەورییەكەی كەمتر لە 200myldlدا بێ.

٢ـ پێوانەی جەستە: (Bml) لە ڕێگەی ئەم پێوانەوە پێوەندی نێوان كێش و درێژی جەستە دەزانرێت، پێویستە ئەم پێوانەش لە نێوان (٥ و ١٨) و (٩ و ٢٤) دا بێ.

٣ـ پێوەری پەستانی خوێن: پێویستە پەستانی خوێن كەمتر بێ لە ١٤٠/٩٠ .

٤ـ پێوەری هێزی گوشینی دەست: ئەم پێوەرەش گرنگیەكی زۆری هەیە لە ڕێگەی ئامێرێكی تایبەتەوە دەپێورێ و پێویستە لە نێوان ٢٥ــ٣٠ كیلۆ گرام دا بێ، چونكە ئەگەر لەمە كەمتر بوو مانای وایە مرۆڤەكە تووشی بێ هێزی ئێسك بووە.

٥ـ پێوەری هۆرمۆنی ڕژێنی دەرەقی (Tsh) پێویستە ڕێژەی هۆرمۆنی ڕژێنی دەرەقی لە نێوان ٤و٥ دا بێ، چونكە زیادی و كەمی لەم ڕێژەیە تووشی دەها نەخۆشیمان دەكات.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# خووگرتن بە ئینتێرنێت تەندروستی گشتی دەخاتە مەترسی‌یەوە

و: هوشیار فەتحوڵاهی

دوكتور «جێراڵد بلۆك» لە زانكۆی تەندروستی‌و زانست لە ئەمریكا لەم دواییانە لە وتارێك دا لە گۆڤارێكی بەنێوبانگی ئەمریكی لەبارەی دەروونناسی‌یەوە لە مەڕ «خووگرتن بە ئینتێرنێت»و ئاكامەزیانبارەكانی كە هێندێك جار دەتوانێ مەرگی لێ بكەوێتەوە وریایی داوە.

دوكتور بلۆك دەڵێ: یاری كردنی لە رادەبەدەری كامپیوتێر، زێدەڕۆیی لە سەیركردنی ماڵپەڕە قەرەباڵغەكانو تەنانەت ئیمەیل ناردن لە نیشانەكانی خووگرتن بە ئینتێرنێتە كە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرلێ شێواوی فیكری‌و رۆحی.


بە پێی نوسراوەكانی رۆژنامەی ئینگلیزی زمانی «گاردیەن» چاپی لەندەن، پێی وایە: گەڕانی لەرادەبەدەر لە ماڵپەڕەكانداو گوێ نەدان بە كاتو ساتو هەست پێ كردنی بەردەوام بە



هەبوونی كامپیوتێری باشترو پرۆگرامی زیاترو خەمۆكی لە كاتێكدا كە كامپیوتێر لە بەردەست دا نی‌یە، لەو نیشانانەیە كە نێشان دەدا ئەو مرۆڤە تووشی ئیعتیادی ئینتێرنێتی بووە.

ئەو دوكتورە دەڵێ: خووگرتن بە ئینتێرنێت هێندێ جار دەتوانێ ببێتە هۆی دوورەپەرێزی‌وتەریك كەوتنەوەی مرۆڤی تووشبوو رادەی كارابوونی ئەو لە جێبەجێ كردنی كارەكانی رۆژانەی‌دا دێنێتە خوارێ.

دوكتور بلۆك لە بارەی لێكۆڵینەوەگەلێك كە لەم بارەوە لە كۆریای باشوور كراوە دەڵێ: دە كەس




بە هۆی دانیشتنی لەڕادەبەدەر لە ژووری ئینتێرنێتو پشتی کامپیوتێردا تووشی بەستنی خوێن هاتوونو گیانیان لە دەست داوەو یەکێکیتریش لەسەر یاری on line کوژراوە.

دەوڵەتی کۆریای باشور پێی وایە کە ئێستا خووگرتن بە ئینتێرنێت یەکێك لەو قەیرانە جیددییانەیە کە تەندروستی گشتی (public health) دەخاتە مەترسییەوە.

دەوڵەتی کۆریای باشوور مەزندە دەکا کە ٢١٠ هەزار کەس لە منداڵانو میرمنداڵان لەم وڵاتەدا تووشی ئەم نەخۆشییە هاتوونو ٨٠٪ یان بۆ چارەسەری دەبێ لە دەرمان کەڵك وەربگرنو یەك لە چواریتریش دەبێ بۆ چارەسەری بەردەوام بە شێوەی تەواو وەخت بنێردرێن بۆ نەخۆشخانە.

ـ قوتابیانی دواناوەندی لەم وڵاتەدا نزیکەی ٢٣ کاتژمێر لە کاتی حەوتووانەی خۆیان بە خەریك بوون بە یاری on line تێپەڕ دەکەن، دوکتور بلۆك دەڵێ: یەك میلیونو ٢٠٠ هەزار کەسیتریش لە کۆریای باشوور لە بەردەم ئەگەری تووش بوون بە ئیعتیادی ئینتێرنێت دان.

ـ راپۆرتەکان ئەوە دەگەیەنن کە لەم وڵاتەدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوێندن یان کارەکەیان بە جێ دێڵن بۆ ئەوەی زیاتر لە پشت کامپیوتێردا دانیشن، بەرەو زیادبوون دەڕوا.

ناوبراو دەڵێ: لە چین نزیکەی ١٤٪ لە کاربەرانی ئینتێرنێتی یانی ١٠ میلیون کەس موعتاد بە ئینتێرنێتن، ئەو پێی وانیە کە ماڵپەڕگەلێکی تایبەتی بەرپرسیارن لە وەها کارەساتێکدا، بەڵکو ئیعتیاد بە ئینتێرنێت لە پێوەندی تایبەتیو شەخسیی مرۆڤەکان لەگەڵ کامپیوتێردا سەرچاوە دەگرێ.

ـ «هەری هێستێد»ی تەمەن ٥١ ساڵە لە کەسانێکە کە دەتوانین مرۆڤێکی موعتاد بە ئینتێرنێتی ناو بنێین، ناوبراو دەڵێ: من ١٦ کاتژمێر لە کاتی رۆژانەی خۆمم بە خەریك بوون لەسەر ئینتێرنێت تێپەڕ دەکردو نە گوێم بە هاوڕێکانمو نە شتێکیتر دەداو لە ئاکام دا زانیم کە تووشی چ کارەساتێك هاتوومو دەبێ بیرێك لە خۆم بکەمەوەو لەم بارەوە کارێك بکەم.


«ئێستا دەرمانخانەگەلێك لە زۆربەی وڵاتەکاندا بۆ دەرمانی مرۆڤە موعتادە ئینتێرنێتییەکان کراوەتەوە تا گرفتی موعتادانی دنیای خەیاڵی لە دنیای واقیعیدا چارەسەر بکات.»

سەرچاوە: «سایت رادیو فردا»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# برینی گەدە و دوانزەگرێ




بەشی دووهەم و کۆتایی

ئا: سەید جەلال ساڵحی

**نیشانەکانی برینی دوانزەگرێ:**

١) ١,٥ بۆ ٣ کاتژمێر دوای خواردن ئازارەکە دەست پێ دەکا.

٢) بە خواردن چاك دەبێ، لەبەر ئەوە نەخۆشەکە زۆر دەخوات و کێشی زیاد دەکا واتە، نەخۆشەکانی دوانزەگرێ بە زۆری قەڵەو(Fat)ن یان بەرەو قەڵەوی دەڕۆن.

٣) زۆر جار ئازارەکە ئەوەندە زۆرە نەخۆشەکە لەخەو هەڵدەستێنێ، بە ڕاکشانەوە ئازارەکە زیاتر دەبێ.

٤) ئازارەکە بەرەو پشتی دەچێ واتە، نێوەڕاستی پشتی یانی لە ئاستی مێعدەیان لە پشتەوەڕا ئازاری هەیە.

٥) زۆر جار ترشی دێتەوە نێو دەمیان یانی ترشەڵۆکی گەدەیان دێتەوە بۆ نێو دەمیان و ئێقێکی زۆر ناخۆش و ترشاوی هەیە.

٦) لە شەودا ئازارەکە زیاترە تاکوو ڕۆژ، ئەوەیە زۆر جار لە خەویان ڕاست دەکاتەوە.

***ئامۆژگارییە تەندروستییەکان:***

**بۆ برینەکانی گەدە و دوانزەگرێ دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیردرێن:**

١) لە کاتی نووستن دا، هەمیشە سەرینەکەیان(باڵنجە)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزتر بێ تاکوو ترشەڵۆکی گەدە نەیەتەوە بۆ نێو سوورێنچك، چونکە هەم تووشی دڵەکزە دەبن و هەمیش ئەگەری تووش بوون بە برینی سوورێنچك زۆرە.

٢) لە کاتی کارکردن دا بە تایبەت ئەو کارانەی کە ناچار بە داهاتنەوە و نووشتانەوەن، دەبێ خۆی لێ بپارێزن و هەروەها بەستنی کەمەربەند و پشتوێن باش نیە، لە کاتی ئاساییش دا دەبێ پشتوێن شل ببەسترێ واتە ئەوەندە توند نەبەسترێ کە تەوژم بۆ زگ بێنێ.

٣) خۆپاراستن لەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی ناڕاحەتی ئەعساب و دوورکەوتنەوە لێیان.

٤) دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لەو خۆراکانەی کە ترشی یان تیژیيان زۆرە وەك، سوورکراوەکان، چەوری، ئەلکۆل، جگەرە(سیگار)، قاوە، چایی ڕەش، بیباری تیژ و هەروەها ئەو شتانەی کە نەخۆشەکە بۆ خۆی پێیان ناڕەحەت دەبێ، زۆر گرینگن بۆ نەخۆشەکە. هەرچەند زانستنی پزیشکی هیچ جۆرە خواردنێکی بۆ ئەو جۆرە نەخۆشانە تا ئێستا دەست نیشان نەکردووە بەڵام دەرکەوتووە کە ئەو جۆرە خواردنانە دەبنە هۆی کولانەوەی برینەکە و ئازاری زیاتر بۆ نەخۆشەکە، وێ دەچێ لە داهاتوودا زانستنی پزیشکی بێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هێندێك خواردن بۆ ئەو جۆرە نەخۆشانە زیانی زیاترە تاکوو قازانجی و قەدەغەيان بکەن.

٥) ژەمی خواردنەکان زیاد کات و بڕی خواردن کەم کاتەوە یانی لە ڕۆژدا بە جێگای سێ ژەمە خواردن بیکاتە ٥ تا ٦ ژەم بەڵام کەم بخوات، بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بیکەینە بنەمایەك و بڵێین کە: کەم خۆری دایم خۆر بن.

٦) ئەو خواردنانەی کە پرۆتین دارن، لە ژەمە خواردنەکانیدا زیادیان بکات یان زیاتر ڕوو لەو جۆری خواردەمەنیيانە بکەن.

٧) هیچ کات بە گەدەی بەتاڵ و برسییەتی چایی و قاوە نەخۆنەوەو سیگار نەکێشن.

٨) ئەو دەرمانانەی کە باسیان لێوەکرا و بۆ گەدە قورسن وەك، ئیستڕۆئیدەکان، ئازارشکێنە بەهێزەکان (Analgesic)ی وەك، پرۆفین و ناپرۆکسین و ... کە بە گرووپی NAISD ناسراون، ئەگەریش ئازارێکی زۆر بەهێزی هەبوو دەتوانێ لە پاراستامۆڵ(استامینوفین) کەڵك وەرگرێ، دەنا بە بێ ئیزنی دوکتور ئەو دەرمانانەی دیکە نەخوات.

٩) بە پەلە نان مەخۆن، دیارە هیچ خواردنێك نابێ بە پەلە و لە کاتی هیلاك بوون دا بخورێ بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا ئەو کەسانەی کە تووشی ناڕەحەتی گەدە بوونە، پێویستە بە هێواشی و لەسەرەخۆیی خواردن بخۆن.

١٠) لە خواردنی شتی گەرمی وەك چایی و چێشتی گەرم بە تایبەت ئەوانەی کە زوو زوو تووشی دڵەکزە دەبن، خۆ ببوێرن.

١١) بێ گومان پارێزکردن یەکێك لەو دەرمانانەیە کە هیچ خەرجێکی تێ ناچێ و بگرە قازانجیشی هەیە چونکە هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەرمانێکی کیمیایی چەندە قازنجی هەیە ئەوەندەش زیانی هەیە و بگرە تاقمێکیشیان زەربە لە ئەندامەکانی دیکەی لەشیش دەدەن. هەربۆیە پارێزکردن بۆ خۆی دوکتورێکی گەورەیە. دەبێ لە کاتی تووش بوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس لە چلێسی کەم کەینەوە و پارێز لە زۆر خواردن بکەین کە بە ڕاستی زۆر خواردن گەورەترین نەخۆشییە. بۆیە عادەت کردن بە کەم خواردن مرۆڤ لە زۆر نەخۆشی ئەگەر بڵێین لە ٩٠٪ی نەخۆشییەکانمان دوور دەخاتەوە ئێستا زێدەڕۆییمان نەکردووە.

## ئاڵۆزکارییەکانی برینی گەدە و دوانزەگرێ (Complication of peptic ulcer)

١) **خوێنبەربوون(Bleeding)**: زۆر جار بە هۆی خراپی برینەکەوە نەخۆش تووشی خوێنبەربوون دەبێ و زۆر جار کوشندەشە. هەربۆیە دەبێ لە کاتی خوێن ڕێژی بە تایبەت ڕشانەوەدا دیاری دەکا و دەبێ بە زووترین کات فریای بکەوی و بگەیەنرێتە ناوەندێکی دەرمانی. لەم جۆرە حاڵەتانەدا زۆر جار پێویست بە نەشتەرگەریش دەکا.

٢) **گیرانی زمانە(دریچە)ی گەدە**: هێندێك جار ئەگەر برینەکە لەسەر زمانەی گەدەوە بێ تووشی گیرانی (Obstraction) دەکا کە ئەویش مەترسیدارە و دەبێ هەنگاوی فەوری بۆ هەڵگیردرێتەوە.

٣) **کون بوون(Penetration) و تەقین(Perforation)**: لە بەشی کۆئەندامی هەرس دا دێتە پێش بە هۆی برین و ناڕەحەتییەکانی دیکەی کۆئەندامی هەرس کە دیسانەکە مەترسیدارە و ئەگەر بە زووترین کات نەگەیەنرێتە لای نۆژدار و نەشتەرگەری بۆ نەکرێ، کوشندەیە.

٤) **کەم خوێنی(Anaemia)**: بە هۆی ئەو خوێنبەربوونە زۆرەی کە دێتە پێش و گەدەی تووشی خوێنبەربوون کردووە، لە گەڵ ئەوەی کە دەرمانی پێ دەدرێ، خوێنیشی تێدەکەنەوە.

٥) **کێش کەم بوون(Weight loss)**: لە برینەکانی گەدەدا دێتە پێش و بە نۆبەی خۆی بێ مەترسی نیە.

٦) **ئەمانە و بگرە زۆر** شتی دیکەش کە لە ئاکامی ناڕەحەتییەکانی کۆئەندامی هەرسەوە بە گشتی دێنە پێش، دەردەکەوێ کە بەشی کۆئەندامی هەرس چەندە گرینگە و دەبێ بە جوانی ئاگامان لێی بێ و بە تەواوی پارێزگاری لێ بکەین چونکە سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشییەکان لەو بەشەدا واتە، کۆئەندامی هارمە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




گشتیی دایە. بە ڕاستی ئەگەر هەر جۆرە ئالۆزی و ناهێنجارییەك بكەوێتە نێو كۆئەندامی هەرسەوە، تەواوی لەشی مرۆڤ پێوەی نارەحەتە بە تایبەت بیركردنەوە كاریگەرییەكی ئێجگار زۆر لەسەر كۆئەندامی هەرس دادەنێ چونكە ڕاستەوخۆ بە هۆی عەسەبی واگ(پێنۆمۆگاستریك)ەوە پێوەندی بە مێشكەوەیە و سروشتیشە كە فەرمانەكان هەموو لە مێشكەوە دەدرێنەوە ئەندامەكانی دیكەی لەش. ئەگەر ئەو تووشی ئالۆزیی و نارەحەتییەك بێ بە تایبەت بە هۆی باری نائاسایی گەدە و دەورووبەرییەوە، تەواوی لەش دەكەوێتە دۆخێكی ئالۆز و هەموو هۆرمۆنەكانی لەش پێكەوە تێكەڵ دەبن واتە تووشی ئالۆزی دەبن و هەركامە كاری سروشتی خۆی بە باشی بەڕێوە نابا، ئەوكاتە كە چاو لێ دەكەی هەموو لەشت ئازاری هەیە و تووشی قورسایی و داتەپیویی بووی.

**چارەسەری Treatment:**

**ئەگەر نەخۆش تووشی نارەحەتی گەدە و تەنانەت برینی گەدەش هات بەڵام هێلیكۆباكتری پیلۆری نەبوو، دەرمان بە شێوەی خوارەوە دەدرێ:**

١) ئەنتی ئەسید(Anti-acid)، بە نەخۆش دەدرێ بۆ ماوەی ٤ حەوتوو وەك، ئالۆمینیۆمی هایدرۆكساید (Al. Hydroxide) یان گاستریژێل(Gastrigel) كە لە Al. Hydroxide و Mg. Tricilicate پێك هاتووە، یەك تا سێ حەب لە ڕۆژدا.

٩٠٪ی نەخۆشەكان بە ئەنتی ئەسید چاك دەبنەوە، بەڵام كە نەیان خوارد، ٨٠٪یان تووشی ئازار و برینەكە دەبنەوە یانی دەتوانین لە كاتی ئارام كردنەوەو چاك بوونەوە بە ئەنتی ئەسید، تا ٦ مانگ لە خواردنی بەردەوام بن تا بە ئێجگاری چاك دەبنەوە. دیارە نابێ لەبیرمان بچێ كە خواردنی ئەنتی ئەسید ئەگەری پێك هاتنی قەبزیشیی هەیە بۆیە لە كاتی تووش بوون بە قەبزی دەكرێ لە دەرمانی دژی قەبزی(بیزاكۆدیل) كەڵك وەرگیردرێ یان سەردانی دوكتورەكەت بكەیتەوەو پێی ڕابگەیەنی كە تووشی حاڵەتێكی لەوجۆرە بوویت.

٢) ئەگەر نەخۆش تەنیا بە ئەنتی ئەسید چاك نەبوو، ئەوە دەكرێ لە دەرمانی دیكەی وەك، تاگامێت نیو كاتژمێر بەرلە خواردن دوو جار لە ڕۆژدا واتە، بەیانیان حەبێكی 400mg و شەوانەش حەبێكی دیكە بۆ ماوەی چوار حەوتوو كەڵك وەرگرێ. هەر وەك پێشتر گوتمان تاگامێت بۆ پیاوان كاریگەری خراپ لە سەر سێكسییان دادەنێ بۆیە زۆر خواردنی بە باش نازاندرێ بەڵام بۆ ماوەیەكی كورت



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش بە ئیزنی دوکتور خراپ نیە. ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ ناچار بوون کە دەرمان بەکار بێنن ئەوکاتە دەکرێ بە جێگای ئەو دەرمانە لە ڕانیتیدین کەڵك وەرگرن. ئەویش دوو جار لە ڕۆژدا واتە، بەیانیان حەبێك و شەوانەش حەبێکی دیکە بۆ ماوەی ٤ تا ٦ حەوتوو هەندێ جاریش بۆ ماوەی سێ مانگ دەبێ بەردەوام بن لە خواردنی. دیارە زۆر جار دوکتور هەر دووك دەرمانی تاگامێت و ڕانیتیدین بە یەکەوە دەداتە نەخۆشەکە بۆ ماوەیەك کە پێکەوە بیخۆن بۆ زووتر سارێژبوونەوەی برینەکەیان.

٣) ئەگەریش بەو دەرمانانەی سەرەوە چاك نەبۆوە یانی قۆناغی دوای ئەوانە دەکرێ لە دەرمانی پیرێن زێپین (Pirenzepine)، دوو جار لە ڕۆژدا(5mgr x 2) بۆ ماوەی ٤ تا ٦ حەوتوو.

٤) هێندێك جار دەرمانی Sucralfate بۆ ٦ حەوتوو، گرامێك بەیانیان و گرامێکیش شەوانە(1gr x 2) دەدرێ بە نەخۆش، بەڵام کاتێك کە ئەم دەرمانە بدرێت نابێ لە ئەنتی ئەسید کەڵك وەرگیردرێ. دیارە دەرمانێکی سەرکەوتوویە بۆ برینە ئێسترێس(Ulcer stress)ەکان.

٥) ئۆمیپرازۆڵ(Omeprazole): ئەو کەسانەی کە برینی دوانزەگرێیان هەیە، حەبێکی 20mgr بۆ شەو و ڕۆژێك و بۆ ماوەی ٤ حەوتوو بەردەوام بێ لە خواردنی، بەڵام بۆ برینی گەدە ٨ حەوتوو بەردەوام بێ لە خواردنی. تا ئێستا یەکێك لەو دەرمانە سەرکەوتووانە بووە و بە بێ ڕەچەتەی پزیشك(نسخە دکتور)یش لە زۆر وڵاتەکان دا بۆ وێنە ئامریکا لە بازاڕ هەیە و هەموو کەسیش بۆی هەیە لە دەواخانەکان وەری گرێ و بەکاری بێنێ. دیارە ئێستا دەرمانێکی دیکە هەر لەو بنەماڵەیە دراوەتە بازارەوە بە نێوی لانسۆپرازۆڵ (Lansoprazole)، کە ئەویش خراپ نیە و بگرە لە ئۆمیپرازۆڵیش کارایی چاکتری هەیە.

٦) کەسانێك کە لە ئاکامی خواردنی حەبی ئەسپرین و NSAID تووشی برینی دوانزەگرێ بوون، دەتوانن لە مایزۆپرۆستۆڵ(Misoprostole)، هەر ٦ کاتژمێر حەبێکی ٢٠٠ میلی گرامی بەکار بێنن.

٧) زۆر جار لە فامۆتیدین(Famotidine) و مێترۆنیدازۆڵ(فلاژیل) و لیبراکس(Librax)یش بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ ڕۆژان کەڵك وەردەگرن.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر لە نموونەبەرداری(Biopsy) و ئیندۆسکۆپی یان هەر تاقیکردنەوەیەکی دیکە کە بۆ نەخۆش کراوە و دەری خستبوو کە نەخۆشەکە H.pylori هەیە، ئەم دەرمانانەی خوارەوەی بۆ بەکار دەبەن کە پێویستی بە حەوسەلەی زۆر و بەردەوام بوون لە خواردنیان بۆ ڕیشەکێش کردنی ئەو باکترییە هەیە. لە قۆناغی یەکەم دا، ئەو ٤ دەرمانەی خوارەوەی دەدرێتێ کە پێکەوە لە گەڵ خواردن بیانخوا.

الف) ئۆمیپرازۆڵی ٢٠ میلی گرامی، دوو جار لە ڕۆژدا(20mgr x 2).

ب) بیسمۆت(Bismuth)ی ١٢٠ میلی گرامی بۆ هەر ٦ کاتژمێر واتە، 120mgr x 4 لە ٢٤ کاتژمێردا. دیارە نابێ نەخۆشە گورچیلەیی‌یەکان و ژنانی دووگیان بەکاری بێنن.

ج) ئامۆکسی سیلین(Amoxicilline)، گرەمێك بەیانیان و گرەمێکیش شەوانە(1gr x 2).

د) مێترۆنیدازۆڵ Metronidazole(Flagyl)، ٥٠٠ میلی گرام بەیانیان و ٥٠٠ میلی گرامیش شەوانە( 500mgr x 2). دیارە هەر چوار دەرمانەکە بۆ ماوەی دوو حەوتوو دەبێ بەردەوام بە کار ببرێ.

*ئەگەر لە قۆناغی یەکەم دا باکترییەکە هێندێك ئاسەواری مابوو، خواردنی ئەم دەرمانانەی خوارەوە بۆ ماوەی ٢ حەوتووی دیکە زۆر باشن بۆ لەنێوبردنی یەکجارەکی:*

الف) ئۆمیپرازۆڵی ٢٠ میلی گرامی، دوو جار لە ڕۆژدا(20mgr x 2).

ب) بیسمۆت(Bismuth)ی ١٢٠ میلی گرامی بۆ هەر ٦ کاتژمێر واتە، 120mgr x 4 لە ٢٤ کاتژمێردا.

ج) تتراسایکلین(Tetracycline)، گرامێك بەیانیان و گرەمێکیش شەوانە(1gr x 2).

دیارە هاتووە کە ئەو دەرمانە دەبێ بە مێعدەی بەتاڵ بخورێن باشترە وەك بەرکە خواردن، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لەنێوبردنی باکترییەکە دادەنێ. زۆر دوکتوریش پێشنیار دەکەن کە لە گەڵ دەرمانەکانی دیکە پێکەوە لە گەڵ خواردن بەکار ببرێ باشترە کەواتە، دوکتور چۆنی پێ باشتر بوو هەروا بەکار ببرێ.

د) کلاریتومایسین(Clarythomycine)، ٥٠٠ میلی گرام بەیانیان و ٥٠٠ میلی گرامیش شەوانە(500mgr x 2).

**تێ بینی:**

١: دیارە لە کاتی خواردنی ئەو دەرمانانەدا ئەگەر تووشی ئەم حاڵەتانەی وەك، ڕەش هەڵگەڕانی زمان، ڕەش بوونی پیسایی، حاڵەتی ڕشانەوە و هەست بە تامێکی ناخۆشی نێو دەم بوون، شتێکی سروشتیيە و دەبێ خۆڕاگرن تا کاتی تەواو بوونیان، بەڵام ئەگەر تووشی ئەم حاڵەتانەی وەك، بەرزبوونەوەی تای لەش، پەیدابوونی پەڵەی سەر پێست، زەحیری و تەنانەت زگ چوونی خوێناوی و ڕشانەوەی بەردەوام بوون، دەبێ دەست بەجێ دەرمانەکە ڕابگرن و سەردانی دوکتورەکەتان بکەنەوە.

٢: دیارە هێندێك لە دوکتورەکان لە پێدانی دەرمانەکان دا جیاوازیيان هەیە بۆ وێنە، دەرمانەکانی وەك، (بیسمۆت، فلاژیل و تتراسایکلین)، یان (بیسمۆت، فلاژیل و ئامۆکسیل)، یان (ئۆمیپرازۆڵ، ئامۆکسیل و فلاژیل). بەڵام ئەو دەرمانانەی سەرەوە زانستی ترن و تاقیکردنەوەی نوێشیان لەسەر کراوە و ئاکامی خراپی نەبووەو بگرە زۆرێك لە نەخۆشەکانیش پێی چاك بوونەتەوە و کەڵکی باشیان لێوەرگرتووە، ئەم جۆرە دەرمان پێدانە ئێستا لە ئێران دا بۆتە باو و دوکتورەکان زیاتر لەم یاسایە پێڕەوی دەکەن و دەکرێ بڵێین کردوویانەتە ڕێسایەك بۆ نەخۆشەکانیان.

***سەرچاوەکان:***

١: نشریه پزشکی " درد " شماره :١١

٢: برۆشۆری(کاتالۆگ) هێندێك لە دەرمانە سازکراوەکانی ئێران لە گەڵ هێندێك جوزوەی دەرمانی دیکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# وەرزشی



## لە پشووی هاوین دا بێکار دامەنیشن و هۆش و زیرەکی خۆتان بەکار بێنن

وە: سۆران حسێن

شوێنێك كە پێی خۆشە یەكێك لە لاپەڕەكانی هەڵبژێرێ. لە مێشكی خۆی دا رای بگرێ. لەنێوان ٩ خەتی یەكەم دا لەو لاپەڕەیە (لە سەرەوە بۆ خوارەوە) خەتێك هەڵبژێرێ و لەو خەتەی دا وشەیەك هەڵبژێرێ، بەڵام دەبێ لەنێوان وشەی یەكەم تاوەكوو نۆیەم بێت. دواتر ئەو وشەیە (بێ ئەوەی ئەۆ بزانی) لەگەڵ رەقەمی خەت و رەقەمی لاپەڕەكە لەسەر كاغەزەكە بنووسێت و پێشانی ئەوكەسانەی بدات كە لەوێن. لەوماوەیەدا تۆ دەتوانی لە ژوورەكە بچیتە دەرێ، دواتر پێیان بڵێیت كە (غیب زانی) ت هەیە و دەتوانی وشەی كە دەیانهەوێ پێیان بڵێت بۆ ئەو كارە پێویستە ئەو تاقی كردنەوەیە بكەیت.

١ـ رەقەمی لاپەڕەكەی جاران ٢ بكات.
٢ـ ئەنجامەكەی پێنج بەرابەر بكات.
٣ـ ژمارە ٢٠ ی پێوە زیاد بكات.
٤ـ رەقەمی دێڕەكانی پێوە زیاد بكات.
٥ـ ژمارە ٥ ی پێوە زیاد بكات.
٦ـ پاشان ئەنجامەكەی جاران ١٠ دەكەین.



پێشبینی كردن بە كتێب:

لە یەكێك لە هاورێكانی خۆت داوا بكە كتێبێك هەڵبژێرێت، هیچ جیاوازی نیە چ كتێبێك هەڵدەبژێرێت، دواتر داوای لێ بكەن كە ئەو كتێبە (بێ ئەوەی كە بهێڵێت چاوی لێ بكەی) لە هەر



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



٧ـ پاشان (ژمارەی وشەی دڵخواز) لە هەر خەتێك دابێت پێوەی زیاد دەکەین.

٨ـ دواتر ژمارەی ٢٥٠ لێ کەم بکاتەوەو ئەنجامی کۆتاییت پێ بڵێت.

پاشان دوای تەواو بوونی ئەو کارانە کتێبەکەی لێ وەربگرەو ئەنجامی کۆتایی پێ بڵێ. با وادابنێین ڕەقەمی کۆتایی (١٠١٧٥)ە. لەرووی ئەوژمارەیەوە (بە ریز لەلای ڕاست بۆلای چەپ) دەتوانین بڵێین کە ژمارەی وشەکە ٥و ژمارەی خەتەکە ٧و ژمارەی لاپەڕە (١٠١)ە.

با وادبنێین هاورێکەتان لاپەڕە ١٠٠ی کتێبەکەی کردۆتەوە لە خەتی نۆیەمی ئەوکتێبە وشەی (دادوەری) هەڵبژارد لە ڕەستەی (ئێمە دەبێ هەموو بۆ دادوەری لە جیهان دا تێ بکۆشین).

کەواتە بەو شێوەیە دەبێتە، لاپەڕە ١٠٠، خەتی ٩، وشەی ٥، بەو تاقی کردنەوەیەی سەرەوە کە وتوومانە، ئەنجام دەکاتە:

١٠٠ × ٢ = ٢٠٠ (ڕەقەمی لاپەڕە)

٢٠٠ × ٥= ١٠٠٠

١٠٠٠ + ٢٠ = ١٠٢٠

١٠٢٠ + ٩ = ١٠٢٩ (ڕەقەمی خەت).

١٠٢٩ + ٥ = ١٠٣٤

١٠٣٤ × ١٠ = ١٠٣٤٠

١٠٣٤٠ + ٥ = ١٠٣٤٥ ڕەقەمی وشەکە

١٠٣٤٥ — ٢٥٠ = ١٠٠٩٥

بەو شێوەیە بۆتان دەردەکەوی کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ ٥ ژمارەی وشە، ٩ ژمارەی خەت، ١٠٠ ژمارەی لاپەڕە، دەبێت باشترە کاتێك کتێبەکەی لەدەست وەردەگری، بەجێگای ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی بڵێیت: ئەو وشەیەی کە تۆ دەتهەوێ لە لاپەڕە ١٠٠، نۆیەم خەت، پێنجەم وشەیە، کتێبەکە بکەیتەوەو لاپەڕە ١٠٠، نۆیەم خەت، پێنجەم وشە سەیر بکەیو کە وشەی (دادوەری یە) بە دەنگێکی بڵند بیڵێیت. ئەو کات هەموو لە پێشبینیەکەی تۆ سەیریان دەسووڕێ.

ئێوەش تاقی بکەنەوە چەند جارێك تاوەکوو لێ دادێنو دەتوانن یاری بە کتێب بکەن.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# "وەرزش کاریگەرە لەسەر بوێری کچان"




و: سۆران حەسەن

توێژینەوەیەکی نوێ کە لەلایەن دەستەیەك لە توێژەرانی نیوزلەندی ئەنجام دراوە، هێما بە بوێری ئافرەتو پێوەندی وەرزش دەکاتو تێیدا هاتوە دەڵێت لەتەمەنی منداڵیدا تا دەگاتە هەرزەکاری وەرزش گرنگە بۆ تاکەکان بەتایبەتی منداڵانی مێینە، چوونکە دەرکەوتووە کە ئەو کچانەی لە تەمەنی منداڵیدا تا تەمەنی هەرزەکاری وەرزشیان ئەنجام نەداوە تووشی جۆرە ترسێك بوونەتەوە، ئەم توێژینەوەیە بە یەکێك لە توێژینەوە درێژخایەنەکان دادەنرێتو کە لەسەر ١٠٧٣ منداڵ لەکاتی شیرەخۆرەییەوە لە ناوچەی (دیندن) لە نیوزلەند لە نیسانی ١٩٧٢ بە ئەنجام گەیەندراوەو بەرەوام بووە تا ئێستا، توێژینەوەکان بە یاریدەی بەخێوکەرو دایكو باوکانەوە زانیاری درووستیان دەربارەی ئەم توێژینەوەیە کۆکردۆتەوە، بە چاوەدێری کردنێکی ورد بۆ رەفتاری منداڵان، کە گەیشتوونەتە تەمەنی جیاواز لە (١١/٩/٧/٥)ساڵی دواتر کە توێژینەوە بەردەوام بووە. توس لای منداڵانی هەر دوو رەگەز بەتایبەتی کچان نامێنێت ئەگەر هەفتانە بەشێوەیەکی رێکخراو (٣) جار وەرزش ئەنجام بدەن، لە تەمەنی (٥ ـ ١١) ساڵی هەروەها دەڵێت لە تەمەنی هەرزەییدا وەرزش وادەکات سیفەتی ئەرێنییانەی تایبەتی بە ئازایەتیو رووبەروو بوونەوەی بەبێ ترس لای کچان گەڵاڵە ببێت، لە هەمان کات داو ئەو کەسانەی لە تەمەنی منداڵی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەرزش ئەنجام نادەن یا خود بێبەش دەکرێن لە وەرزش وایان لێ دێ تووشی ترس‌و دڵە راوکێ بن‌و دوورەپەرێز بن‌و لە چالاکی نواندن دوور بکەونەوە، (دکتور ریشی بۆلتون) و (دکتۆر باری میلن) ی بەپرس لە تیمی توێژینەوەکە دەڵێن،ئەوانەی کە لە تەمەنی منداڵیدا وەرزشیان نەکردووە، ئەوکاتەی کە دەگەنە تەمەنی ٢٦ ساڵ بەرەو سەرەوە جەستەیان خاو دەبێت‌و حەز بە وەرزش ناکەن، کە وەرزش گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ تەندرووستی‌و ساغ مانەوەی خوێنبەرو خوێن هێنەرەکانی دڵ، بۆیە دەڵێن پێویستە دایکان‌و باوکان بە بەردەوامی هەوڵ بدەن منداڵەکانیان رابێنن بۆ ئەوەی وەرزش ئەنجام بدەن‌وهەوڵ بدەن کچانیش وەکوو کوڕان بەشداری وەرزش بکەن. هیچ کاتێك با لە پێکان‌و ئازار نەترسێن، چوونکە وەرزشی منداڵی بەپێی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کاریگەرەلەسەر بوێری ئافرەتان‌و کچان‌و هەر کچێك وەرزشی ئەنجام دابێ، لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ژیان دا بوێرو ئازا دەمێنێتە...





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کارو چالاکی



## پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی نەورۆزوساڵی تازەوە

**خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان!**

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

ئەمڕۆ دوایین ڕۆژی وەرزی زستانو دوایین ڕۆژی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوییە. ڕۆژی ماڵاوایی لە ساڵی ڕابردوو و بەخێرهێنانی ساڵی داهاتووە، بەو هیوایەی ساڵی داهاتوو پڕ خێرو بەرەکەت بێتو بێ! جێژنی نەورۆز وەك جێژنێکی نەتەوەیی هەموو ساڵێك لە لایەن نەتەوەی کوردەوە بەرزو پیرۆز ڕاگیراوەو بە شێوەیەکی جوان بەڕێوە چووە. لە جێژنی نەورۆز دا نەتەوەی کورد بە گشتیی هەست بە خۆشیو دڵشادی دەکەنو بە ئەرکی خۆیانی دەزانن جێژنە پیرۆزە لە یەکتر بکەن!

ئەمساڵ لە کاتێکدا جێژنی نەورۆز دەگرین کە لە ساڵی ڕابردوو دا دەیانو سەدان ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرو ڕووناکبیرو خەڵکی بێ تاوان لە وڵاتەکەمان دا بە هۆی ڕێژیمی ئاخوندیەوە دەچەوسێنەوەو لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەش کراون. هەر لە ساڵی ڕابردوو دا شاهیدی دەیان ڕووناکبیرو خوێندکاری ژیریو وڵاتەکەمان بووین.

لە کاتێك دا جێژنی نەورۆز لە ئێرانو لە کوردستان بەڕێوە دەچێ کە لە لایەك کۆڵەکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کات لەرزۆکتر بووەو فشاری نێودەوڵەتی لە سەر وڵاتی ئێران لە جاران زیاتر بووە، لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم بۆ مانەوەو خۆ بەهێزکردنی خۆی لە هیچ کارێکی نامرۆڤانەو دژی شارستانییانە خۆی ناپارێزیو لە هیچ فشارێك سڵ ناکاتەوە. جێی خۆیەتی لێرەوە بڵێین تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئازادیخوازانو هاونیشتمانە شۆڕشگێڕەکانمان بەڵێن نوێ دەکەینەوە بە هەموو توانامانەوە لە خزمەت بەرەو پێشچوونی ئەو ئامانجە پیرۆزانە تێبکۆشینو هەوڵ بدەین وێڕای شۆڕشگێڕانو ئازادیخوازان پشتیوانی لە دەنگی حەق بێژیان بکەین.

وەك هەموو لایەك ئاگادارین جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ بۆ بەشێکی زۆر لە ئازادیخوازانو شۆڕشگێڕانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك جێژنێکی دوو جێژنە چاوی لێدەکرێ. جێژنی نەورۆز لە لایەكو جێژنی کۆتاییهاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە خۆشیو شادییەکی زۆری خستۆتە بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانەکانمانەوە.جارێکی دیکەش لە لایەن یەکیەتیی لاونی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ بە بۆنەی هەر دوو جێژنەوە سەرەتا پیرۆزبایی لە هەموو نەتەوەی کوردو پاشان لە هەموو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین. بەو ئاواتەی بتوانین لە ساڵەکانی داهاتوو دا لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ دا جێژنو بۆنە نەتەوەییەکان بەرزو پیرۆز ڕابگرینو ئاواتەخوازین ساڵی داهاتوو ببێتە ساڵی ئازادیو سەرکەوتنو ساڵی گەیشتن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**کومیتەی بەڕێوەبەری گشتیی**

**١٣٨٧/١/١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

# بۆ کرنگرەی ١٤ی "حدك"




**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**خەباتگێران، تێکۆشەران، رێبوارانی رێگای ئازادیو مافی نەتەوایەتی!**

شانازیو مایەی دڵخۆشیو جێی هومێدە کە بە مەبەستی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێك لە بەوەفاترینو بەوەجترینو کاریگەرترین ئەندامانی ئەو حیزبە لێرە کۆبوونەتەوە. لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

ئاوڕ لە مێژووی چەندین ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە، دەردەکەویٚ ئەو حیزبە لە هەموو قۆناغەکاندا گرینگی تایبەتی بە لاوان داوەو هەمیشە وەك بەشێکی دانەبڕاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لاوانو یەکیەتیی لاوان کراوە. بەڵام هەر وەك چاوەڕوان دەکریٚو وەك هەمووان دەزانین لە کۆنگرەی چواردەهەم دا بەشداری لاوانو گرینگی دان بە لاوان شتێکی بیٚ وێنەو جێی سەرنجو دڵخۆشی هەمووانە. لەو پێوەندی یەدا خۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕینو بەڵێن نویٚ دەکەینەوە وەك هەمیشە شان بە شانی حیزبی دێموکرات تێبکۆشینو هەموو توانای خۆمان بۆ ئەو مەبەستە بخەینە گەڕ.

یەکیەتیی لاوان بەشانازییەوە رادەگەیەنیٚ وەك هەمیشە لە پێناو دەستەبەرکردنی رزگاری نەتەوەیيو بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ئاشتیو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی پشتیوانی خۆی لە خەباتی رەوای گەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەردەبڕێ.

هیوادارین کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێتە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و وەڵامدەرو پڕ دەسکەوت. چاوەڕوانین ئەو کۆنگرەیە ببێتە نوختە گۆڕانێك لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنگرەیەك کە لەودا گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان بێنە دیو هیوادارین کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردەمیترینو لەبارترین بیرۆکەو ئامانج لە ڕێبازیو هەوڵەکانی داهاتووی دا بگونجێنێ.

جارێکی دیکەش بە بۆنەی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێینو هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد.**


**سەرکەوێ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**

**یەکیەتییی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**ڕەشەممەی ١٣٨٦**

# پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی 10ی خاکەلێوە



**درێژەدەرانی ڕێبازی شەهیدان:**

**بنەماڵەی بەڕێزوکەس و کاری شەهیدان:**

هەروەك دەزانین ٦١ ساڵ پێش ئێستا پێشەوا قازی محەممەد سەرۆك کۆماری کوردستان بە فەرمانی حەمەرەزاشای پەهلەوی لە گەڵ هاوڕێکانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران. ڕێژیمی حەمەرەزاشای پەهلەوی پێی وابوو کە بە لەسێدارەدانی سەروك کۆمارو هاوڕێکانی، دەنگی هەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کپ دەکات و کەس ناتوانێ باسی ماف و ئازادیەکانی بکات، بەڵاَم بە پێچەوانەوە ڕۆڵەکانی گەلی کورد سەلماندیان کە ڕێگای پێشەواو هاوڕێکانی بەردەوامەو خەبات بۆ وەدەیهێنانی ئازادی و دیمۆکراسی درێژەی هەیە.هەر لەم ڕۆژەدا کەبە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەکرێتەوە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری ڕێزو نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانمان پێشەواقازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، و دوکتور سادق شەرەفکەندی دادەنوێنێ و بەڵێن و پەیمان نوێ دەکاتەوە تا وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیدان درێژەدەری ڕێبازیان بێت.

**سلاَو لە گیانی شەهیدە سەربەرزەکان**

**نەمری بۆ شەهیدانی کوردوکوردستان**

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕوژهەلاتی کوردستان**

**کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یاد کردنەوەی هەڵەبجە لە دەرەوەی وڵات





مەیدانی سێرگل کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵم پڕ لە خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستانو دەیان کەسی سویدی دۆستی کوردو ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی پێکهێنەری ئەم مەراسیمە بوو، چالاکی‌یەکانی لاوانی کورد بە سێ شێوە هاوکات بەڕێوە دەچوون لە لایەك پێشانگایەکی وێنەی قوربانی‌یانی هەڵەبجە کرابۆوە، لە لایەکی دیکەوە فیلمێکی دۆکیومێنتاری سەبارەت بە هەڵەبجەو ئەنفال نیشان دەدراو چەندین لاویش ئیمزایان کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی هەڵەبجە بە ڕۆژێکی جینۆساید لە دنیا دا بناسرێو کۆمەڵگای نەتەوەیی چیدیکە لەو بارەیەوە کەمتر خەمی نەکا، پێویستە بگوترێ هاوکاتیش فرۆکەیەك بە ئاسمانی شاری ستۆکهۆڵمو ئەو مەیدانە دا دەسوورایەوە کە نووسراوەیەکی گەورەی بە خەتی سوور بەدوای خۆی دا رادەکێشا "با هەرگیز هەڵەبجە دووبارە نەبێتەوە، نا بۆ کۆمەڵکوژی لە کوردستان" پاشان ٥٠٠٠ مۆم بۆ یادی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە داگیرسان، شایانی باسە دەیان کەس لە دانانو داگیرساندنی مۆمەکان دا بەشدار بوونو لە نێو بەشداران دا مونا سالین سەرۆکی حیزبی سۆسیال دێموکراتەکانو نوێنەرانی چەند پارتو ڕێکخراوی دیکە سوئێدی دەبینران. پاشان بەشداربووان بەرەو سالۆنی کەنیسەی فیلادێلفیا کەوتنە ڕێ لە وێ چەند هونەرمەندێکی کورد بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ویمەین ئەیدو بە هاوکاری تۆڕی ڕێکخراوەکانی لاوان کۆنسێرتێکیان ئامادە کردبوو بە بەشداری هونەرمەندان: دارین زانیار، لەیلا فەریقی، هانا هۆڵگێرشۆن، تارا ڕەسووڵ، جەلال نەقشبەندی، ڕۆژ کەریم، ئێلینا وێترۆند، فەریبورز فەخاریو سۆزانا بەرمانی، شایانی باسە لە کاتی بەڕێوە چوونی ئەم مەراسیمە دا ٥٠٠ سیدی تایبەت بە تاوانەکانی ئەنفالو هەڵەبجە بڵاو کرانەوە کە لە لایەن تۆڕی ڕێکخراوەکانی کوردەوە ئامادە کرابوون.

ڕێکخراوەکانی لاوانی کورد پێك هاتبوون لە:

کۆما جوانێن کورد
کۆمەڵەی خوێندکارانو ئاکادێمیانی کوردستان/ لینشۆپینگ
کۆمەڵەی خوێندکارانو ئاکادێمیانی کوردستان/ ئوپسالا
کۆمەڵەی خوێندکارانو ئاکادێمیانی کوردستان/ ئۆرە برو
کۆمەڵەی خوێندکارانو ئاکادێمیانی کوردستان/ ستۆکهۆڵم
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
یەکیەتیی لاوانی کورد لە سوئید
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان
لاوانی کورد UNGKURD
ئێمەی کورد WEKURD



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوە چوونی یەکەم کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا





ساعات دووی پاش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٧ ی رێبەندان، بۆ یەکەم جار لە شاری بێرمینگام کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیبو دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بە بەشداری بەشێك لە لاوانی نیشتەجێ لە بریتانیا دەستی بە کار کرد.

دواتر داوا لە بەڕێز کاك محەمەد میراوەیی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیاو ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات کرا کە کۆنفرانس بکاتەوە، بەڕێزیان ئاماژەی بە ئەرك‌و رۆڵی لاوان لە رەوتی خەباتی رەوای گەلەکەمان دا کردو بە چەند تێبینی‌و پێشنیار کۆنفرانسەکەی دەوڵەمەند کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانس خواست.

دواتر پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی لە کوردستان کە بۆ کۆنفرانس ناردرابوو لە لایەن هاوڕێ رەحیم دەستیار خوێندرایەوە پاشان هاوڕێ سیامەند ئالانی باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی یەکیەتیی لاوان لە رابردووو ئەرکەکانمان‌و میکانیزمی تێکۆشانمان لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانس دا هاوڕێ رێبوار قادرزادە ئەندامی پێشووی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی روونکرنەوەیەکی لە سەر ئاڵوگۆڕ لە پێڕەوی نێوخۆ و نێو ئارام‌و ناوی یەکیەتیی لاوان پێشکەش کرد دواتر بەشداربووان بە راو بۆچوونەکانیان کۆنفرانسیان دەوڵەمەند کرد دوایین بەشی کاری کۆنفرانس دیاری کرابوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کە لە کەش‌و هەوایەکی دۆستانەو دێموکراتیك دا ئەو هاوڕێیانە وەك ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردران.

سیامەند ئالانی، سەباح رەحمانی، رەحیم دەستیار، رێبوار قادرزادە، هەژار کەسرایی، شایانی باسە کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە کۆبوونەوەی خۆی دا هاوڕێ سیامەند ئالانی وەك بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری بریتانیا دیاری کرد، شایانی باسە هاوڕێیان سیامەند ئالانی‌و شاهین مەجرومی بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی گشتیی ئورووپا هەڵبژێردران.

دوای چەند ساعەت کاری بەردەوام کۆنفرانس لە کەشێکی دۆستانەو چاوی پڕ لە هیوا بە داهاتوو کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان ـ بریتانیا**

**٢٧ ی رێبەندانی ١٣٨٦ ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێكهێنانی شەوە شێعرێك لە ژێر ناوی

# ئێوارەی نەورۆز

سـەر لـە ئێـوارەی رۆژی یەكشـەممە ٢٠٠٨ /٣/٣٠ كاتژمێر ٥:٣٠ خولـەك لـە لایـەن بەشـی ئامووزشـی یەكیـەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستانەوە شەوە شێعرێك لـە ژێـر ناوی "ئێوارەی نەورۆز" دا بـۆ سـێ شـاعیری خۆشەویسـتی نـاو شۆڕش بەڕێزان مامۆستا عاشق، مامۆستا بێبەش‌و كاك رەسـووڵ سوڵتانی لە یـەكێك لـە سـاڵۆنەكانی نزیـك بەڕێوەبـەری گشـتیی یەكیەتیی لاوان پێك هات.

شایانی باسە كۆڕە شێعرەكە كـە پـتر لـە ١:٣٠ دەقـەی خایانـدو بەشداربووانی لە كەشێكی پڕ لە خۆشی دا كۆتاییـان بـە كۆڕەكـە هێنا.





# "مەڕاسمی ڤالێنتاین لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە"

لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٤ واتە ١٣٨٦/١١/٢٦ دا کە ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی‌یە و بە ڕۆژی ڤالێنتاین ناسراوە، یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەڕاسمێکی خنجیلانەی بەو بۆنەیەوە پێك هێنا. لە سەرەتای مەڕاسمەکەدا لە لایەن بەڕێوەبەریی بەرنامە خاتوو گزینگ نوورانی‌یەوە بەخێرهاتنی هەموو بەشداربووانی لەو مەڕاسمەدا کرا و هەروەها لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەی لە هەموو عاشقانی وڵاتەکەمان کرد. دواتر بە کۆمەڵێك شێعری لاوی شاعیر و عاشق **کاوە حوسێن** کرایەوە



کۆڕێکی شێعر هەر بەو بۆنەوە لە ژێر ناوی **"ئێوارەیەك بۆ خۆشەویستی"** ئامادەکرا بوو پێشکەش کرا و بەو شێعرانە مەڕاسمەکە زیاتر ڕازێندرایەوە و ئامادەبووانی مەڕاسمەکە بە گوێی دڵ گوێیان بۆ شێعرەکانی بەڕێزی ڕاگرت. شێعرەکانی شاعیر کاوە حوسێن هەستێکی تایبەتیی و پڕ لە خۆشەویستییان تێدا بوو کە چەندین جار ئامادەبووانی تووشی هەژان و خۆشی کرد.

دوای پێشکەش کردنی شێعرەکانی بەڕێزیان داوا لە بەڕێز سمایل زارعی کرا کە بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی و هەروەها لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە چەپکێك گوڵ پێشکەش بە شاعیری لاو بکرێ کە ئەم بەشە لە مەڕاسمەکەش هەر لە ناو چەپڵە و خۆشی بەشداربوواندا بەڕێوەچوو. بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی مەڕاسمەکە بریتیی بوو لە هەڵپەڕکێیەکی جوانی گرووپی منداڵان کە جوانی و خۆشی‌یەکی تایبەتی بە ئامادەبووانی ناو مەڕاسمەکە بەخشی و لە ناو خۆشی و چەپڵەی ئامادەبوواندا چەند هەڵپەڕکێیەکی جوانی خۆیان پێشکەش کرد. دوایین بڕگەی مەڕاسمەکە بە گۆرانی‌یەکانی فەرهاد ساڵحی زیاتر ڕازێندرایەوە و لەو بەشەدا کچان و کوڕانی ئەویندار دەست لە ناو دەست گەڕی هەڵپەڕکێیان گرت و تا ماوەیەکی زۆر هەڵپەڕین. لە کاتی هەڵپەڕین و خۆشی‌دا لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە چەند گوڵێکی سوور وەك سەمبوول پێشکەش بە لاوانی ئەویندار کرا و بەم شێوەیە مەڕاسمی ڤالێنتاین کۆتایی پێ هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی گەرمیان

لە ماوەی چەند مانگی رابردوو هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان لە سەردان بۆ چەندین ڕێکخراوی باشووری کوردستان لە ناوچەی گەرمیان بە سەرپەرشتی ئایەت مۆرادیفەر ئەندامی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکەمان و هەروەها چیمەن مەنێش ئەندامی راوێژکاری بەڕێوەبەریی سەردانی چەندین ڕێکخراوی ئەو ناوچەیان کرد کە بە گشتیی مەبەست لەو سەردانانە باسکردنی پێوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوەکان و درووستکردنی جۆرێك هاوپێوەندی و دۆستایی و پشتیوانی بۆ کۆمیتەکانی ئەو ناچەیە بوون. کە بەو بریتی بوون لە:

١) ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨٦/١٢/٤ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٢٣ هەیئەتێکی کومیتەی بەڕێوەبەری کە پێکهاتبوو لە بەرێز ئایەت موڕادی فەر و خاتوو چیمەن مەنش ئەندامی موشاویری کومیتەی بەڕێوەبەری، هادی مەنش بەرپرسی گشتیی کومیتەی لاوان لە شێرەوەن، بورهان فتحی زەهاوی ئەندامی چالاکی ڕێکخراوی لاوان لە شێرەوەن سەردانی لقی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان لە خانەقین کرد کە لەلایەن کاك سۆران بەرپرسی لق، چنوور محەمەد عەبدوڵڵا کارگێری لق، رەمەزان محەمەد حسێن کارگێری لق، رهێڵ خەلیل رەشید کارگێری لق، حەیدەر جەماڵ غوڵام ئەندامی لق پێشوازی‌یەکی گەرمیان لە هەیئەتی کومیتەی یەکیەتی لاوانی









دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان كرد.

٢) رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٨٦/١٢/٥ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٢٤ هەیئەتێكی كومیسیۆنی تەشكیلاتی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان كە پێكهاتبوو لە بەرێز ئایەت مورادی فەرو كوردستان حەمزە زەهاویی بەرپرسی كومیتەی كەلار سەباح زۆرنژاد ئەندامی چالاكی رێكخراو سەردانی رێكخراوی سولیداریتی خوێندكاران لە كەلاریان كردلە لایەن بەڕێز دیاری ئەسعەد محمود بەرپرسی رێكخراو پێشوازییەكی گەرمیان لە هەیئەتی لاوان كرد.

٣) رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٨٦/١٢/٧ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/26 هەیئەتێكی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان كە پێكهاتبوو لە بەرێز ئایەت مورادی فەر و هادی مەنش بەرپرسی كومیتەی لاوان لە شێرەوەن سەردانی لقێكی رێكخراوی رابونی خوێندكارو لاوانی كوردستان لە كەلاریان كردو لە لایەن بەرێزان رزگار مەحموود مەنسوور بەرپرسی لق هێمن رەئوف سەعید، ئەركان حەسەن ئەحمەد، سەردار عادلٚ حەسەن، پێشوازیان لە هەیئەتی كومیسیۆنی تەشكیلاتی لاوان كرد مەبەست لە سەردانی رێكخراو ئاشنا كردنی كومیتەكانی كەلارو شێرەوەن بە رێكخراوەكانو هاوكاری هاونزیك بوونەوە بۆ كارە پێوەندیدارەكان بوو.

٤) رۆژی شەممە رێكەوتی ٨٦/١٢/٤ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٢٣ هەیئەتێكی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان سەردانی لقی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستانی لە خانەقین كرد بەرپرسانو كارگێرانی لق وێرای بەخێرهاتنی هەیئەتی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ هاتنی هەیئەتی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتوكوردستانو پێشوازیو ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ پێوەندییەكی دۆستانەی هەردوو رێكخراو.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





٥) رۆژی شەممە رێکەوتی ٨٦/١٢/٤ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٢٣ هەیئەتێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی لقی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان لە خانەقین کرد کە لە لایەن کاك ستار محیەدین باپیر بەرپرسی رێکخراو کاك تەها کارگێری رێکخراو پێشوازیەکی گەرمیان لە هەیئەتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کردو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی کاك ستار وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتی لاوانو ئامادەیی خۆیانی نیشان دا بۆ هەموو هاوکاریەك دواتر ئایەت موراد فەر سپاسی لە ناوبراو کردو ئاوڕێکی وردی لە سەر مەسەلە پێوەندیدارەکان بە لاوانو رێکخراوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانو کومیتەکانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان کرا کە هەر لەو پێوەندیەدا داوای هاوکاری زیاتر لە هەیئەتی لایەنی بەرامبەر کرا.

٦) لە رێکەوتی ٨٦/١٢/٤ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٢٣ هەیئەتێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان ئایەت موراد فەر و چیمەن مەنش موشاویری کومیتەی بەرێوەبەری هادی مەنش بەرپرسی کومیتەی لاوان لە شێرەوەن بورهان فتی زەهاوی ئەندامی چالاکی رێکخراو لە شێرەوەن سەردانی لقی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان لە خانەقین کردو لە لایەن ئاراز حەمزە عەلی بەرپرسی لق بێهزاد ئیسماعیل شەوکەت کارگێری لق ئیسماعیل خەلیل ئیبراهیم کارگێری لق، محەمەد شاکر مهدی، رەنجدەر عەلی مەحموود، کاروان ئیبراهیم، رێبەند هادی، پێشوازییەکیان لە هەیئەتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

٧) رێکەوتی ٨٦/١٢/٣ بە مەبەستی سەردان لە کومیتەکانی شێرەوەن، کەلار، ئەحمەد قادر، باریکەو هەروەها پێوەندی کومیتەکان لەگەڵ رێکخراوەکانی باشووری کوردستان هەیئەتی کومیسیۆنی تەشکیلات بەرێز ئایەت موراد فەر بۆ ئەو مەبەستە لە مەئموورییەتێکی چەند رۆژە دا بۆ ناوچەکانی گەرمیان سەردانی کرد کە هەر لەو ماوەیە دا چاوی بە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی لاوان کەوتو کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی لاوان پێك هێنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org